# لۆرکا

# سێ تراژیدی

یەرما

ماڵی بەرناردائەلبا    مرۆڤی بۆش





عەزیز گەردی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

بە یارمەتی ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە

٤٨ ٨٢٢
٣٢٦ ل
٨٦٠٢
٩٣٤٨ل

# لۆركا

# سێ تراژیدی

عەزیزگەردی

لە ئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی

بە یارمەتی ئەمانەتی کشتی رۆشنبیری و لاوان چاپ کراوە

چاپخانەی سەلما - بەغدا - ١٩٨٤

١٧/١٢

Scanned with CamScanner

# لـوركا

# ثـلاث مـآسي

## ترجمها من الانكليزية الى الكردية

## عـزيـز گـردي

□ چاپی یەکەم ١٩٨٤

□ ٣٠٠٠ دانه .

□ هیچ کەسێ یان لایەنێ هەقی نیەبێ پرسی وەرگێر دەقی ئەم وەرگێرانـه بباته سەر شـانۆ . — وەرگێر —

□ ئەم کتێبە لە سەرەتاوە بریتی بوو لە سێ تراژیدی (زەماوەندی خوێن ، یەرما ، ماڵی بەرناردا ئەلبا) بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی (زەماوەندی خوێن) م لاداو (مرۆڤی بوش)م خستە سەر کە بریتیە لە تراژیکومیدیـەك

— وەرگێر —

# پەرما

داستانێکی تراژیدیە
لە سێ بەش وشەش پەردەدا
١٩٣٤



Scanned with CamScanner

کەسەکان

یەرما

ماریە

خوان

ڤکتۆر

پیرەژنی وەسەنی

دولۆرز

کێژکەری یەکەم

کێژکەری دوەم

کێژکەری سێیەم

کێژکەری چوارەم

کێژکەری پێنجەم

کێژکەری شەشەم

کچی یەکەم

کچی دوەم

دەمامکێکی مێینە

دەمامکێکی نێرینە

دشی یەکەم

دشی دوەم

ژنی یەکەم

ژنی دوەم

منداڵێک

پیاوی یەکەم

پیاوی دوەم

پیاوی سێیەم •

Scanned with CamScanner

# بەشی یەکەم

## پەردەی یەکەم

( کە پەردە هەڵدەدرێتەوە یەرما نووستوەو زەمبیلەیەکی کەرەستەی نەخشسازی لەبەر پێدایە • شانۆ لە ڕوناکی خەونێکی خۆش دایە ) •

( شوانێك لەسەر پەنجەی پێ دەڕوا ، دێتە ژوورەوەو لە یەرما ڕادەمێنێ • دەستی منداڵێکی بەرك سپی ڕادەکێشێ • سەعات لێدەدا • کە شوانەکە دەڕوا ڕوناکیەکە دەبێ بە کەشەی بەیانیەکی بەهاری • یەرما وەاگا دێ • )

دەنــــگ ( لە ژوورەوە ، گۆرانیە ) :

لایلایە ، لایلایە ، لایلایە ،

لــەناو ڕەزان ،

کەپرێکی بچووك بو کۆرپەی بچکۆلانە دەکەین .

هەموومان دەیکەینە داڵدە •

یەرمــا : خوان ، گوێت لێمە ، خوان ؟

خــوان : ئا ، وا هاتــم •

یەرمـــا : ئیســتا وەختی خۆیەتی •

خــوان : (گا) کان ڕەت بوون •

یەرمــا : ئا ، تازە ڕەتبووت •

خــوان : خوات لەگەل ، بەخێر بچی

( دەیەوێ بــڕوا )

یەرمــا : پیالە شیرێك ناخۆیتەوە ؟

خــوان : بــۆ ؟

یەرمــا : تۆ ئیش زۆر دەکەیت ، لەشت بەری ئەم هەموو ئیشە ناگرێ •

خــوان : پیاو کە لاواز بێ وەك ئاسن مکوومو پتەو دەبێ •

یەرمــا : بەلام تۆ نا • کە تازە ببووینە هاوسەر تۆ شتێکیتر بوویت •



Scanned with CamScanner

ئیستا ڕەنگو ڕووت ئەوەندە سپییە دەڵێی قـەت ڕۆژت پێنەکەوتوە حەز دەکەم بچیتە دەم ڕوبارو مەلەوانی بکەی ، یان کە خانوومان دڵۆپە دەکا بچیتە سەربانو بیپەستیتەوە • بیستو چوار مانگە بووینە هاوسەر و تۆ تا دێ زیاتر پەست دەبیو پتر دەبنسێی ، تا دێ وەباش دەدەی •

خـوان : تەواو بووی ؟!

یەرمـا ( ڕاست دەبێتەوە ) : بە خراپی تێمەگە • ئەگەر نەخۆش بوومایە حەزم دەکرد خزمەتم بکەی • حەزم دەکرد بتگوتبایـە : « ژنەکەم نەخۆشە ئەم کاوڕە دەکوژمەوەو گۆشتەکەی بـۆ دەکەمە ژەمێکی خۆش •» «ژنەکەم نەخۆشە ئەم فڕوجـە قەڵەوەی بۆ هەڵدەگرم تا هەوەسی پێبێت ، ئەم کەوڵە مەڕەی بۆ دەبەم تا قاچی لە بەفر بپارێزێ » من ئاوام ، هەر بۆیەشە خزمەتت دەکەم •

خـوان : سوپاسـت دەکەم •

یەرمـا : بەڵام تۆ لێناگەڕێی خزمەتت بکەم •

خـوان : ئاخر چونکە چ بەڵام لێنیە • ئەم شتانەی تۆ دەڵێی هەمووی هەر خەیاڵە • من ئیشی گران دەکەمو ساڵ بە ساڵ پیرتر دەبم •

یەرمـا : ساڵ بە ساڵ • منو تۆ هەموو ساڵێ هەر لێرە بەسەر دەبەین •

خـوان ( بە خەندەوە ) ، ئەی چۆن !؟ زۆر بە هێمنیش ، ئێشمان باشە مندالمان نیە خەمیان لێ بخۆین •

یەرمـا : مندالمان نیـە ••• خـوان !!

خـوان : جا چ بوو ؟

یەرمـا : من تۆم خۆش دەوێ ، وا نیە ؟

خـوان : بـا ، خۆشت دەوێم •

یەرمـا : هەندێ کچم دەناسی پێش ئەوەی لەگەڵ مێردیان ڕابکێشێن دەلەرزینو دەگریان • کە من یەکەم جار لەگەڵ تۆ ڕاکشام

دیت بگریم ؟! که چەرچەفی کەتانم وەردەگێڕا گۆرانیم نەدەگوت !؟ ئەدی پێم نەگوتی : «ئەم چەرچەفانە بۆن سێویان لێدێ ٠ »؟

خـوان : : با واتگوت ٠

یەرمـا : دایکم بۆیە دەگریا ، چونکە من سووم لێنەبوو جێی بێلم ٠ ڕاستی ، کەس هێندەی من بە شادومانی مێردی نەکردوە : لەگەڵ ئەمەش دا ٠٠٠

خـوان : ووس ! وەڕس بووم هێندەی بە هەموو دەمێ گوێت بدەمێ بلێی : مـن ٠٠٠ من ٠٠٠

یەرمـا : نەخێر ، قسەی ، خەڵکم پێمەڵێ ٠ من بە چاوی خۆم دەبینم شتەکە وا نیە ٠٠٠ باران ، تەنیا بە هێزی داباریبنەوە بەرد نەرم دەکاتەوەو تووڕۆکەی تێدا دەڕوێنی کە خەڵك بەلایانەوە بێ سوودە : « تووڕۆکە هیچ سوودی نیە » بەلام لەگەڵ ئەمەشدا زۆر بە ئاشکرا دەبینم ـ گوڵی زەردی تووڕۆکە لەبەر (با)دا دەلەریتەوە ٠

خـوان : دەبێ چاوەڕێ بین ٠

یەرمـا : بەڵێ ، یەکترمان خۆش دەوێ ٠

( یەرما مێردی دەگرێتە باوەش‌و ماچی دەکا خۆی دەست پێشکەری دەکات ٠ )

خـوان : هەرچیت پێویست ، پێم بلێ بۆت دێنم ٠ خۆت دەزانی من حەز ناکەم بچیتە دەرەوە ٠

یەرمـا : قەت ناچمە دەرەوە ٠

خـوان : ئێرە بۆ تـۆ باشترە ٠

یەرمـا : هەڵبەت ؟

خـوان : کۆلان جێی بێئیشانە ٠

یەرمـا ( بە پەستی ) : بێگومان وایە ٠

( خوان دەڕوا • یەرما دەچێتەوە لای دورمانی خـــۆی دەستێك بەسەر سکی دادێنێ ، بە دەم هەنسکێکی نازدارەوە باسکی بەرز دەکاتەوەو دادەنیشێ دورمان دەکا •)

یەرمـــا :

**لە کوێوە دێی ، ئازیزەکەم ، کۆرپەڵەکەم ؟**
**لە شاخی ساردی شەختەبەند •**
**لە چیت کەمە ، ئازیزەکەم ، کۆرپەڵەکەم ؟**
**گەرمـــایی بەرگی تـــۆ •**
( داو بە دەرزیەوە دەکـــات )
**با چڵی درەخت لەبەر ڕۆژ بلەرێتەوەو**
**کانی بە هەموو لایەکدا هەڵبەزێ !**
( وەك ئەوەی منداڵێك بدوێنێ • )
**سەگ لە حەوشە دەوەڕێ ،**
**(با) لەناو داران گۆرانی دەڵێ ،**
**(گا) بۆ گاران دەبۆڕێنـــێ •**
**مانگیش قژم دادێنـــێ**
**کوڕە ، لەو دوورەوە چیت دەوێ ؟**
( وەســـــتانیـــك )
**شـــاخی سەر سینگت سپینە**
**با چڵی درەخت لەبەر ڕۆژ بلەرێتەوەو**
**کانی بە هەموو لایەکدا هەڵبەزێ ؟**
( دورمان دەکات )
**ڕۆڵە ، پێت دەڵێم : فەرموو**
**بۆ تۆ دەڕەنێمو دەپسێم •**
**ئەم سکەم ، کە یەکەم بێشکەی تۆیە ،**
**ئێستاکە چەند دێشـــێ !**

کەی ؟ رۆڵە ، کەی بۆم دێی ؟
(وەستانێك)
کە گۆشتی یاسەمینت بۆنی شیرینی لێدێ ،
با چڵی درەخت لەبەر ڕۆژ بلەرێتەوەو
کانی بە هەموو لایەکدا هەڵبەزێ !
(یەرما بەردەوامە لە گۆرانی ۰ ماریە لە دەرگاوە دێتە ژوورو بوخچەیەکی پێیە ۰)
یەرما : لە کوێوە دێی ؟
ماریە : لە دوکانێ ۰
یەرما : دوکان وا زوو ؟
ماریە : بو خاتری ئەو شتەی دەمەویست تا دوکان کرایەوە لەبەر دەرگ ڕاوەستام ۰ بزانم دەزانی چیم کڕیوە ؟
یەرما : قاوەو شەکرو نانت بو ناشتا کریوە !؟
ماریە : نەخێر ، قەیتانم کڕیوە ، سێ گەز کەتان و قردیلەو خوری ڕەنگاورەنگ بۆ گوڵینگ ۰ مێردەکەم پارەی هەبوو و بێ ئەوەی داوای لێبکەم خۆی دایمێ ۰
یەرما : بلووز دەچنی ؟
ماریە : نەخێر ، بۆئەوەمەکە ۰۰۰ ناتوانێ هەڵیبێنی ؟
یەرما : چ ؟
ماریە : بۆ ئەوەمە کە ۰۰۰ ئێ ۰۰۰ ئێستا وا لێرەیە !
(سەری خوار دەکاتەوە ۰ یەرما هەڵدەستێتەوەو بە پەرۆشەوە تەماشای دەکات)
یەرما : بە پێنج مانگی تر !
ماریە : ئا ۰
یەرما : هەستی پێدەکەی ؟
ماریە : ئەی چۆن ؟

یەرما ( بە تاسەوە ) ، باشە ، هەستت چۆنە ؟
ماریە : نازانم . پەست ! شێواو !
یەرما : پەست ؟ شێواو ؟
( دەیگرێ )
باشە ... کە ی‌هات ؟ ئەوەم پێ‌بڵێ . بە تەمای نەبووی ؟
ماریە : نەخێر . چ بە تەمای نەبووم .
یەرما : جا ، دەبوو گۆرانی بچڕی ، وا نیە ؟ منیش گۆرانی دەچڕم . تو ... پیێم‌بڵێ ...
ماریە : ئەمەم لێ‌مەپرسە . قەت چۆلەکەی زندووت بە دەستەوە گرتوە ؟!
یەرما : ئا .
ماریە : ئێ ! عەینی شتە ، بەڵام لەناو خوێنت دایە .
یەرما : وای چەند خۆشە !
( تەماشای دەکا . لە تەنیشتیەتی .
ماریە : پەشوکاوم . نازانم ...
یەرما : چی ؟
ماریە : نازانم چ بکەم . پرس بە دایکم دەکەم .
یەرما : بۆچی ؟ دایکت ئیستا پیر بوەو ئەم شتانەی لە بیر نەماوە . زۆر بە پێ مەڕۆ ، کە هەناسەش دەدەی وا بە نەرمی هەناس بدە، وەك ئەوەی کە گوڵت بە دەمەوە بێ .
ماریە : خۆت دەزانی ، دەڵێن پاشان زۆر بە نەرمی بە پێیە بچووکەکانی لەقە دەوەشێنێ .
یەرما : ئەو کاتە زیاترت خۆشتر دەوێ ، ئەو کاتە دەتوانی بە ڕاستی پێی بڵێی « رۆڵەم ! »
ماریە : بە ڕاستی ، بەرامبەر ئەم شتانە شەرم لە خۆم دەکەمەوە .
یەرما : مێردەکەت چ دەڵێ ؟
ماریە : هیچ .

یەرمـا : زۆری خۆش دەوێی ؟
ماریـە : وام پێنالێ ، بەڵام کە لێم نزیک دەبێتەوە چاوەکانی وەک دوو گەڵای سەوز دەلەرنەوە .
یەرمـا : دەیزانی کە تو ...
ماریـە : ئا .
یەرمـا : باشـە ، چۆنـی زانی ؟
ماریـە : نازانم . لە شەوی پەردەدا دەمی خستبوە سەر کولمەو بۆی باس دەکردم ، بۆیە ئێستا وا هەست دەکەم منداڵەکەم کۆترێکی ئاگرەو مێردەکەم لە گوێمەوە خزاندووتیە ناوەوەم .
یەرمـا : وای چەند بەختەوەریت !
ماریـە : خۆت ئەم شتانە لە من باشتر دەزانی .
یەرمـا : جا بە کەلکی چیم دی ؟
ماریـە : ڕاستە ! جا بۆ دەبێ وا بێ ؟ لەو هەموو بووکانەی زەمانی تۆ ، تەنیـا تـۆ ...
یەرمـا : ئەوە ئاوهایە . هێشتا زۆری وەخت بە بەرەوەیە . هێلیـن سی ساڵ مایەوە . کاتی خۆی ، لە سەردەمی دایکم ، هەبـوو لەوەش زیاتر دەمایەوە ، بەڵام دوو ساڵو بیست ڕۆژ ــ بـۆ یەکێکی وەک من ــ زۆرە ! وا بزانم ڕاست نیە ئێستا خـۆم بسووتێنم . زۆر شەو بە بێخواسی دەچمە داڵان هەر بۆ ئەوەی بە پێ برۆم . خۆیشم نازانم بۆ وا دەکەم . ئەگەر لەسەر ئەم حاڵە بەردەوام بم خراپم بەسەر دێ .
ماریـە : بەڵام ، کچێ ، تەماشاکە . تۆ کە قسە دەکەی وا دەزانی پیرەژنی . ئێستا گوێت لە من بێ . کەس گلەیی لەم شتانە ناکا . خوشکێکی دایکم پاش چوارده ساڵ ئینجا منداڵی بوو ، بتدیبایە منداڵێکی چەند جوان بوو !
یەرمـا ( بە پەرۆشەوە ) : لە چی دەکرد ؟

ماریـــه : وەکو جوانەگا دەبۆڕی . دەنگوت هەزار زەرگەتەیەو پێکـەوە گرزەیان دێ . تەڕی دەکردین ، کەزی ڕادەکێشاین ، کـــە چوار مانگان بوو دەمو چاوی بە ڕنوکان دادەماڵین .

یەرمـا ( بە پێکەنینەوە ) : ئەم شتانە ئازاریان نیە .

ماریـــە : با پێـت بڵێـم .

یەرمـا : تواهوو ! خوشکم دی مەمکی دەدا منداڵەکەی ، سینگی هەموو داماڵا بوو ، زۆر لەبەر بە ئازار بوو ، بەڵام ئازارێکی خۆش بوو ــ بۆ تەندروستی باش بوو ، پێویست بوو .

ماریـــە : دەڵێن بینادەم زۆر ئەزیەت بە دەست منداڵانەوە دەکێشی .

یەرمـا : درۆیە . دایکی بێهێزو بە نووکەنووك وا دەڵێن . منداڵیان بۆ چیە ؟ منداڵ چەپکە گوڵ نیە . دەبێ ئازاری پێوە بکێشین تـا گەورە دەبێ . هەندێ جار وام بۆ دێ کە دەبێ نیوەی خوێنمان بروا بەڵام شتێکی چاکو جوانەو بۆ تەندروستی باشە . هەر ژنێك بایی پێنج منداڵ خوێنی تێدایەو ئەگەر منداڵی نەبێ لێی دەبێ بە زەهر ... وەکو خوێنی من ..

ماریـــە : نازانم چیم بەسەر هاتـــوە ؟

یەرمـا : بیستوومە دەڵێی سکی یەکەم بەترسە .

ماریـــە ( بە شەرمەوە ) دەبینین ، خۆت دەزانی کە تۆ دورمانی ئەوەنـــدە چاك دەکەی کە ...

یەرمـا ( دەست دەداتە بوخچەکە ) بیدە من دوو کراسی بچووکت بـۆ هەڵدەبڕم . ئەدی ئەمە ... ؟

ماریـــە : بو پێچانی مەلۆتکەیە .

یەرمـا ( دادەنیشێ ) ! زۆر باشـــە .

ماریـــە : باشە ، ئەو ماڵە هەر ئاوا بێ .

( کە نزیـك دەبێتەوە ، یەرما بە خۆشی دەست بەسەر سکی دادێنـێ . )

یەرمـــا : لەناو بەردان ڕا مەکە •

ماریـــە : بەخێر بمێنی •

( ماچی دەکاو دەڕوا ) •

( یەرمـــا لە سەرەتای ئەم پەردەیەدا چۆن بوو هەر وایـــە • دەست دەداتە مقەس و دەکەوێتە هەڵبرین • فکتۆر دێتـــە ژوورەوە • )

ڕۆژباش فکتـــۆر •

فکتۆر ( چاوی تیژ و سەنگین دیارە • )

ئەدی کوا خـــوان ؟

یەرمـــا : چۆتە دەرەوە • لەناو ڕەزانە •

فکتـــۆر : ئەوە چ دەدوری ؟

یەرمـــا : هەندێ جلی مەلۆتکە هەیە هەڵی دەبڕم •

فکتـــۆر ( بە خەندەوە ) :

ئـــێ ، ئینجـــا !

یەرمـــا ( پێ دەکەنێ ) ،

بە قەیتان دەیاننەخشێنم •

فکتـــور : ئەگەر کچ بوو بە ناوی خۆتی بکە •

یەرمـــا ( دەلەرزێ ) :

چـــۆن دەبێ ؟

فکتـــور : بە تۆ شـــادو بەختەوەرم •

یەرمـــا ( هەر ئەوەتە دەنگی دێ ) :

نەء ، بۆ خۆم نیە • بۆ منداڵی ماریەیە •

فکتـــور : باشە ، نەخشەی لە تۆش بی ، ئەم ماڵە منداڵێکی گەرەکە •

یەرمـــا ( بە ئازارەوە ) :

یەکێکی گەرەکە •

فکتـــور : باشە ، خەریکی ئیشی خۆت بە • بە مێردەکەت بڵێ هێندە بـــیر

لە کارەکەی نەکاتەوە • دەیەوێ پارە پەیدا بکاو دەشتوانی
بەڵام کە مرد بۆ کێی جێ دەهێڵێ ؟ من وا دەچم بەر داروم •
بە خوان بڵێ ئەو دووی لە منی کڕی بوون دەریان بێنێو لە
بارەی شتەکەی تریش — زیاتر هەوڵ بدە !
( بە خەندەوە دەڕوات )
یەرما ( بە سۆزەوە ) : وایە ، هەوڵ بدە ••• !

**ڕۆڵە ، پێت دەڵێم : فەرموو**
**بۆ تۆ دەڕەنێم و دەپسێم •**
**ئەم سکەم کە یەکەم بێشکەی تۆیە**
**ئێستا کە چەند دێشێ !**
**کەی ؟ ڕۆڵە کەی بۆم دێی ؟**

( یەرما بە دەم بیر کردنەوە ڕاست بۆتەوە • دەچێتە ئەو شوێنەی فکتۆر لێی دانیشتبوو ، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ — وەك یەکێ کە هەوای شاخان هە لبمژێ ئینجا دەچێتە لاکەی تری ژووری وەك ئەوەی بە دوای شتێدا بگەڕێ ، پاشان دادەنیشێ و دەکەوێتەوە سەر دورمان • دەست بە دورمان دەکات • چاو دەبڕێتە یەك پنتك • )

**— پەردە —**

## بەشی یەکەم

### پەردەی دوەم

( کێڵگەیە • یەرما دێتە ژوورەوە سەبەتەیەکی پێیە پیرەژنی یەکەم دێتە ژوورەوە • )

**یەرما : بەیانی باش !**

**پیرەژنی ۱ : بەیانی باش ، کچی جوان • بۆ کوێ دەچی ؟**

**یەرما : لە لای مێردم دێمەوە • نانم بۆ برد • لەناو باخچەی زەیتوون ئیش دەکات •**

پیرەژنی ١ : لە مێژە مێردت کردوە ؟

پەرما : سێ ساڵە .

پیرەژنی ١ : چ منداڵت هەیە ؟

پەرما : نەخێر .

پیرەژنی ١ : قەیدی نیە ، دەتبێ .

پەرما (بە پەرۆشەوە) : بە راستتە ؟

پیرەژنی ١ : ئەدی چیە ؟ بۆ ناتبێ ؟

(دادەنیشێ)

منیش تازە نانم بو مێردەکەم برد . پیرە ، لەسەر ئەو پیریەش دەبێ ئیش بکات ... منداڵم هەیە ، وەك نۆ رۆژی زێرین وان ، بەلام لەبەر ئەوەی هیچیان کچ نین دەمبینی لەم لا بۆ ئەو لا غارەغارمە .

پەرما : ماڵتان لەو بەری زێیە ؟

پیرەژنی ١ : ئا . لەناو ئاشانە . ئەدی تۆ لە چ بنەماڵەیەکی ؟

پەرما : مین کچی ئانریکە شوانم .

پیرەژنی ١ : ئی ! ئانریکە شوان . دەمناسی . پیاوی باشن .

لە خەو رابە ، ئارەقە برێژە ، نان بخۆو بمرە . نە گەمەو یاریەك ، نە هیچ . جەژنو خۆشیش بۆ خەڵك . قەت دەنگیان دەرنایە . قەول بوو مێرد بە مامێکی تۆ بکەم بەلام پاشان ..!
ژنێکی بە کردوکۆش بووم . وەك تیر دەردەپەریم بو گندوورە رنین ، بۆ بەزمو زەماوەند ، بۆ کێکی شیرین . زۆر جار بەیانی دەردەپەریم وام دەزانی دەنگی گیتار نزیك دەبێتەوە بەلام کە دەچووم گفەی (با) بوو .

(پێدەکەنێ)

دەزانم تۆ پێمپێدەکەنی . من دوو مێردم کردوە ، چواردە منداڵم بوە ــ پێنجیان ــ مردوون ، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ خەم ناخۆم ، هەز دەکەم زیاتر بژیم . من ئاوا دەڵێم ! دارەمەنجیر زۆر دەژی . خانوو

ماوەیەکی زۆر دەمێنێ ، تەنیا ژنی سەر بە هەشی وەکو ئێمە مانان هەر
زوو دەبینە خاکو خۆڵ •
یەرما : حەز دەکەم پرسیارێکت لێبکەم •
پیرەژنی ١ : فەرموو •
(تەماشای دەکا)
دەزانم پرسیاری چیم لێدەکەی • ناتوانی هیچ قسە لە بارەی ئەم
شتانەوە بکەی •
(هەڵدەستێتەوە)
یەرما (دەیگرێ) : بۆ ناتوانم ؟ کە گوێم لە قسەکانی تۆ بوو ورەم
هاتەوە بەر • ماوەیەکە دەمەوێ لەگەڵ پیرەژنێك باسی ئەم شتە
بکەم — چونکە دەمەوێ پێبکەوم • ئا ، تۆ دەتوانی پێم بڵێی •
پیرەژنی ١ : چیت پێ بڵێم •
یەرما (دەنگی نزم دەکاتەوە) : ئەوەی خۆت دەیزانی • بۆچی من
منداڵم نابێ ؟ لە هەرەتی ژیانم هیچ ئیشم نیەئەوە نەبێ باڵندە
بەخێو بکەم ، یان پەردەی بچووکی دەقکراو بە پەنجەرە
بچووکەکانمەوە ببرم • نا ، دەبێ هەر پێمبڵێی چ بکەم • هەرچی
پێم بڵێی دەیکەم — بڵێ دەرزی لە کونی چاوت را کە ،
تێیرادەکەم •
پیرەژنی ١ : ئەمن پێت بڵێم ! من هیچی لێنازانم • من خۆم ، لەسەر
پشت ، روو لە ئاسمان ، لێیراکشامو گۆرانیم چری ، وەك ئاو
منداڵم بۆ هات • ئۆی ، کێ دەڵێ ئەم لەشەمان جوان نیە ؟ تۆ
هەنگاوێ باوێ ، لەو سەری کۆڵانێ ئەسپێك دەحیلێنێ •
ئای‌ی ! کچێ وازم لێ بێنە ، قسەم پێمەکە • زۆرم قسە
پێیە ، نامەوەی بۆتیهەڵرێژم •
یەرما : بو ناتەوەی ؟ دەنا من لەگەڵ مێردەکەم لەوە زیاتر باسی هیچ
ناکەم •



Scanned with CamScanner

پیرەژنی ١ : گوێت لێ بێ • مێردەکەتت بە دڵە ؟

یەرمـــا : چـــی ؟

پیرەژنی ١ : مەبەستم ئەوەیە ــ بە ڕاستی خۆشت دەوێ ؟ حەز دەکـــەی لـــەگـــەڵـــی دابـــی ؟

یەرمـــا : نازانم •

پیرەژنی ١ : کە لێت نزیك دەبێتەوە موچڕکت بە لەش دانابە ؟ کە لێوی لە لێوت نزیك دەکاتەوە هەست بە شتێکی وەکو خەون ناکـــەی ؟ پێم بڵێ ؟

یەرمـــا : نەخـــێر ، قەت هەستم بە شتی وا نەکردوە •

پیرەژنی ١ : قەت ؟ لە کاتی شاییش ؟

یەرمـــا ( بە بیری دێتەوە• ) : با ، لەوانەیە یەك جار ••• ئەویش لەگـــەڵ فکتـــــۆر •••

پیرەژنی ١ : ئێی !

یەرمـــا : دەستی لە کەمەرم وەرهێنا • نەمتوانی قسەی لەگەڵ بکەم چونکە دەمم گیراو قسەم بۆ نەکرا • جارێکی‌تریش هەر ئەم فکتۆرە کە تەمەنم چواردە سالان بوو ، ئەویش گەنجێکی بە خۆوە بوو ــ باوەشی پێدا کردمو بە بازێك لە کەندرێك پەڕاندمیەوە • هێندە بە توندی لەرزیم ددانم چرکو هوڕی بوو • بەڵام زۆرم شەرم کـــرد •

پیرەژنی ١ : ئەدی لەگەڵ میردت •••• ؟

یەرمـــا : مێردەکەم شتێکی‌ترە • باوکم منی دەقەبەر کردو منیش بـــە شادیەوە قبوولم کرد • ڕاستیەکەی ئەمەیە ! بۆیە هەر یەکەم ڕۆژ منیان لێ‌مارە کرد من بیرم لە ••• منداڵەکانمان کردەوە • خۆم لە ناو چاوەکانی‌دا دەدی • ئەدی ، بەڵام وێنەکەم ئەوەندە بچووك بوو ، ئەوەندە ناسك بوو ، دەتگوت من کچی خۆمم •

پیرەژنی ١ : هی من دەق بە پێچەوانەی ئەمەوە بوو • ڕەنکە هەر بۆیەش بێ تائیستا مندالّت نەبوە ، کچێ پیاو دەبێ خۆشیمـــان پێببەخشن ، خۆشی ، دەبێ قژمان بگرن و وامان لێبکەن ناوی دەممان بخوێنەوە • دونیـا تاوهایە •

یەرمـا : دونیای تۆ نەك دونیای من • من بیر لە زۆر شت دەکەمەوە • زۆر دڵنیام ئەو شتانەی بیریان لێدەکەمەوە لە کورەکەم دێنە دی • بۆ خاتری کورەکەم بوو خۆم نایە دەست مێردەکەم و خۆیشی لە دەست دەنێم بەڵکو کورەکەم ببێ ــ تەك هەر بو خوشـیو بەس •

پیرەژنی ١ : ئەنجامەکەش یەك شتە ــ تۆ بۆش و بە تالّی !

یەرمـا : نەء ، بەتالّ نیم ، پڕ کینەم • پێم بڵێ ئاخۆ تاوان تاوانی منە ؟ تۆ بۆ ئەوە پیاوت دەوێ کە پیاوەو هیچیتر نا ؟ باشە ، ڕاتچونە کە لەسەر جێ ڕاتدەکێشیو وات لێ دەکا بە چاوی غەمگینەوە ڕوو بکەیتە سابیتەو پاشان لە تەکتەوە وەردەپلێو دەخەوێ ؟ ئایا دەبێ بیر لە شتی وا بکەمەوە ، یا بیر لەو شتە بکەمەوە کە بـــە گەشی لە سینگم دیتە دەرەوە ؟ نازانم • تۆ پێم بڵێ ، هـــەی بێمروەت •

( چـوك دادەدا )

پیرەژنی ١ : وای چ گوڵێکی گەشی ! چ بنیادەمێکی جوانی ! وازم لێبێنە ، چ قسەی ترم پێ مەکە • نامەوێ چ قسەیترت لەگەلّ بکەم • ئەمە مەسەلەی نامووسە •

نامەوێ نامووسی کەس ببەم • خۆت دەزانی ، بەلاّم تەواو بێبەری نیــت •

یەرمـا ( بە پەستی ) : کچێکی وەکو من ، کە لە دەشت گەورە بوویـم ؛ هەموو دەرگام لێداخراوە • هەموو شتێ نیوەچلو کوژوشمو چەفەنگە ، دەڵێن نابێ باسی ئەم هەموو شتانە بکەی • تۆش ،

تۆش قسە ناکەی‌و وەکو دختۆر لێ‌دەدەی دەروی ــ هەموو شتێ دەزانی بەڵام بە منی ناڵێی کە خەریکم لــە تێنــــوان دەخنکێــــم •

پیرەژنی ۱ : هەر ئافرەتێکی هیمنی‌تر بوایە بۆم یاس دەکرد ، بەڵام بــۆ تۆ نەء • من پیرەژنم‌و دەزانم چ دەڵێم •

یەرمــا : کەواتە هەر خــوا هاریکام بێ •

پیرەژنی ۱ : خوا نا ، قەت خوام خۆش نەویستوە •
کەی ئەو خەڵکە تێ‌دەگا کە چ لە گۆڕێ نیە ؟!
ئەوەی هاریکــات بێ پیاوە پیـــاو •

یەرمــا : بەڵام بۆ وام پێ‌دەڵێی ؟ بۆ ؟

پیرەژنی ۱ : ( دەڕوا ) : لەگەڵ ئەمەش‌دا دەبێ خوایەك هەبێ ، بــــا بچووکیش بێ بۆ ئەوەی چەخماخە لەو پیاوە توخم بۆگەنانــە بدا کە شادو بەختەورەی باخ دەکەنە قوڕاو •

یەرمــا : نازانم دەتەوێ چیم پێ‌بڵێن ؟

پیرژەنی ۱ خۆم دەزانم دەمەوێ چ بڵێم • بێ کەیف هەبە • دڵــت ڕەق بێ • بە ئومێد بژی • هێشتا هەر گەنجی • بە تەمای چیـــت بــۆ بکــەم ؟

( دەڕوا ، دوو کچ دەردەکەون )

کچــی ۱ : دەچینە هەر جێگایەك نووشی خەڵك دەبین •

یەرمــا : هەموو کەس خەریکی ئیشە • پیاو لە ناو باخچەی زەیتوونـــ‌و دەبێ خواردنیان بۆ ببەین • لە پیرەمێردان زیاتر کەس لــــە ماڵــەوە نەمــاوە •

کچــی ۲ : ئەوە دەگەڕێیتەوە دێ ؟

یەرمــا : ئا ، دەچمەوە دێ •

کچــی ۱ : من زۆر بەتالووکەم ، کوڕیەکەمم بە نووستوویی جـــێ هێشـــتوەو کەسیش لە ماڵەوە نیــە •

یەرمـــا : کەوایە ، خێرا کە ، ژنێ • نابی کوڕپە بە تەنێ جێ بێڵـــی • چ بەرازتان لــە ماڵەوەیە ؟

کچـــی ۱ : نەء • بەڵام قسەی تۆیە • هەر ئێستا یەکسەر دەڕۆمەوە •

یەرمـــا : ئاخر ، هەر جاری وایە شت دەقەوێ هەڵبەت دەرگات لەســـەر کلیـــل داوە ؟

کچـــی ۱ : هەڵبـــەت •

یەرمـــا : بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە نازانین کوڕپەی بچووك چیە • شت هەیە هیچ ئازاری بۆ ئێمە نیە کەچی بۆی هەیە کوڕپەی بچووك لەناو بەرێ : دەرزیەکی بچووك ، قومە ئاوێك •

کچـــی ۱ : ڕاست دەکەی • وا دەڕۆم • من بیر لەم جۆرە شتانە ناکەمەوە•

یەرمـــا : دە برۆ ، خێرا ، بـــڕۆ •

کچـــی ۲ : ئەگەر چوار پینجێکت هەبوایە قسەی وات نەدەکرد •

یەرمـــا : بۆ نەمدەکرد ؟ چلیشم هەبوایە قسەی وام هەر دەکرد •

کچـــی ۲ : هەر چۆن بێت منو تۆ منداڵمان نیە ، سەرمان رەحەتە •

یەرمـــا : ئەمـــن ســـەرم رەحەت نیـــە •

کچـــی ۲ : ئەمن سەرم زۆر رەحەتە • خەمی چیمە ؟ لەلایەکیتریشەوە دایکم ئیشی نیە هەر گیام دەرخوارد دەدا بۆ ئەوەی منداڵم ببێ • لە ئۆکتۆبەر دەچینە لای ئەو پیرەی دەڵێن هەرژنێ داوای منداڵی لێ بکا دەیداتێ • دایکم داوا دەکا ، من نا ••

یەرمـــا : کەواتە بۆ مێردت کرد ؟

کچـــی ۲ : چونکە ، بە مێردیان دام • هەموو کچێ دەبێ مێرد بکا • کار وا بڕوا تەنیا کچی بچکۆلە بێ مێرد دەمێنن • هەر چۆنی بێت ، ماوەیەکی زۆر پێش چوونە کلیسە مێرد دەکەن . بەڵام پیرەژن هەر بیر لەو جۆرە شتانە دەکەنەوە • من خۆم نۆزدە ساڵانمو

حەزم لە چێشت لێنان و شت شووشتن نیە • ڕۆژ تا ئێوارە ئیشی وا دەکەم کە خۆم حەزی لێناکەم • هەموویش لـــە سەرینی چی ؟ ئەوەی ئیستا دەیکەین کاتـــی دەزگیرانیش دەمانکرد • هەمووی بیری پرۆپووچی پیرو بەساڵاچوانە •

یەرمـا : ووس بە ، باسی ئەو شتانە مەکە •

کچـی ٢ : تۆش بە شێتم دادەنیێ • ئەو کچە شێتە ! ئەو کچە شێتە !

(پێدەکەنێ)

یەك شتت پێدەڵێم کە لە ژیان فێری بووم • هەر کەس بـــە خورتی ئاخنرایە ماڵەوە بە نادڵی ئیش دەکات • ناو کۆڵانەو جادان چەند خۆشترە ! هەندێ جار دەچمە سەر ڕووبارو هەندێ جار بەسەر بورج دەکەومو زەنگ لێدەدەم ، هەندێ جـــار دیسـان قومـی ئەنیسێت[1] دەخۆمەوە •

یەرمـا : تـۆ هێشـتا منداڵـی •

کچـی ٢ : وایە ، بـەڵام شـێت نیـم •

(پـێدەکـەنـێ)

یەرمـا : ماڵـی دایکت لە بەرزترین خانووی دێدا نیە ؟

کچـی ٢ : بـا !

یەرمـا : دوا خانـوو خوێـەتـی ؟

کچـی ٢ : ئـا !

یەرمـا : دایکت ناوی چیـە ؟

کچـی ٢ : ناوی (دولۆرز)ە ، بـۆ دەپـرسـی ؟

یەرمـا : هیـچ ، هـەر وا •

کچـی ٢ : نەدەبوو بپرسـی ، چونکـە ••• ؟

یەرمـا : نازانم ••• خەڵك دەڵێـن •••

---

(١) ئەنیسـێت : جۆرە شـەرابێکە

کچـی ٢ باشه ، کەیفی خۆته • تەماشا ، وا دەچم نان بۆ مێردم دەبەم •
(پـێدەکـەنـێ)
با بزانین . داخەکەم زۆر ناخۆشە کە ناتوانم بڵێم دەزگیرانم وا نیە ؟
(پـێدەکـەنـێ)
وا کچە شێتەکە هـات
( دەڕوا • بە شادیەوە پێدەکەنێ )
بەخـێر بمێنـی !
دەنگی فکتۆر ( بە گـورانـی ) :
شـوانە ، بۆ بە تەنێ دەنووی ؟
شـوانە ، بۆ بە تەنێ دەنووی ؟
لەسـەر لبـادی نەرمـی مـن
خـەوت خۆشـترە •
شـوانە ، بۆ بە تەنێ دەنووی ؟
یەرمـا ( گـوێ رادەدیـرێ ) :
شـوانە ، بۆ بە تەنێ دەنووی ؟
لەسـەر لبـادی نەرمـی مـن
خەوت خۆشترە
شـوانە ، تو لبـادت بەردەو
کراسـت شـەختـەیە •
شوانە ، بۆرایی دەربووی شـەوت
لەسـەر نوێنـە •
شوانە ، ڕەگـی دار بەڕوو
بە کپی ، لە ژێر سەرینت چقلی دەچنـێ •
شوانە ، ئەگەر دەنگی ژنێکیشت بیسـت
ئەوە هاژەی بچڕاوی ڕوبارە •
شـوانە ، شـوانە ؛



Scanned with CamScanner

ئەم تەلانە چی لــە تۆ دەوێ ؟
تەلانــی بــژاری تــاڵ .
شــوانە ؟
تەلانی بــژاری تــــاڵ .
ج منــداڵــێ دەتکــوژێ ؟
درکــی دارکرتی !
( دەیەوێ بڕوا تووشی فکتۆر دەبێ ، دێتە ژوورەوە )
فکتـــۆر ( بە شادی ) : ئەم هەموو جوانیە ، بۆ کوێ دەچێ ؟
یەرمـــا : ئەوە تۆ بووی گۆرانیت دەگوت ؟
فکتـــۆر : ئـــا !
یەرمـــا : دەنگت چەند خۆشە ! پێشتر گوێم لێت نەبوو بوو .
فکتـــۆر : نـــا ؟
یەرمـــا : ئەو دەنگە لەرزانە ! دەڵێی ڕوباریان بەرداوەتەوە سەر زارت .
فکتـــۆر : من هەمیشـــە شادو بەختەوەرم .
یەرمـــا : ڕاســـتە !
فکتـــور : وەکو پەستیی تۆ .
یەرمـــا : من هەمیشە پەست نیم ، بەڵام هەقم بە دەستە پەست بم .
فکتـــۆر : مێردەکەشت لە تۆ پەستترە .
یەرمـــا : ئەویش ، ئا . تەبیاتی وایە ــ ووشـــکە .
فکتـــۆر : هەمیشە هەر وا بـــوە .
( وەستانێک . یەرمـــا دادەنیشێ )
شـــیوت بـــۆ بـــرد .
یەرمـــا : ئـــا .
( تەماشـــای دەکـــا . وەستانێک )
ئەوە ئـــێرەت چیـــەتـــی ؟
( پەنجە بـــۆ دەمو چـــاوی درێژ دەکا )
فکتـــۆر : کـــوێ ؟

یەرمــا ( هەڵدەستێتەوەو لە نزیك فكتۆر دەوەستێ ) :
ئێرە ... سەر ڕوومەتت . دەڵێی سووتاوە .
فكتــۆر : هیــچ نیــە .
یەرمــا : وام زانــی شــتێكە !
( وەســـتانیــــك )
فكتـــۆر : وی دەچێ هەتاو بــێ :
یەرمــا : لەوانەیە ...

( وەستانێك . بێ دەنگیەكە قووڵتر دەبێو هیچ جوولەیــەك نایە ، دوو كەس ڕێكێش ڕێكێشیانە .)
یەرمــا ( دەلەرزێ ) ، كوێت لێیە ؟
فكتــۆر : لــە چ ؟
یەرمــا : گوێت لەو گریانەیە ؟
فكتــۆر ( گوێ قوڵاغ دەكا ) : نەء .
یەرمــا : وام هەست كرد گریانی منداڵە .
فكتــۆر : ئــێ ؟
یەرمــا : زۆر نزیــك بوو . وا دەگریا دەتگوت دەخنكێ .
فكتــۆر : ئەم ناوە هەمیشە پڕ منداڵە . دێنە میوەدزین .
یەرمــا : نا ، نا . دەنگی كورپەیەكی بچكۆلەیە .
( وەســـتانیــــك )
فكتــۆر : دەنا من گوێــم لــە هیــچ نیە .
یەرمــا : ڕەنگە هەر خەیاڵو زندە خەو بێ .
( چاوی تێدەبرێ . فكتۆریش چاوی تێدەبرێ . كتوپڕ چاوی لادەبا وەك ئەوەی ترسی پێگەیشتبێ.خوان دێتــە ژوورەوە .)

خـوان : هەر لێرەی ؟ ئەوە لێرە چ دەکەی ؟
یەرمـا : قسـبەم دەکرد •
فکتـۆر : ڕۆژ باش !
(دەڕوا)
خـوان ، دەبوایە لەماڵەوە بیت !
یەرمـا : تاخـیر بووم •
خـوان : بۆ تاخـیر بووی ؟
یەرمـا : گوێم دابوە جریوەی باڵنـدان •
خـوان : زۆر باشە • هەر وا دەکەی خەڵك باست بکەن •
یەرمـا (بە توندی) : خوان ، مەبەستت چیە ؟
خـوان : لەبەر تۆ وا نالێم ، لەبەر خەڵکیتر وا دەلێم •
یەرمـا : سندان لە خەڵکیتر !
خـوان : جوێن مەدە • جوێن لە ژنان ناوەشێتەوە •
یەرمـا : بریا ژن بوومایە •
خـوان بیبڕەوە ، بڕۆوە ماڵێ •
(وەستانێك) •
یەرمـا : باشە ، بە تەمـات بم ؟
خـوان : نەء •• شەو تا بەیانی ئاودێری دەکەم • ئاو کەمە • تا ڕۆژهەڵات نۆرە ئاوی منەو دەبێ لە دزانی پاس بکەم ، تۆ برۆ بۆ خۆت بخـەوە •
یەرمـا (بە سۆزەوە) : دەخەوم !!
(دەڕوا)
ــ پـەردە ــ

## بەشی دووەم

### پەردەی یەکەم

( جۆکایەکی تیژی شاخاوی . ئافرەتی دی جلیان دەشۆن کێرکەرەکان[1] هەر یەکە لە ئاستێك دانیشتوە . )

( پێش کردنەوەی پەردە دەنگی گۆرانیەك دێ . )

گۆرانی : قەیتانت لەم لووزەوە تەزیوەدا دەشۆم

ڕووی بە ڕێکەنینت

وەکو یاسەمینی گەش وایە .

کێرکەری ١ : حەز ناکەم قسە بکەم .

کێرکەری ٢ : دەی ، دەی ، ئێرە قسەی خۆمان دەکەین .

کێرکەری ٤ : چ زەرەریشی تێدا نیە .

کێرکەری ٥ : ئەوەی دەیەوێ بە ناموس بێ با بە ناموس بێ .

کێرکەری ٤ : جاترەم چاند

لە دیاری بووم ، پێم گەیاند .

ئەوەی ناموسی بوێ

دەبێ وا بژی .

( پێ دەکەنن )

کێرکەری ٥ : ئێمەش وا دەڵێین .

کێرکەری ١ : بەڵام ڕاستیەکەی هیچمان لی‌مسۆگەر نیە ..

کێرکەری ٤ : با . ئەوەندە مسۆگەرە کە مێردەکەی هەر دوو خوشکی خۆی هێناوەتە ناو ماڵێ .

کێرکەری ٥ : قەیرە کچەکان ؟

کێرکەری ٤ : ئا . تا ئێستا خزمەتی کلێسەیان دەکرد . ئێستا جوویان لە براژنیانە ئەمن بەم لەگەڵیان هەڵناکەم .

کێرکەری ١ : بۆچی ؟

کیژکەری ٤ : چونکە دەمخلیسکێنن وەکو ئەو گەلا ؛ لانە وان کە لە هیکەوە
لەسەر گۆڕ هەڵدەتوقێن خۆیـان بەشەمـێ هەنیـوە هـەر دەقنێنەوە • دەڵێن چێشت بە ڕۆنی چـرا لـێ دەنێن •
کیژکەری ٣ : ئێستاش لە ناوماڵەوەن ؟
کیژکەری ٤ لە دوێنێوە ! ئیدی مێردەکەی دەچێتەوە ناو ڕەزو باخی خۆی •
کیژکەری ١ : باشە ، کەس نیە بزانێ چ قەوماوە ؟
کیژکەری ٥ : هەر چەندە سەرماش بوو ــ شەوا دی تا سبەیێ لەبـــەر
کۆســـپەی دەرگـا بـــوو •
کیژکەری ١ : جـا بـۆ ؟
کیژکەری ٤ : لە ماڵەوە خۆی پێناگیرێ ، دڵی دەگوشرێ •
کیژکەری ٥ : ئەم ژنە پیاوانیانە هەر وان • لە باتی قەیتان دروست کردن و
سێو سوورکردنەوە ، حەز دەکەن بەسەر بان بکەون و بـــە
پێ خواسی بچنـــە ناو ڕوبار •
کیژکەری ١ : تۆ چی قسەی وا بکەی ؟ وایە چ منداڵی نیە ، بەلام سووچی
خـۆی نیـــە •
کیژکەری ٤ : ئەوەی منداڵی بوێ پەیدای دەکا • ئەم بۆکەن و ناســـک و
تەوەزەلانە سـکیان لوچ لـوچ نیە •
( پێـدەکـەنـن )
کیژکەری ٣ : سووراوو سپیاو لە دەم و چاویان دەدەن و چلە لوورك لەبەر
برچیان ڕادەکەن و دەچن لە باتی مێردی خۆیان لە دوای پیاوی
خەڵـك دەگـەڕێـن ••
کیژکەری ٥ : هیچ شتێ لەوە ڕاست و دوغری تر نابێ !
کیژکەری ٦ : باشە ئێوە لەگەڵ کەستان دیوە ؟
کیژکەری ٤ : ئێمە نەماندیوە ، خەڵك دیویانە •
کیژکەری ١ : هەمیشە هەر خەڵك ، خەڵك !
کیژکەری ٤ : دەڵێن لە دوو بۆنەی جوداواز دیویانە •

کیژکەری ٢ : چیـــان دەکرد ؟
کیژکەری ٤ : قسـمیـان دەکـرد •
کیژکەری ١ : قسەکردن تاوان نیـە •
کیژکەری ٤ : لەم دونیایەدا تەنیا یەك سەرنج زۆرە • دایکم هەموو جاری
وای دەگوت ئەو ژنەی تەماشای گوڵ دەکا عەینی شت نیە لەگەڵ
ئەو ژنەی تەماشای ڕانی پیاو دەکا • ئەو ژنەش تەماشـــای
کابــــرای کـردوە •
کیژکەری ١ : تــەمــاشـــای کــێ ؟
کیژکەری ٤ : تەماشای یەکێك • نەتبیستوە ؟ خۆت بیزانە • دەتـــەوێ
ئاشکراتری بکەم •
( پێکـــــەنیـــن )
کەتەمەشایشی نەکا ، کە بە تەنێش بێ ، کە کابرایشی بەرامبەر
نەبێ ـ وێنەکەی لەنـاو چـاو دایـە •
کیژکەری ١ : درۆیـــە !
( دەبێتـــــە هــەراو زەنــــا )
کیژکەری ٥ : ئــەدی مـێردی ؟
کیژکەری ٣ : مێردی ، خۆی لێ کەڕ کردوە • وەك خەمەگوڕووی بـــەر
ڕۆژی خـۆی گێـل کردوە •
( پێکـــەنیـــن ) •
کیژکەری ١ : ئەگەر منداڵیان هەبوایە هەموو شتێك پێك دەهات •
کیژکەری ٢ : ئەوەی بە بەشی خۆی ڕازی نەبێ وای لێ دێ •
کیژکەری ٤ : سەعات بە سەعات ، دۆزەخی ئەم ماڵە زیاتر دەجۆشێ • نە
ژنەو نە دشەکانی متەقیان لێوە نایە • ڕۆژ تا ئێواری دیـوار
پاك دەکەنەوە • ئامانی سفر سپی دەکەنەوە ، مینای پەنجەران
بە هەڵم پـــاك دەکەنەوەو عەرد چەور دەکەن ، بەڵام تا خانوەکە
زیاتر ببریقێتەوە ، زیاتر لە ناوەوە دەکولێ •



Scanned with CamScanner

کێرکەری ۱ : هەمووی تاوانی کابرایە ، کابرا • کە پیاو منداڵی نەبێ دەبێ ئاگای لە ژنی خـــۆی بـــێ •

کێرکەری ٤ : تاوانی ژنەیە ــ چونکە زمانی رەق دەڵێی بەردەستێیە •

کێرکەری ۱ : چ شەیتانێك چۆتە بن پرچت ، قسەی وا دەکەی ؟

کێرکەری ٤ : باشە ، کێ رێی داوی ئامۆژگاری من بکەی ؟

کێرکەری ۲ : دەکپ بن ، هەردووکتان کپ بن !!

کێرکەری ۱ : بە من بێ ئەم هەموو زمانە درێژانـە بـە دەرزی چنیـن لێـــك بـــدوورم •

کێرکەری ۲ : تۆ ، بێ دەنـــگ بـــە !

کێرکەری ٤ : بە منیش بێ گۆی مەمکی هەموو دووڕوان لێك بدوورم •

کێرکەری ۲ : ووس بن ! نابینن ؟ جوونە خوشك وا هاتن !

( دەبێتە چپە چپ • دوو دشەکەی یەرما دێنە ژوورەوە • جلی تازیمانەیان لەبەرە • بەبێ دەنگی دەست بە جل شووشـــتن دەکەن • دەنگی زەنگوڵەی مەڕان دێ • )

کێرکەری ۱ : ئەرێ شوان مەڕیان هاژواوە ؟

کێرکەری ۳ : بەڵێ ، ئەمڕۆ هەموو مێگەلەکان دەڕۆن •

کێرکەری ٤ ( هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ ) : وای بۆنـــی مـــەڕم پـــێخۆشـــــە !

کێرکەری ۳ : بـــە راســـت ؟!

کێرکەری ٥ ( تەماشادەکا ) : هەموو مێگەلەکان پێکەوە دەڕۆن •

کێرکەری ٤ : چۆن ؟ چی تێدایە ؟ بۆنی ماڵاتی خۆمانە ، حەزم لە بۆنـــی قورەسووری ئەم ڕوبارەشە کە زستانان هەڵدەستێ •

کێرکەری ۳ : همـــم !

کێرکەری ٤ لافاوی خوریە ، هەمووە شتێ ڕادەماڵێ • ئەگەر تەبارە گەنمی سەوز چاوی هەبوایەوە چاوی پێبکەوتایە لەرزی دەگرت •

کێرکەری ۳ : چاو دێ چۆن ڕا دەکەن ! چ تاقمە شەیتانێکن !

کچکەری ١ : هەموویان لێخوڕیوە • هیچ مێگەڵ نەماوە •
کێژکەری ٤ : با سەیر کەین • نەء • با ، با • مێگەڵێك دیار نیە •
کێژکەری ٥ : کـام مێگـەڵ ؟
کێژکەری ٤ : هـی فکتـۆر !
( هەر دوو دش هەڵدەستنەوەو تەماشای یەکدی دەکەن ! )
کێژکەری ٤ ( بـەگـۆرانـی ) :
قەیتـانـت ،
لەم لووزەوە تەزیوەدا دەشـــۆم
ڕووی بـە پێکـەنینـت
وەکو یاسەمینی گـەش وایـە •
دەمەوێ لـەناو زریانی بچکۆلـەی
یاسـەمیـندا بژیـم ء
کێژکەری ١ : ئـاخ بـۆ ژنـی قسـر !
ئـاخ بۆ ئەو ژنەی مەمکی بۆتـە بەرد •
کێژکەری ٥ : پێـم بڵـێ
ئەگەر تووی مێردت بە پیـت بـێ
بـە ڕاسـتی ،
ئاو گۆرانیت لەناو جلکت دەچرێ •
کێژکەری ٤ : کراسەکەت بۆ مـن ،
گەمـی زیویـن ،
کـزە بای سەر ڕووی دەریایە •
کێژکەری ١ : ئەم جلانەی کۆرپـەکـەم
لەم ڕووبارەدا دەشـــۆم
تـا ڕووبار فـێر بکەم
وەك بلوور بـدرەوشێتەوە •
کێژکەری ٢ : مێردەکەم ، بـۆ فراویـن ،

لە شــاخــان دێتــەوەو
گوڵێکــــم دەداتــێ ،
مــن سیانێ دەدەمــێ
کێژکەری ٥ : مێردەکەم ، بــۆ خــواردن ،
لە مێرگـــان دێتــەوەو
خــەڵووزم بــۆ دینــێ ،
منیش مووروتکــی شــیرینی دەدەمــێ •
کێژکەری ٤ : مــێردەکـــــەم ،
بە شەو دێتـــەوە
مــن ســوور وەك گوڵــە مێخــەك ،
ئەویش ســوور وەك گــوڵــە مێخــەك •
کێژکەری ١ : کــە هاویـــــن
خوێنــی ســەپان ووشــك دەکــا •
دەبــێ گــوڵ بچێتـــە پــاڵ گــوڵ •
کێژکەری ٤ : کــە زســـــتان
لە دەرگــا دەداتو
دونیــا ســارد دادێ
دەبــێ ســك بــۆ تــەیری بێ خەو
بکرێتــەوە •
کێژکەری ١ : دەبــێ چــەرچــەف
بــە فرمێســك تەربکــەیــن
کێژکەری ٤ : دەبێ لەناو جــێ
گۆرانی تێهەڵکەیــن !!
کێژکەری ٥ : کە مــێردم دێتــەوە
گــوڵو نــان دێنــێ •
کێژکەری ٤ : چونکــە دەبــێ

قۆڵمان تێک بئاڵێنین .
کێرکەری ٢ : چونکە ڕووناکیمان
لە گەروو دەردێنن .
کێرکەری ٤ : چونکە گەڵاو چل
جوان دەبێ .
کێرکەری ١ : ڕەشماڵی کزەبا
چیاکان دادەگرێ .
کێرکەری ٦ ( لەو بەری هەورازی ڕووبارەکە دەردەکەوێ
بۆ ئەوەی بەیانی
منداڵێک
بلووری سپی لێک توند کا .
کێرکەری ١ : بۆ ئەوەی
قەدی شکاوی
درەختی مەرجانمان
لەبەر کەمەر بێ .
کێرکەری ٦ : بۆ ئەوەی
ئاوی دەریا
کەلەکوانی تێدا بێ .
کێرکەری ١ : منداڵێکی بچووک . یەک .
کێرکەری ٢ : کە کۆترەکان
باڵو دمک لێک دەکەنەوە .
کێرکەری ٣ : کوڕێەیەک دەگری ، کوڕێک دەگرێ .
کێرکەری ٤ : زەلامیش هەر بۆ پێشەوە
تەکان دەدەن
وەک مامزێ
برین زۆری بۆ هێنا بێ .

کێرکەری ٥ : خەنی ، خەنی ، خەنی ،
لـە سکی هـەسـتاوی ژێرکراس .
کێرکەری ٢ : خە ، خەنی ، خەنی
کەمەر عاجبـاتـی دەنوێنـێ
کێرکەری ١ : بەڵام ئاخ بـۆ ژنـی قسـر !
ئاخ بـۆ ئەو ژنەی مەمکـی بۆتـە بەرد !
کێرکەری ٣ : با جـوان ببریسـکێتەوە !
کێرکەری ٤ : بـا ڕا بکـات !
کێرکەری ٥ : با دیسـان جـوان ببریسکێتەوە !
کێرکەری ١ : بـا گۆرانی بڵـێ !
کێرکەری ٢ : با خـۆی بشـارێتەوە !
کێرکەری ١ : جارێکیدی گۆرانی بڵێ !
کێرکەری ٢ : بەرگی سپی کۆرپەکەم
وەکـو سـپێتی
بەیـان وایـە ؟
کێرکەری ١ و ٢ ( پێکـەوە بە گۆرانی ) :
قـەیتـانـت
لەم لووزەوە تەزیوەدا دەشـۆم
ڕووی بـە پێکـەنینـت
وەکو یاسـەمینی گـەش وایـە .
هـا ! هـا ! هـا !
( بە نزم جلەکان دەجوولێننەوەو دەیانکوتن )
ـ پـەردە ـ

## بـــەشــی دووەم

### پـــەردەی دووەم

( مالـــی یەرمایە • بوولێلە • خوان دانیشتوە • هــــەر دوو دش
ڕاوەســـــتاون • )

خــوان : ئێوە دەڵێن تازە پێش نەختێ چوە دەرەوە ؟

( خوشکی گەورە بەسەر لەقانێك وەڵامی دەداتەوە )

ڕەنگە لەسەر کانی بێ ، بەڵام خۆتان دەزانن پێم خۆش نیە بــــە تەنێ بچیتـــە دەرەوە •

( وەســـــتانێـــك )

مێــزەکــە ئــامــا دە کـــــە •

( خوشکی بچووك دێتە ژوورەوە )

ئەو نانەی دەیخۆم زۆری زەحمەت ێیوە دەکێشم •

( بە خوشکی دەڵـێ )

دوێنێ زۆر شنەکەتو ماندوو بووم • دارسێوم هەڵدەباچیو کە ئێوارە داهات لە دلێ خۆمدا گوتم کە نەتوانم سێوێك بخەمە زارم بۆچی هێندە خۆم ماندوو بکەم • تاقەتم چوو !!

( دەست بە دەمو چاوی دادێنێ • وەستانێك )

ئەو ژنە هەر نەهاتەوە • دەبوایە یەکێکتان لەگەڵی بچن • ئاخر ئێوە بو ئەوە هاتوون • لەسەر خوانی من دەلەوەڕێنو شەرابی من نوش دەکەن • من ژیانم لەناو باخو کێلگەیە بەڵام ناموسم لێرەیـــە ناموسی من ناموسی ئێوەشە •

( خوشکی سەری ئیوەشـــە )

بە خراپی وەری مەگرە !

( یەرمـا دیتە ژوورەوە ، دوو جەڕەی پێیە • لەبەر دەرگـــا ڕادەوەســـــی • )

چووبوویتە ســـەرکانی ؟

یەرما : ئاوی سازگارمان بۆ شیوو پێ دەویست ٠
باخ و کێڵگە چۆنە !
خوان : دوێنێ درەختەکانم هەڵپاچی ٠
( یەرما جەرەکان دادەنێ ٠ وەستانێک )
( یەرما : لە ماڵێ دەمێنیتەوە ؟
خوان : نەء دەبێ بچمە بەر مەڕان ٠ خۆت دەزانی ئەمە ئیشی خاوەن ماڵاتە ٠
یەرما : زۆر باش دەزانم ، دووکارکی مەکەوە ٠
خوان : هەر پیاوێک بە جۆرێک دەژی ٠
یەرما : هەر ژنێکیش بە جۆرێک ٠ من داوات لێ ناکەم بمێنیتەوە ٠
هەرچی پێم بوێ لێرە هەیە ٠ خوشکەکانت زۆر چاویان لێمە ٠ من لێرە نانی نەرم و پەنیرو گۆشت بەرخم هەیەو مێگەلی تۆش لەوێ گیای نەرمی بەر خوناو دەخوا ٠ وا بزانم ژیانت ئاسوودەیە !؟
خوان : پیاو بۆ ئەوەی ژیانی ئاسوودە بێ دەبێ سەرو دڵی رەحەت بێ ٠
یەرما : جا تۆ سەرو دڵت رەحەت نیە ؟
خوان : نەء ٠
یەرما : ئەوەی دەتەویست بیلێی بەردێکی لەسەر دانێ ٠
خوان : خۆت نازانی چیم لە مێشک دایە ؟ مەڕ بۆ هۆرو ژن بۆ ماڵ ٠
تۆ زۆر دەچیتە دەرەوە ٠ گوێت لە من نەبوە هەموو جارێ وا دەڵێم ؟!
یەرما : با ، راستە ، ژن بۆ ماڵە ، کە ماڵەکە گۆڕ نەبێ ٠ کە کورسی شکابن و چەرچەفی کەتان کون و دراو بن لەبەر زۆر بەکار هێنان ٠
بەڵام لێرە نا ٠ هەموو شەوێ کە دەچم دەنووم دەبینم نوێنەکەم لە جاران نوێترو بریقەدارترە — دەڵێی تازە لە شار هاتوە ٠
خوان : تۆ خۆت تێ دەگەی کە هەقی گازاندەم هەیە ٠ هەقم بە دەستە



Scanned with CamScanner

ووریـــــا بـــم .

یەرمـــا : ووریا ؟ ووریای چی بی ؟ قەت دڵت ناشکێنم . فەرمانبەرداری
تۆمو هەرچی خەمو جەخارم هەبێ لە دڵی خۆم دایە . ڕۆژ بە
ڕۆژیش خراپتر دەبێ . با ئێستا بیبڕینەوە . لێ‌ڕادێم باش
بەرگەی ئازارەکانم بگرم بەڵام تۆ داوای هیچم لێ‌مەکە .
ئەگەر ئێستا کتوپڕ ببمە پیرەژنو دەمم وەك گوڵی پرووکاوی
لێ‌بێ هەر بۆت دەگرژمەوەو بەشداری ژیانت دەکەم ، بەڵام
ئێستا ، ئێستا وازم لێ‌بێنە خۆمو دەردی خۆم !

خـوان : تۆ بە جۆریکی وا قسە دەکەی من تێت ناگەم . حەزت لە هـەر
شتێ بێ دەنێرم لە شارەوە بۆت بێ . من عەیبی خۆم هەیـە
بەڵام ئاشتیو هێمنیم بۆ تۆ دەوێ . دەمەوێ لەناو کێلگـە
بنووم و هەست بکەم تۆش نووستووی .

یەرمـــا : بەڵام من نانووم . ناتوانم بنووم .

خـــوان : دیارە لە شتێکت کەمە ! پێم بڵێ ! وەڵامم بدەوە !

یەرمـــا ( بە ئەنقەس لە مێردی نزیك دەبێتەوە ) :
ئـــا ، لـــە شتێکم کەمـــە .
( وەســـتانێـــك )

خـــوان : هەمیشە هەر هەمان شتە . پێنج ساڵ زیاترە من هەر لـــە
بـــیرم کـــردوە .

یەرمـــا : بەڵام من تۆ نیم . پیاو لە ژیان‌دا شتی‌تریان هەیە : ڕانە مەڕ ،
دارو درەخت ، گفتوگۆ . بەڵام ژن تەنیا منداڵ بەخێـــو
کردنیان هەیە .

خـــوان : هەموو کەس وەکو یەك نیە . بۆ منداڵێکی برات ناهێنیتە لای
خۆت ؟ ڕێـــت لێ‌ناگـــرم .

یەرمـــا : نامەوێ منداڵی خەڵك بەخێو بکەم . وا دەزانم ئەگەر هەڵیـــان
بگـــرم باسکم ڕەق دەبـــێ .

خــوان : هەر دالغە بەو تەنیا شتە لێدەدەی تا ئەنجام نیمچە شــێت دەبی ــ لەباتی ئەوەی بیر لە شتێکی‌تر بکەیتەوە ــ و مکووڕی سەرت بــە بــەرد دادەدەی

یەرمــا : بەرد ، ئا • عەیبە بەرد بێ چونکە دەبێ سەبەتە گوڵو بۆنــی خۆش بــێ •

خــوان : پیــاو لای تۆ بێ لە نارەحەتی‌و هەراسانی بەو لاوە هەست بە هیچناکا • چارەت هەر ئەوەیە مل ڕابکێشی •

یەرمــا : من نەهاتوومەتە ناو ئەم چوار دیوارە تا مل ڕابکێشم • کــەی سەرم ببەستن‌و نەتوانم دەمم بکەمەوە ، کەی دەستم توند لە تابووتم ببەستریێ ، ئەو کاتە ، ئەو کاتە مل ڕادەکێشم •

خــوان : باشــە ، دەتــەوێ چ بکەی ؟

یەرمــا : دەمەوێ ئاو بخۆمەوە ، نە ئاو هەیەو نە بادی • دەمــــەوێ بەسەر چیا بکەوم ، قاچم نیە • دەمــــەوێ تــەنــــوورەم بنەخشێنم ، دەزووم دەست ناکەوێ •

خــوان : ڕاستی تو ژنێکی ڕاستەقینە نیت و دەتەوێ ماڵی ئەو پیاوە کاول بکەی کە هیچی بە دەست نیە •

یەرمــا : نازانم ئەمن چیم ؟ لێمگەڕێ بگەڕێم‌و خۆم بدوزمەوە • قــەت بە هیچ جۆرێ نەمخاپاندووی •

خــوان : نامەوێ خەڵك پەنجەم بۆ درێژ بکا • بۆیە دەمەوێ ئــــەم دەرگایە دابخرێ‌و هەر کەس لە ماڵی خۆی •

( کچی یەکەم بە هێدی دێتە ژوورەوەو دەچێتە لای هەندێ تەقجکــــە )

یەرمــا : قسە لەگەڵ خەڵك کردن تاوانە نیە•

خــوان : خەڵك وای دادەنــێ •

( خوشکەکەی‌تر دێتە ژوورەوەو دەچێتە لای جەرە ئاوەکــان مەسینەیەك لە یەکێکیان پڕ دەکــات )

خــوان ( دەنگی نزم دەکات ) : من باری شتی وا نابەم •

کە یەکێ قسەت لەگەڵ دەکا دەمت داخەو لە بیرت بێ کە ژنیکی بــە مــێردی •

یەرمــا ( بە سەرسامیەوە ) : بــەمــێرد !

خــوان : ئەو ماڵەش ساحێب ناموسن‌و ئەم ناموسەش باری ســەر شــانــی هەمــوومانــە •

( خوشکە هێدی مەسینەکە دەباو دەڕوا )

بەڵام لەناو یەك بۆڕی خوێندا تارو بێ‌هێزە •

( خوشکەکەی‌تر سینیەکی وەکو هی کۆرەوی پێیەو دەڕوا • وەســـتانێك )

بمبــــوورە •

( یەرمــا تەماشای مێردی دەکا • مێردی سەری بــــەرز دەکاتەوەو نیگایان لێك گیر دەبــێ • )

لەگەڵ ئەوەش‌دا تەماشام دەکەی تا پێت انەلێم بمبوورە بەڵکو ناچارت بکەم بە گوێم بکەی ، دەرگات لەسەر دابخەم ، چونکە مێردی تــۆم •

( هەر دوو خوشك لە دەرگاوە دەردەکەون )

یەرمــا : تکات لێ‌دەکەم باس مەکە ، بەردێکی لەسەر دانێ •

خــوان : با بچیــن نان بخۆیــن •

( هەر دوو خوشـــك دەڕۆن )

گوێــت لــێ بــووم ؟

یەرمــا ( بە ناسکی ) : تۆ لەگەڵ خوشکەکانت بخۆ • من هێشتا برسـیم نــەبــوە •

خــوان : کــەیفــی خۆتــە •

( دەڕوا )

یەرمــا ( وەك ئەوەی لــە خەون دا بێ ) •

ئای لەو دەشتە پــر خــەمــە !

وای لەو دەرگایەی لەسەر جوانی داخراوە !
کوڕ بـوون ژانـی دەویٚو
(با)یش داڵیای سەر مانگی خەواڵوو
دێنـــێ •
ئەو دوو کانیە پـڕ شیرەی من هەمن
لەناو لەشـمدا
تریەی دوو ئەسپی لـەغـارن ،
چلـی ئـازارم دەلەرێننـەوە •
ئای مەمکە کوێرەی ژێرکراس ،
ئـای کۆتری بێ چاوو بـێ سپیاتی !
ئـای ئازاری خوێنی پـەنـدم •
زەرگەتەی ئـــازار
دەوروژێنێتە بنـی مێشـکم •
بـەڵام دەبـێ هـەر بێـی ،
نـازدارەکـەم ، کـۆرپەکەم •
چـۆن ئـاو خویٚمـان دەداتـێ ،
خـاك میـوە •
هەور بە بارانەوە شیرینـەو
سکی ئێمەش کۆرپە دەلاوێنێتەوە •
( تەماشـای لای دەرگـا دەکـا )
ماریـە : بـۆ هێندە بە پرتاوی بە بەر دەر گاماندا دەڕۆی ؟
ماریـە ( دێتە ژوورەوە منداڵێکی لە باوشە ) : کە منداڵم بـێ وابـە
پرتاوی دەڕۆم ــ چونکە تۆ هەمیشە هـەر دەگـری و
دەکروزێیتـەوە •
یەرمـا : وایە ، ڕاسـت دەکـەی !
( منداڵەکە وەردەگرێ و دادەنیشێ )

ماریـــه : پێم ناخۆشه كه ئێرەییت پێ دێ •
یەرمـــا : ئێرەیـــی نیـــه ، قوربەســـەریــه •
ماریـــه : گلـــەییـــان مـــەكـــه •
یەرمـــا : چـــۆن گلەییان نەكەم كه دەبینم تۆو ژنەكانی دی هەناوتان پڕ گوڵەو تەماشـــای خۆیشـــم دەكەم ئەم هەموو جوانیەم بـــه فـــیڕۆ دەچـــێ •
ماریـــه : بەڵام تۆ شتیترت هەیه • ئەگەر گوێم لێبگری بەختەوەر دەبی•
یەرمـــا : ژنه جوتیارێ منداڵی نەبێ كەڵكی نیه ــ وەكو چنگە دڕكیـــك وایه ــ خراپتریشه ــ لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگە من پارچەیێ بم لەو خاكه وێرانەی دەستی خوای ناگاتێ •
( ماریه دەست دەبا كوڕەكەی وەربگرێتەوە )
هانێ • لای تۆ به كەیفتره • دەزانم دەستی من دەســـــــتی دایكـــــان نیـــــه •
ماریـــه : بۆ وا دەڵێـــی ؟
یەرمـــا ( هەڵدەستێتەوە ) : چونكه وەڕس بووم • لەم دەستانه وەڕس بووم‌و ناتوانم بۆ شتی تایبەتی خۆم بەكاریان بێنم • چونكه به ئازارم ،به ئازارم‌و وا هەتك بوویم نەبێتەوە • گەنم دەبینم پێ‌دەگاو گوڵ دەردەكا ، كانی بەردەوام ئاوی لێ‌هەڵدەقوڵێ ، مەڕ سەدان بەرخی دەبێ ، دێلە سەگ •••
سەراپای پێدەشت له بەرچاوم هەڵدەستێتەوەو فەرخـــەی ناسك‌و خەواڵووی خۆیم پێشان دەدا •
بەڵام من له باتی دەمی منداڵەكەم هەست به زەبـــری دوو چەكووش دەكـــەم ، لـــێره •
ماریـــه : حەز ناكەم قســـەی وا بكەی •
یەرمـــا : ژنینه ، ئێوه خۆتان منداڵتان هەیەو بیر له ژنی بێ منـــــداڵ ناكەنەوە ، ئێوه هەمیشه تەڕو پڕن‌و چ خەمتان نیه دەق وەكو

یەکێ کە لە ئاوی سازگار مەلەوانی بکا نازانێ تینوێتی چیە !

ماریـــە : نامەوێ ئەوەت لێ‌دووپات بکەمەوە کە هەمیشە پێم گوتووی •

یەرمـــا : هەموو جارێ ئارەزووم زیاترو هیوام کەمتر دەبێ •

ماریـــە : زۆر خراپــــە !

یەرمـــا : گەیشتوومەتە ئەو ڕایە کە من کوڕی خۆمم • زۆر شەو گایـــان ئالێك دەدەم ــ کە پێشتر نەمدەکرد چونکە ئەمە ئیشی ژنان نیە ــ لە تاریکایی گەوڕدا دەڕۆم ترپەی پێم دەڵێ ترپەی پێــی زەلامانـــــــە •

ماریـــە : هەر کەسە بیانوویەك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە •

یەرمـــا : سەرباری هەموو شتێکیش هیوام بە خۆم هەر هەیە • دەبینی دەژیـــــم •

ماریـــە : دشەکانـــت چۆنـــن ؟

یەرمـــا : یاخوا بمرم‌و کفنم نەبێ ئەگەر قەت قسەیەکیان لەگەڵ بکەم •

ماریـــە : ئـــەدی مـــێردت ؟

یەرمـــا : هـــەر سێکیـــان دژی منـــن •

ماریـــە : چۆنـــی تێ‌دەگـــەن ؟

یەرمـــا : خەیاڵی پیسیان لە سەردایە وەکو مرۆڤی ویژدان‌پیس وان • وا دەزانن من دۆستم هەیە • ئەگەر پیاوێکی‌تریشم خۆش بوێ ، بۆ هی وەکو من نامووس لە سەرووی هەموو شتێکە • ئەوانە بوونەتە بەردی سەر ڕێم بەڵام نازانن ئەگەر بمەوێ دەتوانم ببم بە ئاوی تیژڕۆی ڕووبارو ڕایانبماڵم •

( کچی دوەم دێتە ژوورەوە ، لەتە نانێك دەباو دەڕوا • )

ماریـــــە : لەگەڵ ئەمەش‌دا وا بزانم مێردەکەت هەر خۆشی دەوێی •

یەرمـــا : مێردم نان‌و داڵدەم دەدا •

ماریـــە : لە چ دەردەسەریەك دای ! چ دەردەسەری ؟! بەڵام برینـــی مەسیحت لە بیر نەچێ !

## ( لـەبـەر دەرگـان )

یەرمـا ( تەماشای منداڵەکە دەکا ) : ئێستا واگایە ؟

ماریـە : هەر ئێستا هەڵدەکاتە گۆرانـی .

یەرما : چاوی کتو مت چـاوی تۆیە ، دەزانـی ؟
هاتستت پـێکردوە ؟
( دەگـــری )
چاوی کتومت چـاوی تۆیـە .
( ماریـە بە نەرمی پاڵ بە یەرماوە دەنێ و بە بێ دەنگی دەڕوا .
یەرما دەچێتە لای ئەو دەرگایەی مێردی پێدا ڕۆیشت . )

کچـی ۲ : ووس !

یەرمـا ( ئاور دەداتەوە ) : چیـە ؟

کچـی ۲ : ڕاوەستام تا ڕۆیشت . دایکم چاوەڕێتە .

یەرمـا : بـە تەنێیـە ؟

کچـی ۲ : دوو دراوسـێی لایـە .

یەرمـا : پێیـان بلـێ نەختـێ چاوەڕێ بـن .

کچـی ۲ : بە ڕاستی دەچی ؟ ناترسی ؟

یەرمـا : ئا . دەچـم .

کچـی ۲ : کەیفـی خۆتـە .

یەرمـا : پێیـان بلـێ ئەگەر درەنگیش داهات هەر چاوەڕێم بکان ؟
( فکتـۆر دێتـە ژوورەوە )

فکتـور : خـوان لـێرەیـە ؟

یەرمـا : ئـا .

کچـی ۲ ( بە مخەننەتـی ) : پاشان بلووزەکە دێنـم .

یەرمـا : باشە ، کەی ویسـتت .
( کچـەکـەدەڕوا )
دانیشـە .

فکتــۆر : ئاوام پێخۆشه !

یەرمــا ( بانگ دەکا ) : خــوان !

فکتــۆر : هاتووم ماڵاوایی بکــەم .

( نەختێ دەلەرزێ بەڵام دان بە خۆیدا دەگرێ )

یەرمــا : لەگەڵ براکانــت دەچــی ؟

فکتــۆر : باوکــم وای دەوێ .

یەرمــا : دەبــێ ئێستا پیر بوو بــێ .

( وەســـتانێـــك )

یەرمــا : چاك دەکەی کێلگان دەگۆری .

فکتــۆر : هەموو کێلگەیەك وەکو یەك وایە .

یەرمــا : نەء . من حەز دەکەم زۆر دوور بکەومەوە .

فکتــۆر : هەمووی یەك شتە . عەینی تاس و عەینی حەمام .

یەرمــا : بۆ پیاوان وایە بەڵام نسبەت بە ژنان جودایە . قەت نەمبیستوە پیاوێك بە دەم خواردنەوە بڵێ :

« ئەم سێوانە چەند خوشن ! » . ئێوە دەچنە دوای ئیشــی خۆتان و گوێ بە هیچ شتێ نادەن بەڵام بەش بە حاڵی من وام لێهاتوە رقم لە ئاوی ئەم بیرانە دەبێتەوە .

فکتــۆر : دەبــــێ !

( سێبەرێکی تەنك شانۆ دادەگرێ )

یەرمــا : فکتۆر !

فکتــۆر : بەڵــێ .

یەرمــا : تۆ بۆ دەڕۆی ؟ لێرە خەڵك خۆشیان دەوێی !

فکتــۆر : ڕەوشتی خۆم چــاك کردوە .

( وەســـتانێــك )

یەرمــا : تۆ هەمیشە ڕەوشتت باش بوە . کە منداڵ بووی جارێکیان لــە هەمیزت کردم بیرتە ؟ بنیادەم نازانێ چی بەسەر دێ .



Scanned with CamScanner

فکتــۆر : هەموو شـــت دەگۆڕێ •
یەرمــا : هەندێ شت قەت ناگۆڕێن • هەندێ شت هەن لەناو چـوار دیوار دانرو دەرگایان لەسەر کلیل دراوەو ناگۆڕێن ، چونکە کەس گوێی لێ نابن •
فکتــۆر : شتەکە ئــاو هایــە !
( خوشکی دووەم دەردەکەوێ ووردە ووردە دەچێتە لای دەرگا ، لەوێ ڕەق ڕادەوەستێ ، دوا زەردەبەر لێی دەدا • )
یەرمــا : بەلام ئەگەر کتوپڕ بێنە دەرەوەو هاوار بکەن گوێـــی دونیـا کــەڕ دەکــەن •
فکتــۆر : چ سوودی نیە • زەندوڵ لە شوێنی خۆیەتی • مەڕ لە هۆڕە ، مانــگ لە ئاسمانە ، پیاویش لەگەڵ هەوجارە •
یەرمــا : بەستەزمانیمان لەوەدایە سوود لە نافیکردنەوەکانمان وەرناگرین !
( دەنگی درێژوغەمباری شمشاڵی شوانان دێ )
فکتــۆر : میگــەلـــن •
خــوان ( دێتە زوورەوە ) : لەسەر سەفەری ؟
فکتــۆر : ئا • دەمەوێ پێش ڕۆژهەلات لە دەربەند ئاودیو بـم •
خــوان : چ گازاندەت لە من هەیە ؟
فکتــۆر : نەء • شـــەرتێکی باشــت دامــێ •
خــوان ( بە یەرمــا دەلێ ) : مەڕەکانم لێ کڕیوە •
یەرمــا : کڕیـــت ؟
فکتــور ( بە یەرما دەلێ ) : هی خۆتانن •
یەرمــا : نەمــزانیــوە •
خــوان ( بە دلنیاییەوە ) : با ، ئاوهایــە !
فکتــۆر : مێردەکەت دەبینی زەویەکانی • لەسەریان دەڕژێتەوە •
یەرمــا : درووێنە بۆ ئەو سەپانانەیە کە لە درووێنە بگەڕێن •
( ئەو خوشکەی لەبەر دەرگا بوو ، دەڕوا ، دەچێتە ژووریکی تردا

خـوان : ئێستا چ جێمان نیە ئەم هەموو مەڕەی تێکەین •
یەرمـا ( بە غەمباری ) : دونیا پانو بەرینە •
( وەســـــتانێـك )
خـوان : تا سەر ڕوبار پێکـەوە دەڕۆین •
فکتــۆر : ئومێدەوارم ئەم ماڵە لەو پەڕی خێرو خۆشی دابێ •
( دەستی یەرمـا دەگوشـێ )
یەرمـا : خوا بە زارت دا بڕوێنێ • خوات لەگەڵ •
( فکتۆر دەیەوێ بڕوا • بەڵام بە ئیشارەتێکی نهێنی یەرمـا دەگەڕێتـەوە • )
فکتــۆر : چ قسەت کــرد ؟
یەرمـا : گوتــم خــوات لەگەڵ •
فکتــۆر : ســوپاس •
( دەڕۆن • یەرما ڕادەوەستێ • پەستە. تەماشای دەستی خۆی دەکا کە خستبوونیە ناو دەستی فکتۆر • خێرا دەڕواتـە لای دەستە چەپو دەست دەداتە چارۆکەیەك • )
کچـــی ٢ : (بەبێ دەنگی دەستی دادەپۆشێ) : وەرە ، بابڕۆین •
یەرمـا : وەوە •
( بە ئەسپایی دەڕۆن • شانۆ تاریك دادێ خوشکی یەکەم دێتە ژوورەوە. چرایەکی بە دەستەوەیە بەڵام چ ڕوناکیەکی وای نیە • دەچێتە لایەکی شانۆ لە یەرما دەگەڕێن • دەنگی شمشاڵی شوانان دێ • )
دش ( بە دەنگێکی نزم ) : یەرما !
( خوشکەکەیتر دێتە ژوورەوە • تەماشای یەکتر دەکەنو بۆ لای دەرگا دەچـن • )
دشی دوەم ( بەدەنگێکی بڵندتر ) : یەرمـا !
دشییەکەم ( دەچێتە لای دەرگا • بە دەنگێکی فیزگەورانە ) •



Scanned with CamScanner

یەرمـــا !

( دەنگی زەنگوڵو شمشاڵی شوانان دێ شانۆ تەواو تاریکە )

پـــەردە



Scanned with CamScanner

## بەشی سێیەم

### پەردەی یەکەم

( ماڵی دولۆرزی جادووکەرە • ڕۆژ لە هەڵاتنە • )

( یەرماو دولۆرز لەگەڵ دوو پیرەژن دێنە ژوورەوە • )

دولۆرز : ئازاز بووی !

پیرەژنی ١ : هیچ هێزێ لە دونیادا وەکو هێزی ئارەزوو نیە •

پیرەژنی ٢ : ئاخر گۆڕستان زۆر تاریك بوو •

دولۆرز : زۆر جار لەگەڵ ئەم ژنانەی منداڵیان دەویست ئەم دوعایەیان لە گۆڕستان کردوە • هەموو دەترسان هەموو ، تەنیا تۆ نەبێ •

یەرما : بۆیە هاتووم چونکە منداڵم دەوێ • باوەڕ ناکەم تۆ ژنێکی ساختەچی بیت •

دولۆرز : ئەمن !؟ یاخوا دەمم وەك دەمی مردوان پڕ مێروو بێ ئەگەر قەت درۆم کرد بێ • جاری دوایە ، دوعام بۆ پیرەژنێکی دەرۆزەکەر کرد کە ماوەیەکی لە تۆ زیاتر بوو منداڵی نەدەبوو ، سکی هێندە جوان نەرم بوەوە پێی ڕانەکەیشت بگاتەوە گوند، هەر لە دەم ڕووبارێ دوو منداڵی بوو • خۆی لە پەڕۆی پێچاو هاوردنیە لای منو منیش تاپێم کرا لێیان خەفتم •

یەرما : توانیشی لە دەم ڕووبارەوە بە پێ بێ ؟

دولۆرز : هات ، کراسو قوندرەی خوێنیان لێدەچۆڕایەوە • بەڵام ڕووی دەبریقایەوە •

یەرما : هیچیشی بەسەر نەهات ؟

دولۆرز : چی بەسەر دێ ؟ خوا خوایە !

یەرما : هەڵبەت خوا خوایە • هیچی بەسەر نایە • هەر هێندە مەلۆتکەکانی هەڵدەگرێتەوەو لە ئاوی سازگار دەیانشوا ،

گیاندار دەیانلێسنەوە ، وا نیە ؟ من دەزانم کوڕی خـۆم
نەخۆشم ناکا . دەزانم ئەو ژنانەی تازە منداڵیـــان بوە
دەروونیان ڕوناکەو منداڵیان چەند سەعاتێ لەسەر سنگیـان
دەخەون گوێیان لێیە ڕووباری شیر مەمك پڕ دەکاتا بیمژن ، تا
تێر دەبن ، تا سەریان قیت دەکەنەوە : « کوڕم نەختێکـــی
تریش ! » سینگو ڕوویان پڕ دڵۆپی سپی دەبێ .

دولـۆرز : ئێستا منداڵت دەبێ . دڵنیا بە دەتبێ .

یەرمـا : منداڵم دەبێ چونکە دەبێ بمبێ ئەگەرنا لە مانای دونیا ناگەم ،
هەندێ جار کە هەست دەکەم نامبێ ، لافاوی ئاگرێك لە بنـی
پێمەوە دێو ناخەوەم ڕادەماڵێو هەموو شتێکم لا بۆشـــو
بەتاڵە : ئەو پیاوانەی بە جادەدا دەڕۆن ، گاران ، بەرد ، دەڵێی
ئەمانە هەموو لە پەمۆ دروست کراون ، جا لە خۆم دەپرسـم
ئەمانـــە بـــۆ لـــێرەن ؟

پیرەژنی ١ : هەڵبەت ، جێی خۆیەتی ژنی بەمێرد منداڵی بوێ ، بـــەڵام
ئەگەر نەیبوو ئەم هەموو تامەزرۆییەی بۆ چیە ؟ گرنکترین شت
لەژیان ئەوەیە لێ بگەڕێن ڕۆژگار ڕامان بپێچێ . من ڕەخنە لە
تۆ ناگرم . دیت چۆن دوعام بۆ کـــردی ؟ باشە ، بە تەمای چ
زەویەك ، چ شادیەك ، چ کورسیەك بە کوڕەکەت ببەخشی ؟

یەرمـــا : من بیر لە بەیانی ناکەمەوە . بیر لە مڕۆ دەکەمەوە تۆ پـــیریو
وەکو کتێبێ تازە خوێندرابێتەوە ئاوا دونیا دەبینی . من خوم
دەزانم چەند تینووم و چۆن هیچ سەربەستیم نیە . دەمەوێ
کوڕم بگرمە هامێز تا بە دڵنیایی بخەوم . باش گوێ بگرەو لە
قسەم مەترسە . ئەگەر سوور بزانم کوڕەکەم پاشان ئازارم
دەدا ، ڕکی لێدەبمەوە ، پرچم دەگرێو لە کۆڵانان ڕامدەکێشێ
، هێشتا هەر پێ شادم بمبێ ، چونکە بۆ ئەو پیاوە زیندوە بگریم
کە تێم هەڵدەدا زۆر باشترە لەو تارماییەی چەند ساڵە نیشتۆتە

پیرەژنی ١ : تۆ هێشتا منداڵی و ئامۆژگاریت پێ وەرناگیرێ • بەڵام کە چاوت لە ڕوحمی خوایە دەبێ مێردی خۆیشت خۆش بوێ •

یەرما : وای ! قووڵترین برینی لەشت کوڵاندمەوە !

دولۆرز : مێردەکەت پیاوی چاکە •

یەرما (هەڵدەستێتەوە) : باشە ! باشە ! بەڵام فایدەی چیە ؟ بریا خراپ بوایە ! بەڵام نەء • بە ڕۆژ مەڕ دەباتە پاوانان، بە شەو پارە حسێب دەکا • کە لەگەڵم دەخەوی ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ بەڵام هەست دەکەم ناوقەدی وەك مردوو ساردو سڕە و منیش هەر چەندە خۆم ڕکم لە ژنی گەرم دەبێتەوە بەڵام لەو ساتەدا حەز دەکەم ببم بە شاخێك ئاگر •

دولۆرز : یەرما !

یەرما : من ژنێکی بە مێردی بێ شەرم نیم ، بەڵام دەزانم منداڵ لە ژن و پیاو دەبێ • وای ئەگەر بمتوانیایە بە تەنێ منداڵم ببێ !

دولۆرز : لە بیرت نەچێ مێردەکەشت بە ئازارە •

یەرما : هیچ بە ئازار نیە • گرفتەکە لەوەدایە کە ئەو منداڵی ناوێ !

پیرەژنی ١ : قسەی وا مەکە !

یەرما : لە نیگای چاویەوە دیارە • لەبەر ئەوەی خۆی منداڵی ناوێ نایداتە منیش • من خۆشم ناوێ ، خۆشم ناوێ لەگەڵ ئەمەشدا هەر ئەوم هەیە فریام کەوێ • بە ناموس و بە خوێن هەر ئەوە فریام کەوێ •

پیرەژنی ١ (بە ترسەوە) : هەر بزانە ڕۆژ هەڵات • دەبێ بچینەوە ماڵ •

دولۆرز : هەر هێندەت زانی میگەلیان هاژوا • جوان نیە بە تەنێ بتبینن •

یەرما : ئەم دڵنەوایییەم دەویست • چەند جار دوعاکە بڵێمەوە ؟

دولۆرز : دوعای سەرکەوتن ، نیوەڕۆ دوو جار ، دوعای ست ئان ، کە هەستت کرد سکت هەیە • ئەو ربە گەنمەی هەرێت دابوو بۆم بێنە •

پیرەژنی١ : زەردە لە سەرانە ، برۆ •

دولۆرز : ئێستــــا دەرو دەروازەی کۆلانان دەکەنەوە ، بــەلای ڕووباردا
بسووڕێتەوە باشترە •
یەرما (بە بێ وورەیی) : نازانم ، بۆ هاتم !
دولۆرز : پێت ناخۆشە ؟
یەرما : نەء •
دولۆرز (بە پەشۆکاوی) : ئەگەر دەترســی تا سیلە لەگەڵت دیم •
پیرەژنی ١ (بەشپرزەیی) : تا دەگەیتەوە ماڵێ ڕۆژ هەڵدێ •
(دەنگ دێ)
دولۆرز : بێ دەنگ بن •
(گوێ دەگرن)
پیرەژنی ! : کەس نیە ، خوات لەگەڵ •
(یەرما بۆ لای دەرگا دەچێ ، لەو کاتەدا لــە دەرگا دەدرێ •
هەر سێ ژن ڕادەوەستن)
دولۆرز : کێیە ؟
دەنگ : منم •
یەرما : دەرگاکە بکەوە •
( دولۆرز دوودڵە )
دەکەیتەوە یان نا ؟!
(جیە دێ • خوان و هەر دوو خوشکی دێنە ژوورەوە)
دشی ٢ : ئەوەتا •
یەرما : ئا ، ئەوەتام •
خوان : ئەوە لێرە چ دەکەی ؟ ئەگەر بمتوانیایــە هاوارێکــی وام دەکــرد
سەراپای دێم واگا دەهێنا بۆ ئەوەی ببینن شەرەفی ماڵم چۆتە
کوێ — بەڵام دەبێ هەموو شتێ بخۆمەوەو بی دەنگ بم چونکە
تۆ ژنی منیت •
یەرما : منیش بمتوانیایە هاوارێکــی وام دەکرد مردووم لە گۆڕ ڕاســت

دەکردەوە بۆ ئەوەی ببینن من چەند پاکو بێ تاوانم •

خوان : نا ، شتی وا بە من مەڵێ ! ئەوە نەبێ هەموو شتێکم پێ قبوولدەکرێ • تۆتەفرەم دەدەی ، گاڵتەم پێدەکەی • منیش لەبەر ئەوەی کابرایەکم لەناو باخان ئیش دەکەم دەرەقەتی زیرەکی تو نایەم •

دولۆرز : خوان !

خوان : تۆ ، تۆ هیچ قسەت لە دەم دەرنەیە !

دولۆرز (بەتوندی) : ژنی تۆ هیچ ئیشی خراپی نەکردوە؟

خوان : لە یەکەم ڕۆژی زەماوەندەوە ئیشی خراپ دەکا • بە دوو چقڵ تەماشام دەکا • شەو ناخەوێو لە تەکمەوە چاوی زەق زەقە • سەرینم پڕ هەناسەی بەد دەکا •

یەرما : بێ دەنگ بە !

خوان : منیش چیتر خۆم بی ناگیرێ ، چونکە پیاو ئەگەر ئاسن بێ ئەگەر نا ناتوانێ لەگەل ژنی وا هەڵ بکا کە بیەوێ پەنجە لە دڵی ڕابکاو شەو ماڵ بە جێ بێلێو بچێتە دەرەوە • دەچی لە چ دەگەڕێی ؟ پێم بڵێ ! کۆلان گوڵی تێدا نیە بۆ گوڵ چنین بچی •

یەرما : لێناگەڕێم یەك قسەی تر بکەی ، یەك قسەیتر • بە خۆتو بە خزمەوە وا دەزانن هەر ئێوە ناموستان دەپارێزن • نازانن ماڵەبابی من هیچ پێچو پەنایان نیە • وەرە پێش • لێم نزیك کەوە ، شمەکم بۆنکە ، نزیکەوە ! ئەگەر لە بۆنی خۆت زیاتر هیچ بۆنی لێهات ، بە ڕووتو قووتی لە ناوەندی گوند ڕامگرەو تف بارانم کە ، چم لێ دەکەی لێم بکە چونکە من ژنی تۆم بەلام ئاگات لە خۆت بێ ناوی چ پیاوێکم بە سنگەوە نەنێی •

خوان : من بە سنگتەوە نانێم ، تۆ بەو ڕەوشتە بە سنگتیەوە دەنێی • شاریش پڕ بوە • بە ئاشکرا باس دەکەن • کە لە کۆمەڵێك نزیك



Scanned with CamScanner

دەبمەوە هەموو کڕ دەبن ، کە دەچم ئارد بکێشم هەموو بێ دەنگ دەبن ، هەتا شەویش ، لە ناو باخان ، کە واگا دێم ، وا هەست دەکەم گەلاو چلی داران کڕ دەبن •

یەرمــا : نازانم بۆچی بایەکی وای دێ گەنم پیس دەکا • خۆت تەماشاکە بزانە گەنمەکە باشە !

خــوان : منیش نازانم ئەوژنە بیستو چوار سەعات لە دەرەوەیە ، لە چ دەگەڕێ •

یەرمــا ( دەتەقێتەوە ، باوەش بە مێردی دا دەکا ) : لە تۆ دەگەڕێم • لــە تۆ دەگەڕێم • شەوو ڕۆژ لـــە تۆ دەگەڕێمو سێبەرێك نیــە هەناسەیەکی لێ بدەم • خوێنو فریاکەوتنی تۆم پێ‌دەوێ •

خــوان : لێم دوورکەوە !

یەرمــا : وەلام مەنێ ، خۆشت بوێم !

خــوان : بڕۆ ئەو لاوە •

یەرمــا : تەماشاکە چۆن تەنیام • دەڵێی مانگم کە ﷲ لە ئاسمان بــە دوای خۆی‌دا دەگەڕی • تەماشام کە •

( تەماشای خوان دەکا )

خــوان ( تەماشای دەکاتو بە توندی دەڕوا ) :

لێم‌گەڕێ ــ جارێکەو هەتایە !

دولۆرز : خــوان !

( یەرما بەر دەبێتەوە )

یەرمــا (بە دەنگێکی بەرز ) :

کە بە دوای گوڵەکانم‌دا چوومە دەرەوە ، خۆم بە دیوارێك دادا •ئای‌ی ــ ئای‌ی ! سەری خۆم لەسەر ئـــەو دیـــوارە دەشکێنم •

خوان : بێ دەنگ بە ، با بڕۆین •

دولۆرز : وای خوایـــه !
بەرما (هاوار دەکا) : نەعلەت لە باوکم کە خوێنی خـۆی ، خوێنی سـەد
باوکی کورانی داوەتێ ٠ نەعلەت لە خوێنم کە بە دوای ئـەو
کورانەدا دەگەڕێو خۆی بە دارو دیوار دادەدا ٠
خوان : پێمگوتی بێ دەنگ بە !
دولۆرز : خەڵك هات ! دەنگت نزم کە !
بەرما : باکم پێ نیە ٠ هیچ نەبێ لێگەڕێ بە سەربەستی دەنگ هەڵبـڕم ،
کەوتوومە ناو بیرازێکی تەنگوتاریك ٠
( هەڵدەستێتەوە )
هیچ نەبێ ئەو شتە جوانەی ناو لەشم بێتە دەرێو دونیا پڕ بکا٠
( دەنگ دێ )
دولۆرز : بێرەدا تێدەپەڕن ٠
خـــوان : ووس !
بەرمـــا : ئەوەیە ، ئەوەیە ! ووس ٠ ترست نەبێ ٠
خـــوان : با بڕۆین ـــ خێرا کـــە ٠
بەرمـــا : ئەوەیە ، ئەوەیە ٠ کەلکی نیە دەستی خۆم بگوشم ٠ یەك سەرەو
یەك ئارەزوو ٠
خـــوان : بێ دەنگ بە !
بەرما (بە نزمی) : یەك سەرەو یەك ئارەزوو ، ئەوەیتریش بـــو لەشـــە ـــ
نەعلەت لە لەش.وەڵامی نیە ٠ شتەکە نووسراوەو چـــەك لـــە
دەریا هەڵناکێشم ٠ ئەوەیە ! دەبا قوڕم بە دەم دابدرێ !
(دەڕوا)
ـــ پەردەیەکی خێرا ـــ

## بەشی سێیەم
## پەردەی دووەم

(دەورەی خەڵوەتخانەیەکی ناو شاخان • بــەر شانۆ پێچکە عارەبانــەو هەندێ مشەممایە، بۆتە خیوەتێکو یەرما لەو ناوەیە )

(هەندێ ئافرەت دێنە ژوورەوە ، قوربانییان پێیە بۆ تسنەکە • پیرخاوس پیرەژنە شادەکەی پەردەی یەکەم لەسەر دەمی شانۆیە • )

گۆرانی (پەردە هێشتا لانەدراوە • دەنگی گۆرانی دێ) :

**کە ئارەزووت سەربەست بوو ،**
**قەت نەمدەدیتی •**
**بەڵام ئێستا کەزنیت**
**دەتبینــــم •**
**کە شەو تاریك دادێ ،**
**نیوەشەو دەزرنگێتەوە ،**
**دەبێبینمو**
**ئەی حاجی‌ورن ،**
**کراست لەبەر دەکەمەوە !**

پیرەژن(بە تەوەزەلی) : ئاوی پیرۆزت خواردەوە ؟

ژنی١:ئا •

پیرەژن : جا با بزانین ئەم پیرە کار دەکا ؟!

ژنی ١ : بڕوامان پێ هەیە •

پیرەژن : بۆ منداڵ ها توویتە لای پیرو ساڵ بە ساڵ مرۆی ڕەبەن دێنە ئەم حەجە ، چ هەیە ؟

(پێ‌دەکەنێ)

ژنی١: ئەگەر بڕوات پێ نیە ، بۆ دێی !؟

پیرەژن:هەر بۆ ئەوەی بزانم چ هەیە • شێتی ئەوەم بزانم چ هەیـــەو
چاوم لە کوڕم بێ • پار دوو پیاو لـــەسەر ژنێکی قسر یەکیان
کوشت • منیش دەمەوێ وورپای خۆم بم • دوا جار ، بۆیە
هاتم ، چونکە پێم خۆش بوو بێم •
ژنی١ : خوا لە گوناهت خۆش بێ •
(دەڕوا)
پیرەژن (بە تیزەوە) : لە گوناهی تۆ خۆش بێ •
(دەڕوا ، ماریەو کچی یەکەم دێنە ژوورەوە) •
کچی ١ : ژنە هات ؟
ماریە : ئەوە عارەبانەکەیەتی • تا هات بەرد بە کەرتك بوو • مانگێـــکە
لەسەر کورسیەکەی هەڵنەستاوە • ترسم لێ هەیە • بیرێکی
لە مێشك دایە من تێیناگەم ، بەڵام بیرێکی خراپە •
کچی ١ : لەگەڵ خوشکم هاتم • ئەوە هەشت ساڵە بێهوودە هاتو چۆی
ئێرە دەکا •
ماریە : ئەوەی مەبەستی بێ مندالی ببێ ، دەبێ •
کچی ١ : منیش وا دەڵێم •
(دەنگ دێ)
ماریە : قەت هەوەستم بەم هەچانە نەهاتوە •با بچینە ناو شینایـــی ،
خەڵکێکی زۆری لێیە •
کچی ١ : پار ، بەتاریکێ ، هەندێ گەنج مەمکی خوشکەیان گرت •
ماریە : لێرەوە تا چوار قوناغە ڕێ ، لەم قسەو قسەلۆکانە زیاتر گوێـــت
لە هیچ نابێ •
کچی ١ : چل بەرمیل شەرابم زیاتر لە پشت خەڵوتخانەدا بینی •
ماریە : لێشاوی پیاوی ڕەبەن لەم شاخانە شـــۆڕ دەبێتـــەوە (دەڕون ،
دەنگ دێ • یەرماو شەش ژن دێنە ژوورەو دەچنە کلیسا •
بێ خاوسنو مۆمی ڕەنگاو ڕەنگیان پێیە • شەو دادێ • )

ماریە : خوایە ، گوڵم بپشکوێنە ،
گوڵی من لەبەر سێبەر جێ مەهێلە ٠

ژنی ٢ گوڵی زەرد
لەسەر لەشی قەسری بپشکوێنە !

ماریە : گڕی ڕەشی زەوی
کوڕ سێ ژنان: خوایە ، گوڵم بپشکوێنە ،
گوڵی من لەبەر سێبەر جێ مەهێلە ٠
(چۆک دادەن)

پەرما : دەبێ ئاسمان باخچەی وای لێ بێ ،
بنەگوڵی شادی تێدا بێ ،
بەینی هەر گوڵێکو گوڵێکی تر
گوڵێکی سەیرو عاجباتی بێ
تیشکی گەشی بەیانی لێ بێ و

پشتەوە دەکەن ٠ دەنگو زایەلەی زەنگوڵو شتی وا لـــە سەرشانۆ دێ ٠ حەفت کچ لەلای هەورازی دەردەکـەونو تێلمە پەڕۆکان بـۆ لای دەستە چـەپ ڕادەوەشێنن ٠ دەنگو هەرا زیاد دەکاو دوو دەمامکی میللی دەردەکەون ٠ یەکـێ نێرینەیەو ئەوەی‌تر مێینە ٠ دەمامکی گەورەیان پۆشیوە ٠ بەرگیان ئاسایە بەڵام زۆر جوانەو هەستی پاکـی خاکـی پێوەیە٠ مێینە کە زەنگوڵێکی گەورە ڕادەهەژێنێ ٠پشتەوەی شانۆ پڕ خەڵک دەبێ ٠ هاوار دەکەنو باسی شایی دەکەن زۆر تاریکە ٠ )

منداڵان : شەیتان و ژنی ، شەیتانو ژنی !

فریستەیەك پاسەوان بێ
باڵی وەك ڕەشەبا ،
چاوی وەك ژان وا بی •
جۆگای شــیر
یاری لەناو گەلاکانی بکا ،
یاری بکاو ڕووی ئەستێرەی هێمن تەڕ بکا •
خوایە ، پنەگوڵەکەت
لە سەر لەشی قسرم
بپشکوێنە •
(هەڵدەستێتەوە)
ژنی ۲ : خوایە ، بە دەستی خۆت
درکی سەر گوڵەی دەربێنە •
یەرما : دوعام قبووڵ کە
منی بە ئازاری حەجی پیرۆز •
گوڵەکەت لە ناو لەشم بکەوە •
با هەزار چقلیشی پێوە بێ •
گوڵی من لەبەر سێبەر جێ مەهێلە •
کۆرسی ژنــان :
گوڵی من لەبەر سێبەر جێ مەهێلە •
یەرما :
گوڵێکی زۆر سەیرو عاجباتی
لەسەر لەشی قسرم •
(دەڕۆن) ،
(لەلای دەستە چەپ کچ ڕا دەکەن و تیلمە پەرۆی درێژیان بە دەستەوەیە • سێیتریش لەلای دەستەڕاســت تەماشــای



Scanned with CamScanner

مێینه :

ژنی غەمگین
لە ڕووباری سەخت
مەلەی دەکرد .
لەپێکەی بچکۆلەی ئاوی
بەرەو لەشی خشان .
لەبەر زیخی سەر کەنارو
گزەبای فێنکی بەیان
پێکه نینەکەی ئاورینکی دەهێناو
شانی کەوتبوە لەرزین .
ئاه ! خاتم ، چــۆن
بە ڕووتی لەناو ڕووبار وەستا بوو .

کور : ئاخ خاتم چۆن دەگریا !

پیاوی ١ : ئاخ ژنی بێ ئەوین
لە ناو ئاوو (با)دا !

پیاوی ٢ : با بلێ مەراقی کێیە ؟
پیاوی ١ : با بلی جاوەریی کی دەکا ؟
پیاوی ٢ : ئاخ ، بە سکی پەژمردەو
ڕەنگی بەرپوەوە !

مێینه : کە شەو داهات باس دەکەم ،
کە شەوی گەش داهات .
لە شەوی حەجدا
تەندوورەی گەجلاوم دەدرێنم .

کور : زوو شەو داهات .
ئاه !، شەو چۆن هات !



Scanned with CamScanner

تەماشا کە ، تاڤگەی چیــا
چۆن ڕەش دادەگەڕێ .
(دەنگی گیتار دێ)
نێرینە ( هەڵدەستێتەوەو کەلە شاخ ڕادەمەزێنێ ) :

ئای ، ژنی دڵ بە کەسەر
چەند سپیە !
ئای ، چۆن لە ژێر جلان
هەنسك دەدا !
کە نێرینە جوببەی دەکاتەوە
تۆ دەبێ بە مێخەکو خاشخاش .
(نزیك دەکەوێتەوە)
ئەگەر هاتیتە حەج
دوعا بکەی سکت ببێ
بەرگی تازیمانە مەپۆشە ،
کراسێکی کەتانی ئەڵمانی لەبەر کە .

بن دیوارو بن دیوار بڕۆ
کە پڕاو پڕی دار هەنجیرەو

تاسپێدە دەناڵێنن ،
بەرگەی لەشی خاکیم بگرە .
ئاە ، ژنە چۆن دەبریسکێتەوە !
چۆن دەبریسکایەوە .
ئاە ! ژنی سەرشین چۆن دەلەنجی !
هێبینە : ئاە ! با ئەڤین

تاجو چەپکە گوڵ لەسەر بنێ
با تیری گەشترین ڕیری
لەسەر سینگ بدرێ .
نێرینە : حەفت جار گریاو
نۆ جار هەستایەوە ،
یازدە جار
یاسەمینو پرتەقاڵ تێك ئاڵان..
پیاوی ٣ : ئێستا بە کەلە شاخ لێیدە !
پیاوی ٢ : بە گوڵو شایی !
پیاوی ١ : ئاە ! ژنە چۆن خۆی دەلەنجێنێ !
نێرینە : لەم حەجەدا ،
فەرمان هەر فەرمانی پیاوە .
مێرد (گـا)ن .
فەرمان هەر فەرمانی پیاوە
ئافرەت گوڵن .
بۆ ئەو کەسەی دەستی کەوێ .
کوڕ : ئێستا بە (با) لێی دە .
پیاوی ٢ : ئێستا بە جلو چیو لێی دە !
نێرینە : وەرنە تەماشای
گەورەیی ئەو ژنەی
خۆی جوان شووشتوە !
پیاوی ١ : وەك قامیش دەچەمێتەوە !
پیاوەکان : با کچە بچکۆلەکان برۆن .
نێرینە : با سەما گڕ بکرێ ،
لەشی بریقەداری



Scanned with CamScanner

ژنی پاکو بێ تاوانیش
گڕ بگرێ ٠
(بەدەم خەندەو پێکەنینو چەپلەوە بزر دەبن ٠
گۆرانی دەڵێن ٠ )
دەبێ ئاسمان باخچەی وای لێ بێ
بەینی هەر گوڵێکو گوڵێکی‌تر
بنە گوڵی شادی تێدا بێ ،
گوڵێکی سەیرو عاجباتی بێ ٠
(دوو کچ دیسان تێدەپەڕن هاوار دەکەن ٠
پیرەژنی شادومان دێتە ژوورەوە ٠ )
پیرەژن : با بزانین ئێستا لێ‌دەگەڕێی بخەوین ٠ هەر بزانە بوو بـــە شتێکی‌تر !
(پەرما دێتە ژوورەوە)
تۆ ...
(پەرما کەشەنگە ، قسە ناکا ٠)
پێم بڵێ بۆ هاتیتە ئێرە ؟
پەرما : نازانـــم ٠
پیرەژن : هێشتا دڵنیا نیت ؟ کوا مێردەکەت ؟
(پەرما نیشانەی شەکەتی پێوە دیارەو لەوە دەکا مێشکی بــە بیرێکەوە بتەقێ ٠)
پەرما : لێرەیە ٠
پیرەژن : چ دەکا ؟
پەرما : دە خواتەوە ٠
(وەستانێک ٠ دەست دەخاتە سەر نێوچەوانی) ئای‌ی !
پیرەژن : ئای‌ی ! ئای‌ی ! بەس ئای‌ئای ! وورەت بەرز کەوە پێشتــر

نەمدەتوانی هیچت پێ بڵێم ، بەڵام ئێستا دەتوانم .

یەرما : چ هەیە من نەزانم و تۆ پێم بڵێی ؟

پیرەژن : ئەوەی چیتر تەپس ناکرێ . ئەوەی لەسەر هەموو بانان هاوار دەکا. تاوان تاوانی مێردتە . گوێت لێیە ؟ ئەگەر وا نەبوو با قۆڵم ببڕێ . نە باوکی ، نە باپیری ، نە باپیرە گەورەی پیاوی کاڵو خوێن پاك نەبوون . تا منداڵیان دەبوو زەوی و ئاسمان خۆیان لێك دەدا ــ چونکە خۆیان لیکن و هیچی تر . بەڵام بنەماڵەی ئێوە ، نەء . لەم ناوە تا سەد میل هەموو براو ئامۆزای تۆن . سەیر کە ، جوانی تۆ بەر چ نەفرەتێ کەوتوە .

یەرما : نەفرەت ! گۆمە ژەهرێکەو گوڵەگەنمی تێدا خنکاوە .

پیرەژن : خۆ پێت هەیە ئەو ماڵە جێ بێڵی .

یەرما : جێی بێلم ؟!

پیرەژن : کە تۆم لە حەجدا بینی ، دڵم داخورپا . ژن کە دێنە ئێرە دۆستی نوێ دەگرن ، پیریش موعجیزەی خۆی دەنوێنێ . کورەکەم لە پشت کلیسا چاوەڕێم دەکا . ماڵم ژنێکی پێ دەوێ ، وەرە بەگەڵ کورەکەم بکەوە . هەر سێکمان پێکەوە دەژین . کورەکەم هەر خوێنە وەکو من وایە . ئەگەر بێیتە ماڵمان دەبینی هێشتا بۆنی لانکی لێ دێ . خوڵەمیشی چەرچەفەکانت دەبێتە نانو نمەك بۆ منداڵەکانت . وەرە ، گوێ مەدە قسەی خەڵك . هێندەی مێردەکەشتە ماڵی من بایی ئەوە دڵی نەبەردو چەکی تێدایە لێ نەگەڕێن هەر بە کۆڵانیش دابێ .

یەرما : ووس ! شتی وا نابێ . قەت شتی وا ناکەم . ناتوانم بچمە دەرەوە لە دوو کەس بگەڕێم . خەیاڵ دەکەی بتوانم لەگەڵ پیاوێکی تر ڕێك بکەوم ؟ شەرەف و ناموسم چی بەسەر دێ ! ئاو سەر هەوراز ناڕوا ، مانگی پڕ نیوەڕۆ هەڵنایە . ئەو ڕێیەی

گرتوومەتە بەر، بەری نادەم • بە ڕاستتە ، بڕوا دەکەی بتوانم بچمە باوەشی پیاوێکی‌تر ؟ بچم وەك قەرەواش داوای شتی خۆمی لێ بکەم ؟ تەماشام کە ، بمناسە ، جارێکی‌تر قسەی وام لەگەڵ نەکەی • من بە دوای کەس‌دا ناگەڕێم •

پیرەژن : کە یەکێ تینوو بوو ، هەوەسی بە ئاو دێ •

پەرمـا : من وەکو زەویەکی ووشکم کە هەزار جووتەگا بیکێڵێ‌و تۆ کوتکە ئاوێکی بیرم دەدەیتێ • ئازاری من زۆر لە ئازاری لەش زیاترە•

پیرەژن (بە توندی) : دەکەواتە هەر ئەوها بە ! مادام خۆت وات دەوێ ! وەکو چقلی زەوی ووشك‌و برینگ قسرو تیژی •

پەرمـا (بە توندی ) : قسر ، ئا ، دەزانم ، قسر • پێی ناوێ ڕوو بـە ڕوو پێم بڵێی • وەکو هەرزەکاران مەیە سەیرانی ئازاری گیاندارێکی وابچووك • من مێردم کردوە ، خۆم لە قسـەی وا لادەدەم• ئەمە یەکەم جارە گوێم لێ دەبێ • یەکەم جارە ڕوو بە ڕوو پێم دەڵێن • یەکەم جارە هەست دەکەم قسەکە ڕاستە •

پیرەژن : وا دەکەی بەزەییم پێتدا نەیەتەوە • هیچ • ژنێکی‌تر بۆ کوڕەکەم دەدۆزمەوە • (دەڕوا • لە دوورەوە دەنگی کۆرس دێ • حەجاج گۆرانی دەڵێن • پەرما بۆ لای عارەبانەکە دەچێ • خوان لـــە پشتەوە دەردەکەوێ)

پەرمـا : ئەو ماوە هەمووی لێرە بووی ؟

خـوان : ئا •

پەرمـا : خۆت لە من دانووساند بوو ؟

خـوان : ئا ، خۆم لە تۆ دانووساند بوو •

پەرمـا : گوێت لێ‌بوو ؟

خـوان : ئا •

پەرمـا : ئینجا ؟ لێم گەڕێ ، بڕۆ گۆرانی بڵێ •



Scanned with CamScanner

( له سەر مشەمماکە دادەنیشێ )

خـوان : نۆرەی قسەم هاتوە •

یەرمـا : بڵێ •

خـوان : گازاندەش •

یەرمـا : لەچی ؟

خـوان : کەرووم تاڵ بوە •

یەرمـا : منیش ئێسکم تاڵ بوە •

خـوان : چیتر گوێ لە ئازاری ئاڵۆزت ناگرم ـــ شتی بۆش ، شتی بێتام • ئەمە دوا جارە گوێ لە لالانەوەی دەگرم لە دەست شتی تاریك •

یەرمـا ( بە سەرسامیەوە ) : گوتت بۆش و بێ تام ؟ گوتت بۆش ؟

خـوان : ئەو شتەی کە نەبوەو نە منو نە تۆش هیچمان لە دەست نایە •

یەرمـا (بە توندی) : ئێی ئێی !

خـوان : ئەو شتەی من باکم پێ نیە • گوێت لێیە ؟ باکم پــێ نیــە ئێستا ناچارم پێت بڵێم • باکم بە شتێکە کە لەناو دەستم بێ ، لەبەر چاوم بێ •

یەرمـا (دەچێتە سەر چۆك ، بێ هیوایە) : ئا ، ئا • دەمە ویست ئەمە لە زاری تۆ ببیسم ••• ڕاستی ، کە لــە ناخمانەوە بــێ هەستی پێناکەین بەڵام کە دێتە ژوورەوەو بازووی بڵند دەکا چەنــد مەزنە ! چۆن هاوار دەکا ! ئێستا گوێم لێ بوو !

خـوان (لێی نزیك دەبێتەوە) : وای دانێ کە دەبوایە وابێ • گوێت لە من بێ • (باوەشی پێدا دەکا بۆ ئەوەی بەرزی بکاتەوە) زۆر ژن بە خێلی بە ژیانی تۆ دەبەن • ژیان بێ منداڵ خۆشترە • بەختەوەرم کە منداڵم نیە • تاوان تاوانی تۆ نیە •



Scanned with CamScanner

یەرمـا : کەواتە منت بۆچی بوو ؟
خـوان : هەر بۆ خاتری خۆت !
یەرمـا ( بە شادیەوە ) : ڕاستە ! ماڵت دەویســت ، هێمنیت دەویست ، ژنت دەویستو چیتر نا • قسەکەم ڕاستە ؟
خـوان : ڕاستە ! وەکو هەموو کەس •
یەرمـا : ئەدی شتیتر ؟ ئەدی کوڕت ؟
خـوان ( بە توندی ) : گوێت لێ نەبوو گوتم باکم پێ نیە ؟ چیتر ئـەو شتانەم لێمەپرسە ! چما دەبێ لەناو کۆیب هاوار بکەم بـۆ ئەوەی تێبگەی ، ڕەنکە ئێستا بە دڵنیایی بژی !
یەرمـا : کە دەتدی منداڵم دەوێ ، ئەو کاتیش بیرت لێ نەدەکردەوە ؟
خـوان : قەت ؟
(هەر دووکیان لە سەر عەردن)
یەرمـا : ئەدی بە تەمای کوڕ نەبم ؟
خـوان : نەء •
یەرمـا : تۆش بە تەما نی ؟
خـوان : نەء ، منیش بە تەما نیم • مل ڕاکیشە •
یەرمـا : قسر !
خـوان : با بە شادیو هێمنی پاڵ بدەینەوە • منو تۆ • بە شادی ، بـە هێمنی • بمگرە باوەش !
( خوان دەیگرێتە باوەش )
یەرمـا : بە دوای چیدا دەگەڕێی ؟
خـوان : تۆ ، تۆ لەبەر تریفەی مانگەشەودا جوانی •
یەرمـا : منت بەو جۆرە دەوێ کە هەندێ جار کۆترت بۆ خواردن دەوێ •
خـوان : ماچم کە ••• ئاوها !

یەرمـــا : شتی وا قەت نابێ ، قەت •

( یەرما دەشریقێنێ و دەست لە هەوکی مێردی دەنێ • خـــوان پاشەپاش دەکشێتەوە • یەرما خنخنۆکی دەگرێ تا قنیاتی لەبەر دەبڕێ • کۆرسی حەجاجان دەست بە گۆرانی دەکا •)

یەرمـــا : قسرم ، قسرم ، بەلام سایەوەم • ئێستا لێم مسۆ گەر بـــــوو • تەنیا خۆمم •

(هەڵدەستێتەوە • خەڵك ئاپۆرەی دەدا) لەمەو دوا کە دەخەوم چیتر لە خەو ڕاناچڵەکێم بۆ ئەوەی بزانم داخۆ خوێنێکی نوێم تێکەڵ خوێنی نەبوە • لەشم هەتا هەتایە ووشك بۆتەوە • تــۆ چیت دەوێ ؟ لێم نزیك مەکەوە ، من کوڕی خۆمم کوشتوە • من خۆم کوڕی خۆمم کوشتوە !

( ئەو کۆمەڵەی لە پشتەوەن ئاپۆرەی دەدەن • دەنگی کۆرسی حەجاجان دێ • )



Scanned with CamScanner

# ماڵی بەرناردا ئەلبا

درامایەکە لەبارەی ئافرەتی گوندەکانی ئەسپانیا

١٩٣٦

Scanned with CamScanner

— پەردە —

کەسـەکان

بەردناردا ( ٦٠ ساڵانـە )

مارِیەجوزیفا : دایکی بەرناردایە ( ٨٠ ساڵانـە )

ئەنگوستیاس : کچی بەرناردایە ( ٣٩ ساڵانـە )

مەگدەلینا : کچی بەرناردایە ( ٣٠ ساڵانـە )

ئەمیلیا : کچی بەرناردایە (٢٧ ساڵانـە)

مارتیریو : کچی بەرناردایە ( ٢٤ ساڵانـە )

عادیلە : کچی بەرناردایە ( ٢٠ ساڵانـە )

کارەکەرێك ( ٥٠ ساڵانـە )

لاپۆنسیا ، کارەکەرە ، ( ٦٠ ساڵانـە )

پرۆدینسیا ( ٥٠ ساڵانـە )

هەندێ ژنی تازیەدار ٠

( نووسەر دەڵێ ئەم سێ بەشە وەکو وەسیقەیەکی فۆتۆگرافی وان ٠ )



Scanned with CamScanner

## بەشی یەکەم

( ژووریکی زۆر سپی لە ماڵی بەرناردا ئەلبا ٠ دیوارەکانی سپین ٠ دەرگاکان تاقن و پەردەیان پیدادراوە ، پەردەکان کەچلاون و بسە گوڵینگ لــە پشتەوە بەستراون ٠ کورسی شوور ٠ وینەی مروشتی پــر پەری و زەری و پاشای ئەفسانەیی لەسەر دیوار هراون )

( هاوینە ٠ بێدەنگیەکی قووڵ باڵی بەسەر شانۆدا کیشاوە ٠ کە پەردە لادەدرێ شانۆ بەتاڵە ٠ لە دەرەوە ، دەنگی زەنگ دێ٠)

کارەکەری ١ ( دێتە ژوورەوە ) : زرنگەی ئەم زەنگانە یەکەو ڕاست لە دووی چاوم دەدا ٠

پۆنسیا ( دێتە ژوورەوە ، نان و سجوق دەخوا ) : دوو سەعات زیاترە هەرایە ٠ قەشەی هەموو هەموو شاری دارڕاونەتــە ئێرە ٠ کلێــا زۆر قەشەنگــە ٠ مەگدەلینا کە یەکەم جــار باسی مردنــی بیست بوورایەوە ٠

کارەکەری ١ : هەر ئەوە ، بە تاقی تەنی ماوە ٠

پۆنسیا : تەنیا ئەو باوکی خۆش دەویست ٠ ئای ! زۆر شوکر خوایــــە ! نەختێ تەنیا بین ٠ بۆ خواردن هاتم ٠

کارەکەری ١ : ئەدی ئەگەر بەرناردا تۆی دی ٠٠٠؟

پۆنسیا : ئەمڕۆ نان ناخوا ، وا بڕوا هەموو لــە برسان دەمریــن ٠ ٥ پیرە زۆرداری سەگسار ! بەلام شێتگیر دەبــێ ! سەری گۆنکەی سجووقم شکاند ٠

کارەکەری ١ (بە خەفەتیکی بەروشەوە) :

پۆنسیا ، هەندێکم نادەیێ بۆ کچە بچووکەکەم ؟

پۆنسیا : فەرموو ، چەنگە پاقلەیەکیش ببە ٠ ئەمڕۆ هەرقی پێناکا ٠



Scanned with CamScanner

دەنگ ( لەژوورەوە ) : بەرناردا !

ڕۆنسیا : داپیرەیە ! دەرگای لەسەر کلیل نەدراوە ؟

کارەکەری ١ : دوو بشکە ڕەپێش کراوە •

ڕۆنسیا : وا باشتر بوو لە پشتەوە گارەی بدا • پەنجەی پەنجەی ئمشیرە هەلگرانە •

دەنگ ( لەژوورەوە ) : بەرناردا !

ڕۆنسیا (هاوار دەکا) : وا هات !

(بە کارەکەرەکە دەڵێ)

هەموو شوێنێ جوان‌و خاوێن کەوە • ئەگەر بەرناردا ببینێ هەموو شتێ خاوێن‌و بریقەدار نیە ئەو کەمە قژەی بەسەرمەوە ماوە هەمووی دەردەکێشێ •

کارەکەر : چتۆ ژنە !

ڕۆنسیا : خورت‌و زۆردارە لەسەر ئەم هەموو خەڵکە زۆر چاك دەتوانێ یەك ساڵ چوك لەسەر دڵت دابداو سەیرت بکا دەمرێ بێ ئەوەی ئەو خەندە ساردو بچووکەی سەر ڕووی بڵحی لابکەوێ •

پیسن ! ئەو قاپانە پیسن !

کارەکەر : ئەوەندەم شتك سڕیەوە ، هەموو دەستم بوو بە خوێن •

ڕۆنسیا : لە هەموو شتێ خاوێنترو باگژومەزنترە !

مێردی کلۆڵی باش حەسایەوە ؟

(دەنگێ زەنگەکان دەبڕێ)

کارەکەر : هەموو خزم هاتن ؟

ڕۆنسیا : تەنیا خزمی ژنە ! خزمی کابرا ڕکیان لە کابرا دەبێتەوە • هاتن تەماشای مەیتی بکەن‌و نیشانەی خاچی لەسەر بکێشن‌و برآیەوە ؟

کارمکەر : کورسیەکان بەش دەکەن ؟

پۆنسیا : سەرو زیادن • با لەسەر عەرد دابنیشین • کە باوکی بەرناردا مرد خەڵکی چیتر نەهاتنە ژێر ئەم ساپیتەیە • ژنە نایەوێ لــە ماڵەوە بیبینن • نەفرەتی لێدا !

کارمکەر : ژنە لەگەڵت باش بوو ؟

پۆنیسا : سی (٣٠) ساڵە پەڕۆو پاتاڵی دەشۆم • سی (٣٠) ساڵە بەرماوی دەخۆم • کە کوخەی دەگرت شەو لە دیاری دادەنیشتــم • ڕۆژ تا ئێوارە لە درزی دەگــاو پەنجەرە خۆم لــە دراوسێیان دادەنووساندو دەنگو باسم بــۆ دەهێنا • کــەس نەبـــوو نهێنیەکی هەبێ ، بەڵام سەرباری ئەمەش ــ نەفرەتی لێدا ــ یاخوا بزماری لە چاوان بچەقێ ! ••

کارمکەر : پۆنسیا !

پۆنسیا : بەڵام من سەگێکی بەوەفام•• کە پێم بڵێ دەوەڕم وکە لـــــــە دەرۆزەکەرانم بەر بدا پاشپانیان دەگرم • کورەکانم ئیــش لە کێڵگەی ئەودا دەکەن ــ هەر دووك تازە ژنیان هێنــاوە • بەڵام لەم ڕۆژانە دەبیرمەوە •

کارەکەر : ئینجا ••• ؟

پۆنسیا : لە ژوورێکی دەکەمو لێی‌دەچمە ژوورو دەرگا خەشــت کلیل دەدەمو یەك ساڵی ڕەبەق تف لە چرو چاوی دەکەم • ئەمــە پەرامبەر ئەمەیان ئەمە لــە تۆڵەی فلان شــت ، ئەوەیــان لە تۆڵەی فیسار شت •••• تا وای لێدەکەم ــ وەك مارمیلۆکێ کە منداڵ پانی بکەنەوە • چونکە بە خۆو بە هەموو بنەماڵەوە مارمیلۆکن • وانیە بەخیلی بــە ژیانی ببەم • پێنج کچی لـــێ کەوتۆتەوە • پێنج کچی پیس ــ بێ لــە ئۆگستیــا ئــەوەی



Scanned with CamScanner

گەورەتریّ ، ئەوەی لە مێردی یەکــەمی ، کەپارەی هەیــە ـ
ئەوانەی دی ••• نەخشی زۆر ، کراسی کەتانی زۆر ، بەلاّم کە
میرات دێتە گۆڕیّ نانو ترێیە •
ئەوەم دەویّ •
کارەکەر : باشە ، ئەوان چیان هەیە منیش ئەوەم دەویّ •
یۆنسیا : ئەوەی هەمانبیّ تەنیا دەستی خۆمانو کونێکە لە عەردی خوا •
کارەکەر : هەر ئەو عەردەیە کە بۆ ئێمە دەمێنێتەوە ـ بۆ ئێمە کە هیچمان
نیــــە •
یۆنسیا (لای کانتۆر) :
پەرداخ هەندیّ ماکی پیۆەیە •
کارەکەر : نە بە سابوون لیّدەچیّو نە بـــە بووزی • (دەنگی زەنگ دیّ) •
یۆنسیا : دوا نوێژە • دەچم گویّ دەدەمیّ • بــە ڕاستــی ســروودی
قەشەکانم پیّ خۆشە • لــە نوێژی یەزدانی (باتەر نوستەر) دا
وەکو مەسینەیەك ووردە ووردە پڕ ئاو بکەی ئاوا دەنگی قوڵپی
دەدا • هەڵبەت ، لە دوا دواییەکەی دەنگی داپســا بــەلاّم
خۆشە گوێت لیّ بیّ • نەء • هیچ کەسیّ وەکو ساکریپستیان
ترونجابینوس/ی پیر نەبوە • لە زەماوەندی دایکم ـ خوای
لــیّ خۆش بیّ ـــسروودی دەخوێندەوە• کە دەیگوت (ئامین)
دیوارەکان دەلەرزینەوە • دەتگوت گورگ هاتۆتە نـــاو کلێسا •
(لاسای دەکاتەوە)
ئامـــــین •
(دەست بە کۆخە کۆخ دەکا)
کارەکەر : ووریا بە ـ گەرووت دەدڕیّ •
یۆنسیا : حەز دەکەم شتێکیتر بدڕێنم •
(بە کۆخەکۆخ دەچێتە دەرەوە)
(کارەکەر ئیشی خۆی دەکا • دەنگی زەنگ دیّ) •

کارەکەر (لاسای زەنگەکان دەکاتـــەوە) : دونگ دونگ دونگ دونگ • دونـــگ
دونگ دونگ • خوای لێخۆش بێ !
ژنە دەرۆزەکەر (لە دەرگاوە ، لەگەڵ کچێکی بچکۆڵە) : بۆخاتری خوا ••
کارەکەر : دونگ دونگ دونگ •
هیوادارم چەند ساڵێك چاوڕێمان بکا • دونـــگ دونـــگ دونـــگ
دەرۆزەکەر (بە دەنگێکی بەرز ، نەختێ پەستە):بۆ خاتری خوا •••
کارەکەر (بە پەستی) : هەتا هەتایە !
دەرۆزەکەر : نەختێ بەرماوم بدەنێ •
(زەنگ لە لێدان دەوەستێ)
کارەکەر : بە کوێدا هاتی ڕاست بەوێدا بڕۆوە • بەرماوی ئەمڕۆ بـــۆ
هنـــــە •
دەرۆزەکەر : بەڵام تۆ یەکێکت هەیە بەخێوت بکا ــ منو کچە بچکۆڵەکەم
کەسمان نیـــــە •
کارەکەر : سەگیش کەسیان نیە ، دەشژین •
دەرۆزەکەر : هەموو جارێ دەمدەنێ •
کارکەر : لێرە برۆ دەرەوە • کێ ڕێی دای بێیتە ژوورەوە ؟ ئێرەت هەموو
پیس کرد • (ژنە دەرۆزەکەر و کچە بچکۆڵەکە دەڕۆن • کارەکەر
بەردەوامە لە خاوێن کردنەوە) چەوری هەموو عەردو کانتـــۆڕو
پەیکەرو چوارپای بردوە ــ بەڵام ئێمەی کارەکەر بە کـــپو
بێدەنگـــی دەقنێینەوە ــ لـــە کوخی قـــوڕدا ، بـــە قاپێـــلکو
کەوچکێك دەژین • هیوادارم ڕۆژێ بێ کەس نەمێنێ باسی بکا •
(دیسان دەنگی زەنگ دێ)
ئا ، ئا • بزرنگێوە • با لەناو تابوونێکت بنێن ناواخن زێـــڕو
ڕازاوە • تۆش مردوویەکی وەکو من • جا چیت بۆ هات وەری
بگرە • ئەنتۆنیۆ ماریە بیناڤیدز ــ لە قاتی فـــشو فـــولو

قۆندرەی بەرزت بئاخنە ــ چیت بۆ هات وەری بگرە ! تازە
جارێکیتر لە پشت دەرگای پشتیر تەندوورەم هەڵنادمیتەوە،
(لە دەرگای پشتەوە ، ژنی تازیەدار ، بـە چارۆگـەی زلو
تەندوورەی رەشو باوەشیـن ، دوو دوو دێنـە ژوورەوە •
وورده وورده دێنه ژوورەوە تا شانۆ پڕ دەبێ •)
کارەکەر (دەچریکێنێ) : ئۆی ! ئەنتۆنیۆ ماریە بناشیدز ، تازە جارێکیتر
چاوت بەم دیوارانە ناکەوێتەوە • جارێکیتر نان لەم ماڵە کەل
ناکەی • من لە هەموو کارەکەرانت زیاتر خۆشم دەویستی ؟
(پرچی دەرنێتەوە)
کە تۆ رۆیشتی تازە چۆن بژیم ؟ چۆن بژیم ؟
(دوو سەد ژن تەواو دەبن دێنە ژوورەوەو بەرناردداو هـەر
پێنج کچـی دێنـە ژوورەوە • بـەرناردا خۆی بەسەر دار
حەیزەران داداوە •)
بەرناردا (بە کارەکەر دەڵێ) : بێ دەنگ بە !
کارەکەر (دەگری) : بەرناردا !
بەرناردا : کەمتر بچریکێنەو زیاتر ئیش بکە • دەبوایە ئەم هەموو شتە
باشتر خاوێن بکەیتەوە • برۆ دەرێ • ئێرە جێی تۆ نیە •
(کارەکەر بە گریان دەڕوا)
ئەوەی فەقیر بێ وەکو حەیوان وایە ــ دەڵێی لە قورێکیتر
گیراوینەتەوە •
ژنی ١ : فەقیریش خەمو خەفەتی تایبەتی خۆیان هەیە •
بەرناردا : بەڵام لەگەنە باقلەیەکیان هەبێ هەموو شتێ لەبیر دەکەن •
کچی ١ (بە نەرمی) : خواردن پێویستە بۆ ژیان •
بەرناردا : ئەوەی لە عومری تۆ بێ نابێ لە پێش گەوران قسە بکا •
ژن : کچێ ، ووس بە !



Scanned with CamScanner

بەرناردا : من قەت دەرزم لەکەس وەرنەگرتوە • دانیشن • (دادەنیشن، وەستائێك • بە دەنگی بەرز)
مەگدەلینا :مەگری • ئەگەر دەتەوێ بگری برۆ بن چوارپاکەت.گوێت لێمە؟
ژنی ٢ ( بە بەرناردا دەڵێ ) : دەستتان بە ئیشی ناوباخان کردوە ؟
بەرناردا : ئا ، دوێنێ •
ژنی ٣ : ڕۆز وەك مس دادەڕژێ •
ژنی ١ : چەند ساڵە گەرمای وام نەدیوە •
( وەستانێك • هەموو باوەشێن لە خۆیان دەکەن )
بەرناردا : شەربەت حازرە ؟
پۆنسیا : ئا ، بەرناردا •
(سینیەکی گەورە دێنێ پڕ پەرداخی سپی بچووکە • دەیگێڕێ •)
بەرناردا : هەندێکی بدە زەلامان •
پۆنسیا : تازە لە هەیوانێ خواردیانەوە •
بەرناردا : بە کوێدا هاتوون با بەوێدا بڕونەوە دەرێ • نامەوێ بەسێرەدا تیپەرن •
کچێك ( بە ئانگوستیاس دەڵێ ) : لە کاتی شەربەت خواردنەوەدا ، پیپ ئیل ڕۆمانۆ لە ناو زەلامان بوو ؟
ئانگوستیاس : ئا ، لەوێ بوو •
بەرناردا : دایکی پیپ لەوێ بوو • کچە دایکی پیپی دی • نە منو نە دایکی پیپمان نەدی •••
کچە : وام زانی •••
بەرناردا : ئەوەی لەوێ بوو (دەرمجالی)ی بێوەمێرد بوو • زۆر لە نزیك پوورت بوو • هەموو مان دیمان •
ژنی ٢ (لە تەنیشتیەوە • بە دەنگێکی نزم) : بەدکارە ، لە ژنی بەدکار خراپترە •

ژنی ٣ : زمانی دەڵێی چەقۆیە •

بەرناردا : لە کلێسادا ، ژن نابێ لە قەشە بەولاوە تەماشای هیچ پیاوێ بکەن ــ ئەویش چونکە جوببەی لەبەرە • کە ئاوڕبدەیتەوە مانای وایە بە دوای گەرمایی قاپووتدا دەگەڕێی •

ژنی ١ : پیرەمارێکی دووڕوە !

پۆنسیا ( بە ددان قرساوی ) : مگێزی لەگەرمنی پیاوە •

بەرناردا ( داردەستەکەی لە عەرد دەدا ) :

سوپاس بۆ خودا •

هەموو ( نیشانەی خاچ دەکێشن ) :

سوپاس و ستایشی بێ پایان •

بەرناردا : بە هێمنی ڕاکشێ • لەگەڵ تاقمە پیرۆزەکەی سەرت !

هەموو : بە هێمنی ڕاکشێ •

بەرناردا : لەگەڵ سانت میشێل/ی فریشتەو شمشیری دادپەروانەی •

هەموو : بە هێمنی ڕابکشــێ •

بەرناردا : لەگەڵ ئەو کلیلەی دەرگا دەکاتەوەو ئەو دەستەی قوفڵی دەدا •

هەموو : بە هێمنی ڕابکشــێ •

بەرناردا : لەگەڵ ئەو پەڕی سوپاس و نەختێ ڕوناکی ناو باخ •

هەموو : بە هێمنی ڕاکشــێ •

بەرناردا : لەگەڵ چاکەی پیرۆزو هەموو گیانێکی دەشت و دەریا •

هەموو : بە هێمنی ڕاکشــی •

بەرناردا : خوایــــە ئەنتۆنیۆ بناڤیدزی بەندەت بخەرە هێمنی و تاجــی سەربەرزی خۆتی لەسەر نێ •

هەموو : ئامین !

بەرناردا : ( هەڵدەستێتەوەو قسە دەکا ) :

شوێنێکی خۆش و ئارامی پێ ببەخشە •



Scanned with CamScanner

هەموو ( هەڵدەستنەوەو بە شێوەی گریگۆری دەدوێن ) :
بەرەکەت و پیرۆزی خوتی بەسەر دا کە . ( هەموو نیشانەی خاچ دەکێشن )

ژنی (١) : سەلامەت بن و دوعای خێری بۆ بکەن .
(بە ڕیز دەچنە دەرەوە)

ژنی (٣) قەت حەوجەی نانی گەرم نەبن .
ژنی (٢) کچیان بێ‌ماڵ نەبێ .
( هەموو بەڕیز بە پێش بەرناردا تێ دەپەڕن و دەچنە دەرەوە )
( ئەنگوستیاس بە دەرگادا دەچێتە ناو هەیوان )

ژنی (٤) : یاخوا خۆشی لە زەماوەندی گەنم ببینی .
پۆنسیا ( دێتە ژوورەوە ــ جزدانێکی پارەی پێیە ) :
ئەم جزدانە پارەیە هی پیاوانە بۆ بەشداران .
بەرناردا : سوپاسیان بکەو یەکەو پێکە براندیان بدەرێ .
کچ ( بە مەگدەلینا دەڵێ ) : مەگدەلینا ...
بەرناردا ( بە مەگدەلینا دەڵێ کە دەست بە گریان دەکا ) :
ووس س س !
( دارە ستەکەی لە زەوی دەدا . هەموو ژنەکان دەچنە دەرەوە)
بەرناردا ( بەو ژنانە دەڵێ کە تازە ڕۆیشتوون ) : برۆنەوە ماڵــی خۆتان و جیتان دیوە ڕەخنەی لێ بگرن . ئومێدەوارم تا چەند ساڵی تــر بە بن تاقی دەرگای ماڵی مندا تێنەپەڕن .
پۆنسیا : هەقی گازاندەت نیە لە هیچ شتێک . شار هەمووی هاتبوو .
بەرناردا : بەڵێ هاتبوون ، بۆ ئەوەی ماڵم پڕ ئارەقەی بزگوڕو ژەهــری زمانیان بکەن .
ئەمیلیا : دایە ، قسەی وا مەکە .

بەرناردا : ئەدی چ دەرهەق ئەم گوندە نەفرەتیە بێ ڕوبارە بڵێم ـ ئەم گوندە پڕ بیرە ، ئاوی هەر جێیەك دەخۆیتەوە دەترسی ژەهراوی بــێ ؟

پۆنسیا : تەماشاکە چیان لەم عەردە کردوە •

بەرناردا : دەڵێی بزنەگەلی بەناو وەربوە • ( پۆنسیا عەردەکــە خاوێــن دەکاتەوە ) عادیلە باوە شینێکم بــدێ •

عادیلە : هانێ ئەمەیان •

( باوەشێنێکی خڕی گوڵ سەوزو سووری دەداتێ )

بەرناردا ( باوەشێنەکە بە زەوی دادەدا ) بێوەژنو باوەشێنی وایان گوتوە ! یەکێکی ڕەشم بدێو فێر بە ڕێزی یادی باوکت لا بێ •

مارتیریۆ : ها ، هی من •

بەرناردا : ئەدی خۆت ؟

مارتیریۆ : من گەرمام نیە •

بەرناردا : باشە ، یەکێکیتر بدۆزەوە چونکــە تۆش پێت دەوێ • ماوەی هەشت ساڵ تازیە ، هەناسە هەوایەکی کۆڵانێ نایەتە ناو ئــەم ماڵــە • وا دەجووڵێینەوە وەك ئــەوەی هــەموو دەرگاو پەنجەرەکانمان بە کەربووچ داخستبێ • ماڵی باوکم وایان کرد بوو ـ ماڵی باپیریشم • لە هەمان کاتدا ، ئێوە دەتوانن هەموو کەتانی سندووقی ـ هیواتان بنەخشینن. بیست تۆپە کەتانم لەناو سندووقدا هەیــە ، بارچەو تیلمی لێببڕنەوە • مەگدەلینا نەخش دەزانێ •

مەگدەلینا : بە لای منەوە هەمووی یەك شتە •

عادیلە ( بە توندی ) : ئەگەر ناتەوێ نەخشیان بکەی ـ با بێ نەخش بن • هی تۆ وا جوانترە •

مەگدەلینا : نە هی منە نە هی تۆ • دەزانم من مێرد ناکەم • هــەر باراش

دەبەمە ئاش • هەر شتێك بێ • جگە لەوەی هەموو ڕۆژێ لەم ژوورە تاریکە دابنیشم •

بەرناردا : ژن بۆ ئەوەیە !
مەگدەلینا : نەفرەت لە هەموو ژنان !
بەرناردا : لەمماڵەدا ، تۆ بەر ئەمری منی • چیتر پێت ناکرێ ڕاکەیتە لای باوکتو قسەی بۆ بگێڕیتەوە•ژنو دەرزیو داویان گوتوە•پیاوو ئێسترو قامچیان گوتوە • ئەوانەی ئەرکی تایبەتیان لەسەرە دەبێ بۆ ئەوان وا بێ • ( عادیلە دەچێتە دەرەوە )
دەنگ : بەرناردا ، لێمگەڕێ بچمە دەرەوە •
بەرناردا ( بانگ دەکا ) : ئێستا ، لێگەڕێ با بچێتە دەرەوە •
( کارەکەری یەکەم دێتە ژوورەوە )
کارەکەری ١ : ماندوو بووم ئەوەندەی هەڵی بگرم • دایکت هەر چەندە تەمەنی هەشتا ساڵیشە وەکو بەرِوو ساغــە •
بەرناردا : هەموومان واین • باپیرە گەورەیشم هەر وا بوو •
کارەکەر : زۆر جار لە کاتی شەونخوونیدا ، دەبوو تەلیسێکی بە تاڵی بە دەم دادەم ، چونکە دەیەویست هاوار بکا ، دەیەویست بانگ بکا بۆ ئەوەی هەر چ نەبێ بادیە ئاوێکو نەختێ سەندویجی بدەیتێ کە بینا بە قسەی خۆی هەر ئەمەی دەدەیتێ •
مارتیریۆ : ژنێکی کەمە !
بەرناردا ( بە کارەکەرەکە دەڵێ ) : لێگەڕێ با نەختێ هەوای پاکی هەیوان هەڵمژێ •
کارەکەر : ئەڵقەو گوارەی ئەرخەوانی لە ناو سندووق دەرهێنا • ئەڵقەکەی لە پەنجەو گوارەکەی لە گوێ کردو گوتی دەمەوێ مێرد بکەم •
( کچەکان پێ دەکەنن )

بەرناردا : لەگەڵی بڕۆ • ووریا بە نزیك بیر نەكەوێ •
كارەكەر : خەمت نەبێ : باز هەڵدەداتە ناوێ •
بەرناردا : وا نیە ـ بەڵام دراوسێكان لە پەنجەرانەوە لەوێی دەبینن •
(كارەكەرەكە دەڕوا)
مارتیریۆ : جلو بەرگمان دەگۆڕین •
بەرناردا : باشە ، بەڵام دەسرۆك لەسەر مەكەنەوە •
(عادیلە دێتە ژوورەوە)
ئەدی ئەنگوستیاس ؟!
عادیلە (بە مەبەستەوە) : دیم لە درزی دەرگای پشتەوە تەماشای دەرەوەی
دەكرد • تازە پیاو رۆیشتبوون •
بەرناردا : ئەدی تۆ ؟ تۆ لە كن دەرگا چیت دەكرد ؟
عادیلە : چووم بزانم مریشك هێلكەیان نەكردوە •
بەرناردا : بەڵام پیاو رۆیشتبوون •
عادیلە (بە مەبەستەوە) : كۆمەڵێكیان هێشتا لە دەرەوە وەستا بوون •
بەرناردا (بە تووڕەیی) : ئەنگوستیاس ؟ ئەنگوستیاس !
ئەنگوستیاس (دێتە ژوورەوە) : چت دەوێت ؟
بەرناردا : لە چ دەگەڕای و تەماشای كێت دەكرد ؟
ئەنگوستیاس : كەس •
بەرناردا : ئایا لە ئافرەتێكی ، ئاوا لە مەرتەبەی تۆ دەوەشێتەوە ، لە
ڕۆژی مردنی باوكی ، لە دوو پیاوان غار بدا ؟ وەڵامم بدەوە •
تەماشای كێت دەكرد ؟
(وەستانێك)
ئەنگوستیاس : مـن ؟
بەرناردا : ئا ، تـۆ •
ئەنگوستیاس : كـەس •

بەرناردا : وای نەرمێ ، زمان هەنگوین !

(لێی دەدا)

پۆنسیا (ڕا دەکاتە لایەوە) : بەرناردا ، هێور بەوە !

(دەستی دەگرێ • ئەنگوستیاس دەگری)

بەرناردا : هەمووتان لێرە بڕۆنە دەرەوە •

(هەموو دەچنە دەرەوە)

پۆنسیا : نەیدەزانی چ دەکا • هەر چەندە خراپیشە ، هەڵبەت زۆرم بیز لەوە بووکە لە هەیوانێ خۆی دانوو ساندبوو پاشان چووە بەر پەنجەرەو گوێی‌دا قسەی زەلامان • دیارە چ قسەی وا نەبوو کەلکی گوێدانی هەبێ •

بەرناردا : بۆئەو حاڵە هاتوونەتە سەر جەنازە •

(بە تاسەوە)

باسی چیان دەکرد ؟

پۆنسیا : باسی (باکال ریۆزیتا) یان دەکرد • شەوێ دی مێردەکەیان لە گۆڵگەیەك بەستۆتەوەو ژنەیان لە پاشکۆی زین شەتەك داوەو بۆ ناو باخی زەتوونانیان بردوە •

بەرناردا : ژنە چی کرد بوو ؟

پۆنسیا : ژنە ؟ پێیشی خۆش بوو • دەڵێن مەمکی ڕووت بووو مەکسیمیلیانۆ خۆی وا پێ دادابوو دەتگوت گیتار لێ‌دەدا •• مەرگەساتە !!

بەرناردا : پاشان مەسەلەکە بە چی گەیشت ؟

پۆنسیا : بە چ بگا ؟

بەرە بەری ڕۆژهەڵات هاتنە باکالە ڕۆزیتا پرچی کرابووەوچەپکە گوڵێکی بەسەر سەرەوە بوو •

بەرناردا : لەم دێیە هەر ئەو ژنە خراپەمان هەیە •

یۆنسیا : ئەویش خەڵکی ئێرە نیـــە • لـــە دوورەوە هاتـــوە • ئەوانـــەی
بردبووشیان گوڕە بیانین • پیاوی ئێرە توخنـــی ئیشـــی وا
ناکەون •
بەرناردا : نەء • بەڵام حەز دەکەن ببینن و باسی بـــکەن و پەنجـــەی
لی بگرۆژن •
یۆنسیا : باسی زۆر شتی تریشیان دەکرد •
بەرناردا (بەترسەوە تەماشای ئەم لاو ئەو لادەکـــا) : شتی چی ؟
یۆنسیا : شەرم دەکەم بیلێم •
بەرناردا : کچەکەیشم گوێی لێ بوو ؟
یۆنسیا : ئـــەدی !
بەرناردا : ئەمە بە پوورەکانی دەچێ : سپی و زمانلووسە ،چاوی لـــە
مەتحی سەرتاشانەیە • ئای چەند سەختو ناخۆشە کە لەگەڵ
ئەم جۆرە کەسانە هەڵبکەیزی بەرگەیان بگرین !
یۆنسیا : بۆیە وایە چونکە کچەکانت هەرەتی مێردیانە • نەختێ ئازارت
بۆ پەیدا دەکەن • ئەنگوستیاس ، دەبێ زۆری لە سی۳۰ ساڵی
رەت دا بێ •
بەرناردا : سی و نۆی رەبەقە •
یۆنسیا : بێنە بەرچاوت • هیچ گراویشی نەگرتوە ••••
بەرناردا (بە توورەیی) : شتاقان گراویان نەبوەو پێویستیشیان پی نەبوەو
نیە ! حاڵیان زۆر باشە •
یۆنسیا : بۆ ئەوەم نەبوو توورەت بکەم •
بەرناردا : تا سەد میل دوور لەم ناوە کەسی وا باش نیە لێیان بێتە پێش •
پیاوی ئەم شارە لە مەرتەبەی کچی من نین • دەتەوێ هـــەر
شوانێکم دی کچی خۆمی دەقە بەر بکەم ؟
یۆنسیا : دەبوایە بچیتە شارێکی تر •

ردا : ئاوا ؟ بو ئەوەی بیانفرۆشم •

یۆنسیا : نەء ، بەرناردا • بۆ ئەوەی کەشەکە بگۆڕێ ••• هەر شوێنێکیتر بێ ، دەستکورت دەبن •

بەرناردا : زمانی بڕندەت بگرە •

یۆنسیا : ناتوانین قسەیشت لەگەڵ بکەین • ڕازو نهێنیمان یەکە یان نەء ؟

بەرناردا : نەء • تۆ کارەکەری و من هەقت دەدەمێ و هیچیتر •

یۆنسیا : ئاخـــــر •••

کارەکەری یەکەم ( دێتە ژوورەوە ) : دون ئارتۆرۆ لێرەیە هاتۆتە تەماشای دابەش کردنی میرات •

بەرناردا : با بڕۆین •

( بە کارەکەرەکە دەڵێ ) :

تۆ هەیوانەکە سپی کەوە •

( بە یۆنسیا دەڵێ ) :

تۆش هەموو بەرگی ڕەحمەتی بخەرە ناو سندووق •

یۆنسیا : دەکرێ هەندێ شت ببە خشینەوە ؟

بەرناردا : هیچی مەبەخشە ـــ یەك قۆپچە چیە • تا بەو قوماشەش ڕادەگا کە بەسەر دەمو چاویان دا دابوو •

(بە شێنەیی دەچێتە دەرەوە • خـــۆی بەســـەر داردەستەکەی داداوە • لە دەرگا ئاوڕ دەداتەوە ، تەماشایەکـــی هـــەر دوو کارەکەرەکە دەکا • دەچنە دەرەوە • ئەویش دەڕوا • )

( ئەمیلیاو مارتیریۆ دێنە ژوورەوە )

ئەمیلیا : دەرمانەکەت وەرگرت ؟

مارتیریۆ : بە کەلکم دێ •

ئەمیلیا : ئاخر وەرتگرت ؟

مارتیریۆ : من بێ بڕوا شتدەکەم • وەکو سەعات وام •

ئەمیلیا : لەوەتی دختۆرە نوێکە هاتوە تۆ زیندووتر دیاری •

مارتیریۆ : منیش وا هەست دەکەم •

ئەمیلیا : هەستت کرد ؟ عادیلە لەگەڵ جەنازەدا نەبوو •

مارتیریۆ : دەزانم • دەزگیرانەکەی نایەڵێ تاسەر کۆسپەی دەرگایش بچێ • کچە ، جاران ، شادو خەندان بوو ، کەچی ئێستا مکیاژیش ناکا •

ئەمیلیا : ئەم زەمانەی ، کچی کلۆڵو بەستەزمان ناز انێ دەزگیران بکرێ یان نەء ؟

مارتیریۆ : هەر یەك شتە •

ئەمیلیا : هەموو سووچی ئەو زمانسووتاوانەیە کە لێناگەڕێن بژین.لەوانەیە عادیلە وەز عی باش تەبوو بێ •

مارتیریۆ : ترسی لە دایکمانە • تەنیا دایکمان بە مەسەلەی باوکی عادیلە دەزانێو دەزانێ زەویو زارەکەی لە کوێ هێناوە • هەر چەند جاری کچە دێتە ئێرە ، دایکمان چەقۆی لە برین وەر دەدا•باوکی، لە کوبا ، مێردی ژنی یەکەمی خۆی کوشتوە بۆ ئەوەی خۆی مارەی بکاتەوە ، پاشان لەوێ جێی هێشتوەو ژنێکیتری هەڵگرتوە کە تازە کچێکی ببوو • جا لەگەڵ ئەم ژنەدا کە دایکی عادیلەیە بوون بە هاوسەر دوای ئەوەی کە ژنی دوەمی بە شێتی مرد •

ئەمیلیا : باشە ، بۆ ئەو جۆرە پیاوە ناخەنە بەندیخانە ؟

مارتیریۆ : چونکە پیاو خۆ بە خۆیی شتی وا بۆ یەك دادەپۆشنو کەسیش ناتوانێ باسیان بکا •

ئەمیلیا : بەڵام ، عادیلە ، سەبارەت بەم شتانە هیچ سەرکۆنەی نایەتە سەر • ئەو چ بکا ؟

مارتیریۆ : نەء • بەڵام مێژوو دووپات دەبێتەوە • من وا دەبینم کە هەموو

شتێ لـــە دووبارەبوونەوەیەکی ترسناك دایە • ئەویش هەمان چارەنووسی دایکیو داپیری لە پێشە • هەردوکیان بوون بـــە ژنی ئەو پیاوەی بە خێوی کردوون •

ئەمیلیا : بە خوا شتیکی ناخوشـــە !

مارتیریۆ : وا چاکە قەت تەماشای هیچ پیاوێك نەکەی • لەوەتی کچێکـی گچکۆکە بووم تا ئێستا لێیان دەترسم • لــە حەوشەدا دەمدی گایان نیرو کۆپەڵان دەکــرد ، فـــەردە گەنمیان هەڵدەگرت ، دەیاننەڕاند ، پێیان لە زەوی دەکوتا • منیش زۆر دەترسـام لەوە رکە گەورە ببم ، خەمی ئەوەم بوو یەکێ کتو پڕ باوەشم پێدا بکا • خوا بە بێهێزو ناشیرین دروستی کردوومو ئـــەم شتانەی لێ دوورخستووەتەوە •

ئەمیلیا : قسەی وا مەکە ! ئانگریك هوماناز بـــە دواتەوە بووو حـــەزی لێدەکــردی •

مارتیریۆ : خەڵك بۆ خۆیان وایان دەگوت ! جارێکیان بە کچە بچکۆلانەکەی شوانەکەیان خەبەری بۆ ناردم کە دێتە ژوانم • ئەو شـــەوە تا ڕۆژ بووەوە بە تای کراسی ، لەبەر پەنجەرە ، چاوەڕێم کردو نەشهات • تەنیا هەر قسە بوو • پاشان چوو ژنێکیتری هێنا کە لە من پارەدارتر بـــوو •

ئەمیلیا : ئەوەندەش ناشیرین بوو دەتگوت شەیتانە !

مارتیریۆ : پیاو چ گوێیان بە ناشیرین چوە ؟ هەر خەمی زەویو نیری گـــاو ئەو حەشـــەرە گوێڕایەلەیانە کە نانیان دەدا •

ئەمیلیا : ئـــێ !

( مەگدەلینا دێتە ژوورەوە )

مەگدەلینا : ئەوە چ دەکەن ؟

مارتیریۆ : هەر ئاوا لێرەین !

ئەمیلیا : ئەدی تۆ ؟
مەگدەلینا : بەژووورەکاندا گەڕام • دەمەوێ نەختێ لەسەر پێ بگەڕێمو تەماشای وێنەکانی دەرزی چنی داپیرەم بکەم — سەگی خوری بچکۆلە ، ئەو قولەڕەشەی زۆرانە لەگەڵ شێر دەکا — کە بە منداڵی زۆرمان مەراق بوو • بە راستی زەمانێکی خۆش بوو • زەماوەند دە ڕۆژی دەخایاندو کەس زمانپیسی نەدەکرد • ئەمڕۆ خەڵك پێشکەوتووتر بوە • بووك وەك بووکی شاران تارای سپی دەپۆشن و ئێمە ش شەرابی ناو بوتڵ دەخۆینەوە بەڵام لەبەر قسەو قسەڵۆکی خەڵك لە ناوەوە دادەڕزێین •
مارتیریۆ : خوا دەزانێ پاشان چ قەوماوە !
ئەمیلیا (بە مەگدەلینا دەڵێ) :
قەیتانێکی قۆندرەت بۆتەوە •
مەگدەلینا : جا چ بــوو ؟
ئەمیلیا : پێی لێدەنێی و بەر دەبیتەوە •
مەگدەلینا : یەکی کەمتر !!!
مارتیریۆ : ئەدی عادیلە ؟
مەگدەلینا : ئاه ! ئەو کراسە سەوزەی کردە بەر کە بۆ ڕۆژی ئاهەنگی لـە دایك بوونی کڕی بووی ، چوە جەوشەو هاواری کرد :
«بارکەینە ، بارکەینە ! تەماشام کەن !؟»
پێکەنینم ڕاناوەستێ !
ئەمیلیا : وای دەنا دایە بتدیبایە !
مەگدەلینا : بەستەزمانێکـی بچکۆڵەیـە ! لــــە هەموومـــان بچووکترەو خەیاڵاتی خۆیشی هەیە•خێرێك دەکەم ئەگەر بەشادی ببینم•
(وەستانێك • ئەنگوستیاس بەسەر شانۆدا تێدەپەڕێ ، هەندێ خاولی پێیە)



Scanned with CamScanner

ئەنگوستیاس : سەعات چەندە ؟

مەگدلینا : دەبێ دوازدە بێ ؟

ئەنگوستیاس : ئەوەندە درەنگ ؟

ئەمیلیا : ئێستا لێدەدا ٠

(ئەنگوستیاس دەچێتە دەرەوە)

مەگدەلینا (بە مەبەستەوە) : دەزانی چیە ؟

(پەنجە بۆ ئەنگوستیاس درێژ دەکا)

ئەمیلیا : نـــــەء ٠

مەگدەلینا : فەرمـــوو !

مارتیریۆ : نازانم تۆ باسی چ دەکەی ؟

مەگدەلینا : هەر دووکتان لە من باشتری دەزانن ، هەمیشە سەرتان لەبن سەری یەك ناوە وەکو دوو مەڕی بچکۆڵە وابن ، لێناگەڕێـــن کەسیتر پێ بزانێ مەبەستم مەسەلەی (پیپ ئێل ڕۆمانۆ) یە ٠

مارتیریـــۆ : ئـــاە !

مەگدەلینا (گاڵتەی پێدەکا) :

ئاە ! شار پڕ بوە ! پیپ ئێل ڕۆمانۆ دی ئەنگوستیاس مـــارە دەکا ٠ شەوێ دی لە دەوری ماڵیان دەهاتو دەچوو ، وا بزانم بەم زوانە داخوازیکەران دەنێرێ ٠

مارتیریۆ : شادومانم ٠ پیاوێکی باشە ٠

ئەمیلیا : منیش شادومانم ٠ ئەنگوستیاس وەزعی باشە ٠

مەگدەلینا : هیچێکتان شادومان نین ٠

مارتیریۆ : مەگدەلینا ! مەبەستت چیە ؟

مەگدەلینا : ئەگەر بۆبینینی ئەنگوستیاس هاتبێ ، بۆ ئەنگوستیاس وەکـــو ئافرەتێك ، ئەوا منیش پێم خۆشە ٠ بەڵام مرتو مۆی پارەکەی دەکات ٠ لەگەڵ ئەمەشدا خوشکمانە ، ئێمـــە یـــەك خێزانین و

دەزانین پیرو نەخۆشەو لە هەموومان تەپەو سسترە ، چونکە
ئەگەر لە بیست سالی وەکو داوەڵ بوو بێ ، ئێستا کە چـل
سالیە دەبێ چۆن بـێ ؟

مارتیریۆ : قسەی وا مەکە • بەخت بۆ یەکێکی وا دێ کە هەر بە تەماى
نـەبـێ •

ئەمیلیا : بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مەگدەلینا ڕاست دەکـا • ئەنگوستیـاس
هەموو پارەی باوکی بۆ ماوەتەوە • تەنیا خۆی میراتیگری ئەو
ماڵەیە • هەر بۆیەشە ئەو باوکی مردوەو پارەکەی جودایـە ،
جا دێتە داخوازی خۆی !

مەگدەلینا : پیپ ئێل ڕۆمانۆ بیستو پێنج سالیەو لەو ناوە بە تەمەنترین
پیاوە • ئەمیلیا ، زۆر شتێکی ئاساییە بۆی کە بە دوای تـۆ
یان بە دوای عادیلەی بیست سالیەوە بێ ــ نەك بـە دوای
گەندەڵترین کەسی ئەم ماڵەدا بگەڕێ ، ئەو ئافرەتەی کە وەکو
باوکی بە سەری لووتی دەدوێ •

مارتیریۆ : لەوانەیە وای پێ خۆش بێ !

مەگدەلینا : قەت نەمتوانیوەو ناتوانم بەرگەی دووفاقی تۆ بگرم •

مارتیریۆ : وای خوایە !

(عادیلە دێتە ژوورەوە)

مەگدەلینا : پارکەکان تۆیان دی ؟

عادیلە : دەتەوێ چ بکەم ؟

ئەمیلیا : ئەگەر دایە بتبینێ قژت دەگرێو لە دوو خۆی ڕاتدەکێشێ !

عادیلە : لە بارەی ئەم کراسەوە زۆرم خەیاڵ لەسەر دایە • تەکبیرم کـردە
ئەو ڕۆژەی دەچووین شووتی لە دەم بیر بخۆین لەبەری بکەم•
لەوێ هاوتای نەدەبوو •

مارتیریۆ : کراسێکی زۆر جوانە !



Scanned with CamScanner

عادیلە : کراسێکە زۆر لە من دێ • مەگدەلینا قەت بەرگی وا چاکــــی
هەڵنەبڕیوە •
مەگدەلینا : ئەدی بارکەکان چیان پێگوتی ؟
عادیلە : هەندێ پێندیان پێشکەش کردم پێیانەوە دام •
(پــێدەکەنن)
مارتیریۆ : دەتوانی بۆیەی ڕەشی لێ بدەی •
مەگدەلینا : باشترین شت ئەوەیــە بیدەیتــە ئەنگوستیــاس بــۆ ڕۆژی
زەماوەندی لەگەڵ پیپ ئێل ڕۆمانۆ •
عادیلە (بە سۆزێکی شراوەوە) :
ئاخر پیپ ئێل ڕۆمانــۆ •••
ئەمیلیا : نەتبیستوە ؟
عادیلە : نــــەء •
مەگدەلینا : باشە ، ئێستا بیزانە !
عادیلە : ئاخر شتی وا نابێ !
مەگدەلینا : پارە هەموو شتێ دەکا •
عادیلە : ئەوە بۆیە پاش جەنازە چوە دەرەوەو لەبەر دەرگا ڕاوەستــاو
تەماشــای کــــرد ؟
(وەستانێــك)
ئەو پیاوەش •••
[مە]گدەلینا : چــي کــرد ؟
(وەستانێــك) •
مارتیریۆ : ڕات چیە ؟ عادیلە !
عادیلە : پام ئەوەیە کە ئەم پرسەیە لە وەختێکی هەرە ناخۆش و سەختی
ژیانم یەخەگیرم بوو کە بەرگەم پێناگیرێ •
مەگدەلینا : لێی ڕادێ !

عادیله (دەتەقیتەوە ، لە ڕکان هاوار دەکا) :

لێی ڕانایەم ، خۆم پێ بەند ناکرێ • نامەوێ ڕەنگ‌ڕووم وەک
هی تۆ لۆ بێت • نامەوێ سپێتی لەشم لەم ژوورانەدا تێ
بچێ • سبەی کراســـــە سەوزەکەم لەبەر دەکەمو دەچمــە
کۆڵانێ دەگەڕێم • دەمەوێ بچمە دەرەوە •

(کارمەکەری ۱ دێتە ژوورەوە)

مەگدەلینا (بە دەنگێکی فەرماندانەوە) :

عادیلــــە !

کارمکەر : بچکۆلەی گلۆڵو بەستەزمان ! باوکی لە دەست چوو •••

(دەچێتە دەرەوە)

مارتیریۆ : ووس !

ئەمیلیا : ئەوەی بەسەر یەکێکمان بێ بەسەر هەمووومان دێ •

(عادیلە هێور دەبێتەوە)

مەگدەلینا : کارمکەرەکە گوێی لێبووی ؟

کارمکەر (دێتە ژوورەوە)

بیپ ئێل ڕۆمانۆ ، وا لەو سەری کۆڵانێ هات •

(ئەمیلیاو مارتیریۆو مەگدەلینا خێرا ڕادەکەن)

مەگدەلینا : با بچین بیبینین !

(بە لەزوبەز دەڕۆن)

کارمکەر (بە عادیلە دەڵـێ) :

تۆ ناچـــی ؟

عادیلە : پەیوەندی بە منەوە نیـــــە •

کارمکەر : مادام ناچار بێ لە قاچەکە وەربسووڕێتەوە ، لە پەنجــەرەی
ژووری خۆتەوە باشتری دەبینی • (کارمکەرکە دەچێتە دەرەوە •
عادیلە بە تەنێ لەسەر شانۆ دەمێنێتەوە • بــە دوودڵــی

وەستاوە • پاش تەیری ئەویش خێرا دەڕوا • دەچێتە ژووری خۆیەوە • بەرناردا و پۆنسیا دێنە ژوورەوە) •

بەرناردا : سندان لە بەش و پشکیش !!

پۆنسیا : ئەنگوستیاس پارەیەکی چەند زۆری بۆ بە میرات ماوە !!

بەرناردا : ئەدی !

پۆنسیا : ئێستا ئەوە بوو بە سێ جار پێم دەڵێی • خۆیشت دەزانی حەز ناکەم باس بکرێ • کەمتر ، زۆر کەمتر ، زۆر زۆر کەمتر ••

هەر بە بیرم مەهێنەوە •••

(ئەنگوستیاس دێتە ژوورەوە • زۆری سووراوو سپیاو لە خۆی داوە)

ئەنگوستیاس !

ئەنگوستیاس : دایە !

بەرناردا : ئەوە زاتت کردوە سووراوو سپیاو لە خۆت بدەی ؟ زاتت کردوە ئەو ڕۆژەی باوکت پێ مرد دەم و چاوت بشۆی ؟

ئەنگوستیاس : باوکی من نەبوو • باوکی من لە مێژە مردوە • تۆ لە بیرت نەماوە ؟

بەرناردا : تۆ زۆرتر قەرزاری ئەو پیاوەی کە باوکی خوشکەکانتە ، تا باوکی خۆت • بە خێرا ئەوەوە سامانەکەت دەق وەکو خۆیەتی • ئەنگوستیاس ، پێش هەموو شتێ ئەمە دەگرێتە بەرچاو !

بەرناردا : هەتا لە ئەدەب دەرچوونیش ؟ لە ڕێز دەرچوونیش ؟

ئەنگوستیاس : دایە ، واز بێنە بچمە دەرەوە •

بەرناردا : واز بێنم بچیتە دەرەوە ؟ ئەم سووراوو سپیاوە لە دەم و چاوت بکەمەوە واز دێنم بڕۆی • بێ هێز م قەحپەی بۆیەکراو ! وەکو پوورەکانت وای ! (بە توندی ، بە دەسرۆکەکەی ، سووراوو سپیاو لە دەم و چاوی دەکاتەوە)

دەوجا ئێستا برۆ دەرەوە !

یۆنسیا : بەرناردا ؟ هێندە دڵرەق مەبە !

بەرناردا : هەر چەندە کە دایکم شێتە بەڵام من هەر پێنج هەستم ساغەو سەلامەتەو دەزانم چ دەکەم .

(هەموو دێنە ژوورەوە)

مەگدەلینا : ئەوە چ بەزمە لێرە ؟

بەرناردا : هیچ نیـــە .

مەگدەلینا (بە ئەنگوستیاس دەڵێ) :

ئەگەر لەسەر میرات بە شەڕ دێی تۆ لە هەموان دەوڵەمەندتریو دەتوانی دەست بەسەر هەمووی دابگری .

ئەنگوستیاس : زمانت بگرە !

بەرناردا (لە زەوی دەدا) :

خۆت بەوە تەفرە مەدە بتوانی ڕام بگۆڕی . تا مەیتم لەمماڵە دەبەنە دەرێ فەرمانی فەرمانی منە بەرامبەر خۆمو بەرامبـەر ئێوەش !

(دەنگە دەنگ دێ . ماریـــە جۆزێفای دایکی بەرناردا دێتـــە ژوورەوە . زۆر پیرەو سەرو سینگی بە گوڵ ڕازاوەتەوە)

ماریە جوزیفا : بەرناردا ، کوا چارۆکەکەم ؟ هیچ شتێ ، هیچ شتێکی من بۆ هیچ کامتان نابێ ؟ نە ئەڵقەکانم ، نەکراسی ڕەشم ، چونکە هیچێکتان مێرد ناکەن — هیچێکتان . بەرنـــاردا ، خەناوکـە مروایەکەمم بـــدێ .

بەرناردا (بە کارەکەرەکە دەڵێ) :

بۆ لێگەڕای بێتە ئەم ژوورە ؟

کارەکەر (دەلەرزێ) : لە دەستم هەڵات .

ماریە جۆزیفا : بۆیە هەڵاتم چونکە دەمەوێ مێرد بکەم — دەمەوێ مێرد بە

پیاوێکی گۆڵو پیاوانەی کەنار دەریا بکەم • چونکە لێرە پیاو لەبەر ژنــان هەڵدێــن !

بەرناردا : ووس ، ووس ، دایە !

ماریە جوزیفا : نەء ، نەء ــ ووس نابم • نامەوێ چاوم بەم ژنە تەنیایانــە بکەوێ کە مەراقیان مێردەو دڵیان بۆتە خۆڵ • دەمەوێ بچمەوە شاری خۆمان بەرناردا،پیاوێکم دەوێ مێردی پێبکەمو لەگەڵی بــەختیــار بــم !

بەرناردا : بیبەوە ژووریێو دەرگای لەسەر خشت کلیل دە !

ماریە جۆزیفا : لێم گەڕێ بچمە دەرەوە ، بەرناردا !

(کار توند ماریە جۆزیفا دەگرێ)

بەرناردا : هەمووتان فریای کەون !

(بە هەموویان پیرەژن دەگرن)

ماریە جۆزیفا : دەمەوێ لێرە برۆم ، بەرناردا !

دەمەوێ لە کەناری دەریا مێرد بکەم ، لە کەناری دەریا !!

ــ بــەردە ــ



Scanned with CamScanner

## بەشی دووەم

(ڕووژێکی سپی لە ماڵی بەرناردا • دەرگاکانی لای دەستەچەپ
دەچنە ژووری نووستن •)

(کچەکانی بەرناردا لەسەر کورسی نزم دانیشتوون دورمان
دەکەن • مەگدەلینا نەخش دەکات • پۆنسیاش لەگەڵیاندایە•)

ئەنگوستیاس : پارچەی سێیەمم هەڵبڕیوە •

مارتیریۆ : ئەمە بۆ ئەمیلیا دەبێ •

مەگدەلینا : ئەنگوستیاس ، ناوی پێپ لێرەش بنووســـم ؟

ئەنگوستیاس (لەولای شانۆوە بانگی عادیلە دەکات) :

عادیلە ، نــەهاتــی ؟

ئەمیلیا : ڕەنگە لەسەر جێ پاڵی دابێتەوە •

پۆنسیا : ئەمە شتێکیەتی • دەبینم حەجمانی نیە ، دەلەرزی ، دەترسی —
دەتگوت خمخمۆکی لە زار مەمکان بوو •

مارتیریۆ : لە ئێمە هەمووماں ، نە زیاترو نە کەمتر ، هیچی نیە •

مەگدەلینا : هەمووماں ، تەنیا ئەنگوستیاس نەبێ •

ئەنگوستیاس : من باشم ، هەر کەسێ وا نیە ، با بتەقێ •

مەگدەلینا : دەبێ هەمووماں دان پێدا بنێین کە تۆ جوانترین شتت ئەدگارو
هەستی ناسکە •

ئەنگوستیاس : خۆشبە ختانە ، من بەم زوانە لەم دۆزەخە دەردەچم •

مەگدەلینا : بۆی هەیە دەریش نەچێ •

مارتیریۆ : بیبڕەوە !

ئەنگستیاس : زێدەبار ، قەلەنی باش لە چاوی ڕەش باشترە !

مەگدەلینا: هەرچی تو دەڵێی لەم گوێیە دێتە ژووری و لەو گوێیە دەردەچێ•

ئەمیلیا (بە پۆنسیا دەڵێ) :

دەرگای هەیوانێ بکەوە بەڵکو گرەبایەکان بۆ بێ •

(پۆنسیا دەرگا دەکاتەوە)

مارتیریۆ : شەوێ دی لەبەر ئەو گەرمایە خەوم لی نەکەوت •

ئەمیلیا : منیش خەوم لێنەکەوت •

مەگدەلینا : بۆ هەناسە بایەك لە خەو ڕابووم • هەورێکی ڕەشــی لەبــەر بوو • تەنانەت چەند دڵۆپێکیش باری •

پۆنسیا : بەیانی وا جۆشی دابوو دەتگوت زەوی ئاگر فڕێ دەدا • منیش لە خەو ڕابووم • ئەنگوستیاس هێشتا لەگەڵ پێپ هەر لەبــەر پەنجەرە بــــوو •

مەگدەلینا : (بەگاڵتەوە) : تا ئەو درەنگە !! ئەدی کەی ڕۆیشت ؟

ئەنگوستیاس : مادام دیوتە بۆ دەپرسی ؟

ئەمیلیا : دەبێ سەعات یەك و نیو ڕۆیشتبێ •

ئەنگوستیاس : ئا • چۆنت زانی ؟

ئەمیلیا : گوێم لە کۆخەی بوو ، گوێم لە ترپەی سمی ئەسپەکەی بوو •

پۆنسیا : دەنا من گوێم لێ بوو دەوری سەعات چوار ڕۆیشت •

ئەنگوستیاس : دەبێ ئەوە یەکێکی‌تر بوو بێ •

پۆنسیا : نەخێر ، لێم مسۆگەرە خۆی بوو •

ئەمیلیا : منیش وای بۆ چووم •

مەگدەلینا : زۆر سەیرە !

(وەستانێك)

پۆنسیا : ئەنگوستیاس ، گوێت لێ بێ ، یەکەم جار کە هاتە بەر پەنجەرە چــی پێ گوتــی ؟

ئەنگوستیاس : هیچ • چ بڵێ ؟ هەر قسە بوو •

مارتیریۆ : بە ڕاستی سەیرە ! دوو کەس یەکتر نەناسن و کتو پڕ لەبەر پەنجەرە تووشی یەك ببن و ببن بە هاوسەر •

ئەنگوستیاس : من چ گوێم پێ نەچوە .
ئەمیلیا : ئەمەم زۆر زۆر بەلاوە سەیر بوو .
ئەنگوستیاس نەء ، چونکە ئەو پیاوەی بێتە بەر پەنجەرەیەك ، ئەو فزولیانەی دین‌و دەچن ، دین‌و دەچن ، دەزانن پێی ڕازی دەبن .
مارتیریۆ : زۆر باشە ، بەڵام دەبوایە داوات لێ بکا .
ئەنگوستیاس : هەڵبەت .
ئەمیلیا:(بە پەرۆشەوە) : چۆن داوای لێکردی ؟
ئەنگوستیاس : هەروەها : (خۆت دەزانی من عەودالّی تۆم ، می پێویستم بە ژنێکی باش‌و بەڕێزە ، ئەو ژنەش تۆی — ئەگەر ڕازی بێ .)
ئەمیلیا من بەم شتانە سەخڵەت دەبم .
ئەنگوستیاس : منیش سەخڵەت دەبم ، بەڵام دەبێ مل بدەینێ !
پۆنسیا : باسی چ‌شتێ تری کرد ؟
ئەنگوستیاس : ئا . باسی هەموو شتێکی کرد .
مارتیریۆ : ئەدی تۆ ؟
ئەنگوستیاس : نەمتوانی هیچ قسە بکەم . هەر وەخت بوو دڵم لە زارم بێتە دەرێ . یەکەم جار بوو شەو بە تەنێ لەگەڵ پیاوێك دابم .
مەگدەلینا : پیاوێکی وا کۆکیش .
ئەنگوستیاس : ناشیرین نیە .
پۆنسیا : شتی وا لە بەینی ئەو کەسانە دەبێ کە دەزانن چۆن شتی وا بکەن . ئەوانەی قسە دەکەن‌و دەدوێن‌و دەجوولێنن . کە یەکەم جار ئیڤاریستۆی قوندەی مێردم هاتە بەر پەنجەرەم ... ها ! ها ! ها !
ئەمیلیا : چ بوو ، چ قەوما ؟

پۆنسیا : دونیا زۆر تاریك بوو • دیتم هێوە دەهات و کە گەیشتــە لامەوە گوتی : « شەو باش ! » منیش گوتم : « شــەو باش ! » ئینجا بۆ ماوەی نیو سەعات هەردووکمان بێدەنگ بووین • من لەشم لە ئارەقە هەڵات • پاشان ئێڤاریستۆ هەر لێم تزیــك بوەوە ، لێم نزیك بوەوە دەتگوت دەیەوێ خۆی لــە بەینی شێشەکانی پەنجەرە ببەستێ • بە دەنگێکی زۆر نزم گوتی : « وەرە ، ئێرە با دەستت بگوشم • »

( هەموو دایانە قاقای پێکەنین • ئەمیلیا هەستایەوە ، ڕای کردو لە دەرگاوە هەڵیڕوانی )

ئەمیلیا : ئا • وامزانی دایە بوو هات !

مەگدەلینا : چی لێ کردووین •

( هــەر پێدەکەنن )

ئەمیلیا : ووس ! گوێی لێمانـــــە •

پۆنسیا : ئینجا زۆر بە ئەدەب جوولایەوە • لە باتی ئەوەی بیر لە شتیتــر بکاتەوەتا مرد هەر خەریکی تەیر گرتن بوو • تۆ مێردت نەکردوە ، بەڵام باشە بزانی • هەر چۆن بێ دوو حەفتە دوای زەماوەند کابرا چواربا دەکاتە مێزو مێزیش دەکاتە خوانچەی شەراب، ئەو ژنەی شتی وایشی پێ ناخۆش بێ دەبێ بقنێتەوەو لــــە کوژنییەك خۆی مات کاتو هەر بگری •

ئەمیلیا : تۆ پێت خۆش بــــوو •

پۆنسیا : زانیم چۆن لەگەڵی بجوولێمەوە •

مارتیریۆ : ئەرێ ڕاستە تۆ جارو بار لێی دەدەی ؟

پۆنسیا : ئا • جارێکیان وەخت بوو چاوێکی دەربێنم !

مەگدەلینا : دەبێ هەموو ئافرەتێك وا بــێ •

پۆنسیا : من شاگردی قوتابخانەی دایکتم • نازانم جارێکیان چی پێ گوتم

هەستام هەموو تەیرەکانیم بە کوتکان کوشت •

( پێدەکەنن )

مەگدەلینا : عادیلە ، کچێ ، ئەمە لە دەست خۆت نەدەی ؟!

ئەمیلیا : عادیلـــە !

( وەستانێك )

مەگدەلینا : با بچم ، بزانـــم •

( دەچێتە دەرەوە • )

پۆنسیا : ئەم منداڵە نەخۆشـــە !

مارتیریۆ : ئەدی ، شەو خەوی نیە •

پۆنسیا : کەواتە چ دەکـــا ؟

مارتیریۆ : چوزانم چ دەکـــا •

پۆنسیا : رەنگە خۆت لە ئێمە باشتر بزانی ، چونکە کە دەخەون یەك دیوارتان بەینـــە •

ئەنگوستیاس : بەخیلی کەڵبە لەو خەڵکە گیر دەکـــا •

ئەمیلیا : زێدەڕەوی مەکە •

ئەنگوستیاس : لە چاویەوە دیارە • هەر دەڵێی ژنێکی شێتە •

مارتیریۆ : باسی ژنی شێت مەکە • ئێرە جێیەکی وایە نابێ ئەو جۆرە قسەی لێ بکـــەی •

( مەگدەلیناو عادیلە دێنە ژوورەوە )

مەگدەلینا : ئەدی نەتگوت عادیلە نووستوە ؟

عادیلە : هەموو لەشم ژان دەکـــا •

مارتیریۆ ( بە پلارەوە ) :

شەوێ دی باش نەنووستی ؟

عادیلە : بـــا •

مارتیریۆ : ئێی ؟!

عادیله (به دەنگێکی بەرز) : وازم لێ بێنە • نووسێبم یان واگا بم پەیوەندی
به تووه نیه • قەلبم جون خوش بی وا دەکەم •
مارتیریو : دلم هەر لای تو بوو •
عادیله : دلت لای من بوو ؟ — فزوولی ، دورمانت نەدەکرد ؟ ده ، بەردەوام
به ! بریا وابوومایه کەس نەیدیبام ، بریا بمتوانیابە به
ژوورێدا بڕۆمو کەس داوام لی نەکا دەچمە کوێ !
کارەکەر (دێته ژوورەوە) :
بەرناردا بانگت دەکا • کابرای به قەیتان هاتووه • (هەموو
دەچنه دەرەوە تەنیا عادیلەو پۆنسیا نەبێ • کە مارتیریۆ
دەڕوا چاو له عادیله نز دەکاتەوە) •
عادیله : وا تەماشام مەکە ! ئەگەر دەتەوێ چاوەکانی خۆمت دەدەمێ بۆ
ئەوەی ئەو پشتە قەمبوورەت نەمێنێ بەلام کە تێدەپەڕم ڕوو
بۆ لایەکیتر وەرگێڕە ، تەماشام مەکە •
پۆنسیا : عادیله ، خوشکی خۆتە ، زیرەبار تۆی زۆر خۆش دەوێ •
عادیله : له هەموو شوێنێ به دوامەوەیه • هەندێ جار سەر به ژوورەکەمدا
دەکرێ بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ نووستووم یان نا ؟ لێ ناگەڕێ
هەناسەیەك بدەم ، هەمیشە «بۆ ئەم دەمو چاوە باش نیه»
«بۆ ئەم لەشە باش نیه» «هەتزانە فەوتا» بەلام من نایەلم
شتی وا ببێ • لەشی من بۆ یەکێکی به دلی خۆم دەبێ •
پۆنسیا (به زانایی ، به دەنگێکی نزم) :
بۆ پیپ ئێل ڕۆمانۆ وا نیه ؟
عادیله (دەترسی) : مەبەستت چیه ؟
پۆنسیا : گوتم ، عادیله !
عادیله : دەمت داخه !
پۆنسیا : (به دەنگێکی نزم) : باوەڕ ناکەی سوسەم کرد بێ •

عادیله : دەنگت نزم کــە .
بۆنسیا : کەواتە ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە لەبیرخۆتی ببەوە .
عادیلە : جا تۆ چ دەزانی ؟
پۆنسیا : ئێمەی پیرو بە ساڵدا چوو لەناو دیوارەوە شت دەبینین . شەو کە واکا دێی دەچیتە کــوێ ؟
عادیلە : یاخوا کوێرابییت دایێ !
پۆنسیا : دەستو سەرم هەمووی چاوە کە دڵم بە شتی واوە بێ .نەمدەزانی مەبەستت چیە ؟ بۆچی بە مەیلەو رووتی لەبەر بەنجەرەکەت دانیشتبووی ، چرا پێ بوو ، پەنجەرەش واڵا بوو ، کــە شەو یدوەم پیپ بێرەدا تێپەڕیو لای داو قســەی لەگــەڵ خوشکت کــرد ؟
عادیلــــە : ڕاست نیــە .
پۆنسیا :خۆت منداڵ مەکەوە ! واز لە خوشکت بێنە . ئەگەر پیپ تیـــل ڕۆمانۆیشت خۆش دەوێ با لە دڵی خۆت دابێ .
(عادیله دەگــــری)
بێجگە لەمەش کێ دەڵێ تۆ ناتوانــی مــێردی پــێی بکــەی ! ئەنگوستیاسی خوشکت نەخۆش و کەترمیە . بەسەر یەکــەم منداڵەوە دەچێ ، ناو قەد باریك ، پیر ــ بە دونیادیتەي خۆم لێم دیارە کە دەمرێ . جا پیپیش وەکو هەموو بێوەمێردەکانی ئەو ناوە دەکا : جوانو جحێڵترین حەس دەخوازێ کە تۆی.بەو هیوایە بژی ، لە بیر خۆتی بەرەوە . هەرچی دەکەی بکە تەنیا لە یاسای خوا یاخــی مەبــە .
عادیلــە : ووس !
پۆنسیا : ووس نابــم !
عادیله : خەریکی ئیشی خۆت بە . لامێژ ، ناپاك !

یۆنسیا : وەك سێبەر پێتەوە دەنووسێم •

عادیلە : لە باتی ماڵ خاوێن کردنەوەو نووستن‌و دوعا کردن بۆ مردوان‌و وەك پیرە دەڵەبەراز لەو ناوە چەقیوی‌و بەیلی ژن‌و پیاوان تێك دەدەی ـــ قسەی قۆڕیان دەرهەق دەکەی •

یۆنسیا : من پاسەوانی دەکەم بۆ ئەوەی کە خەڵك بە بەر دەرگامـــان تێپەری تفمان لێ نەکـــەن •

عادیلە : کڵۆپر چتۆ هەستی سەیرت بەر امبەر خوشکم پەیدا کردوە !

یۆنسیا : هیچ هەستێکی تایبەتیم بەرامبەر هیچێکتان نیە • دەمەوێ لـــە ماڵێکی بە حەیاو ئەدەبدا بژیم • نامەوێ بەم پیریە پیس ببم!

عادیلە : ئەو ئاموژگاریە هەڵگرە • درەنگ داهاتوە • چونکە من نەك هـــەر بەسەر سەری تۆدا باز دەدەم کە کارەکەری منی ، بگرە بەسەر سەری دایکم‌دا باز دەدەم بۆ ئەوەی ئاگری ناو دەم‌و ناو گەلانم بکوژێنمەوە • دەتوانی چیم دەرهەق بڵێی ؟ کە خۆم دەترنجێنمە ژوورەوەو دەرگا ناکەمەوە ؟ کە خەوم لێ ناکەوێ ؟ من لـــە تـــۆ بەبەزترم ؟ بزانە داخۆ کەرۆیشکت بە دەست پێ دەگیرێ •

یۆنسیا : عادیلە ، بەگژم دا مەیە ، بەگژم دا مەیە • چونکە ئێستا دەتوانم هاوار بکەم ، چرا پێ‌بکەم ، زەنگ لێ بدەم •

عادیلە : چوار هەزار تیشکی زەرد بێنەو بیانخەرە ســـەر دیوارەکانـــی حەوشە • ئەوەی ببێ بە کەس ناگەڕێتەوە •

یۆنسیا : ئەوەندەت خۆش دەوێ ؟!

عادیلە : ئەوەندە !! کە تەماشای چاوی دەکەم وا هەست دەکەم وورده وورده خوێنی دەخومەوە •

یۆنسیا : گوێت لێ ڕاناکرم •

عادیلە : دەبێ گوێم لێ ڕابکری • من لێت دەترسام بەلام ئێستا من لـــە تـــۆ بەهێزتـــرم !

(ئەنگوستیاس دێتە ژوورەوە)

ئەنگوستیاس : هەمیشە هەر پیلەکەیە !

پۆنسیا : هەڵبەت • پێی داگرتوە بەو هەموو گەرمایە بچم نازانم چی لە بازاڕ بۆ بێنم •

ئەنگوستیاس : شووشە بۆنەکەت بۆ کڕیم ؟

پۆنسیا • ئەوەی هەرە گران • سووراوو سپیاویش • لە ژوورەکەی تۆ، لە سەر مێزم دانان •

(ئەنگوستیاس دەچێتە دەرەوە)

عادیلە : دە ووس بە !

پۆنسیا : دەبینین !

(مارتیریۆو ئەمیلیا دێنە ژوورەوە)

مارتیریۆ (بە عادیلە دەڵێ) :

قەیتانەکانت دی ؟

ئەمیلیا : هی ئەنگوستیاس ، بۆ جیازی بووکێنی ، جوانە •

عادیلە (بە مارتیرۆ دەڵێ کە قەیتانی پێیە) :

ئەدی ئەمانە ؟

مارتیریۆ : بۆ منن ، بۆ کراسی نووستن •

عادیلە (بە تیزەوە) : مرۆ ، لێرە دەبێ زەوقی کاڵتەی هەبێ •

مارتیریۆ (بە مەبەستەوە) : بەلام دەبێ هەر خۆم تەماشای بکەم • نابێ خۆم پێشانی کەس بدەم •

پۆنسیا : کەس بە کراسی نووستن نامبینێ •

مارتیریۆ (بە مەبەستەوە ، سەیری عادیلە دەکا) :

هەندێ جار ، نەء ، بەلام من حەزم لە ژێر کراسی جوانە •

ئەگەر دەوڵەمەند بوومایە لە قوماشی هوڵەندیم دەکرد •

ئەمە یەکێکە لە زەوقە سەیرەکانم کە ئێستا نەم ماوە •

پۆنسیا : ئەم قەیتانانە بۆ کلاوی کۆرپەو جوبەی قەشان جوانن • من

بوومایە نەمدەکرێ • با بزانین بەڵکو ئەنگوستیاس پێی بوین،
هەر هێندە منداڵی ببێ ، شەوو ڕۆژ دەیرەتێنن •

مەگدەلینا : نامەوێ یەك تەقەڵیان لێبدەم •

ئەمیلیا : لەوەش خراپتر ، منداڵی خەڵك بەخێو بكەی • تەماشا کە
دراوسێکانی سەر ڕێمان چۆن قوربانی بۆ چوار منداڵ دەکەن.

پۆنسیا : حاڵیان لە ئێوە باشترە • هیچ نەبێ پێدەکەنن و ئێوە گوێتان لە
شەڕو شۆڕیانە •

مارتیریۆ : کەواتە برۆ خزمەتی ئەوان بکە •

پۆنسیا : نەخێر • چارەنووس تووشی ئەم دێرەی ڕەبەنانی کردووم •

(دەنگی زەنگێکی بچووك لە دوورەوە دێ دەڵێی بە ناو
ئەستوورایی زۆر دیواردا تێدەپەڕێ •)

مەگدەلینا : زەلامن دەچنە سەر ئیش •

پۆنسیا : پێش خولەکێ ، سەعات سێ بوو •

مارتیریۆ : لەگەڵ ئەم ڕۆژە !!

عادیلە (دادەنیشێ) : ئای دەنا ئێمەش بمانتوانیایە بچینە دەرەوە ، ناو
زەوی و شیناییی !

مەگدەلینا : (دادەنیشێ) •
هەر چینەو بە ئیشی خۆی !

مارتیریۆ (دادەنیشێ) : ئەوەیە !!

ئەمیلیا (دادەنیشێ) : ئای !

پۆنسیا : لەم وەختەی ساڵدا ، هیچ خۆشی و بەختیاری لە دەشت و
شینایی دا نیە • دوێنێ سبەینێ سەپان هاتن • چل پەنجا
گەنجی کۆك •

مەگدەلینا : ئەم ساڵ ، ئەوانە خەڵکی کوێن

پۆنسیا : خەڵکی زۆر زۆر دوورن • لە چیاکانەوە هاتوون • شادن وەك

درەختی ساغو ڕپتەو ! هاوار دەکەن ٠
بەرد داوێن ٠ شەوێ دی ژنێ هات ئەکۆردیۆنی پێ بوو ،
بەرگێکی جوانی لەبەر بوو ، سەمای دەکرد ٠ بە یازدە کەسان
لەگەڵی ڕێك کەوتنو بردیانە ناو باخی زەیتوونان ٠ لــە
دوورەوە بینیمن ٠ ئەوەی قسەی لەگەڵ کرد کوڕێکی چاو
شینو تێك‌سمراو بوو دەتگوت پنجە گەنمە ٠

ئەمیلیا : بە ڕاستت !!

عادیلە : دڵنیای ؟

پۆنسیا : چەند ساڵێك پێش ئێستا ، ژنێکی وا هاتە ئێرە ، من خۆم هەندێ پارەم دایە کوڕە گەورەکەم بۆ ئەوەی بچێتــە لای ٠ پیــاو پێویستیان بە شتی وا هەیە ٠

عادیلە : لە هەموو شتێ جەب دراون ٠ چیان لەسەر نیە ٠

ئەمیلیا : زناتی خۆی لە خۆیەوە خراپترین سزایە ٠

مەگدەلینا : هەتا چاوەکانیشمان هی خۆمان نین ٠

(دەنگی گۆرانیەکی دوور دێ ، نزیك دەکەوێتەوە) ٠

پۆنسیا : ئەمە خۆیانن ٠ گۆرانیەکی خۆش دەڵێن ٠

ئەمیلیا : ئێستا دەچنە دروێنــە ٠

کۆڕس : سەپان دەرچوون ،
لە تەبارە گەنم دەگەڕێن ٠
تووشی هەر کچێ ببــن .
دڵــی لێ‌دەسێنن ٠

(دەنگی تەمبوورو کەرەنا دێ ٠ وەستانێك ٠ هەموو بەبــێ دەنگی گوێ ڕادە دێرن ٠ خۆر بە دەرەوەیە ٠)

ئەمیلیا : باکیان بە خۆریش نیە ٠

مارتیریۆ : لەناو بڵێسەی ئاگر دروێنە دەکەن ٠

عادیلە : چەند حەز دەکەم منیش سەیان بم بۆ ئەوەی بتوانم بە کەیفی خۆم بێمو بچم • ئەو حەڵە هیچ ئاگام لەو شتە نەدەما کە هەموومان هەڵدەلووشێ •

مارتیریۆ : ئاگات لە چ نەدەما ؟

عادیلە : هەر کەسە شتی خۆی هەیە •

مارتیریۆ (بە هەڵچوونەوە) : هەر کەسە ! •

پۆنسیا : ووس بە ! ووس !

کۆڕس (زۆر لە دوورەوە) :

کچەکانی ناو شــار ،
سەپان داوای گوڵتان لێ دەکا
دەرگاو پەنجەرەتان بخەنە سەر پشت •
بۆ ئەوەی لەبەر کڵاوی ڕا بکا •

پۆنسیا : چتۆ گورانیە !

مارتیریۆ (غەریبی مەفتەبنی هەڵدەستێ) :

کچەکانی ناو شــار ،
دەرگاو پەنجەرەتان بخەنە سەر پشت •••

عادیلە (بە سۆزەوە) :

سەپان داوای گوڵتان لێدەکا
بۆ ئەوەی لەبەر کڵاوی ڕا بــکا •
(گۆرانیەکە دوورتر دەکەوێتەوە)

پۆنسیا : ئێستا ، لە قاچەکەکە دەسووڕێنەوە •

عادیلە : با لە پەنجەرەی ژوورەکەی من تەماشایان بکەین •

پۆنسیا : ووریا بە لاشییەکە زۆر نەکەیتەوە ، چونکە هەر حــەز دەکــەن پالێکی پێوە بنێنو بزانن کێیە تەماشا دەکا •
(هەر سێکیــان دەڕۆن • مارتیریــۆ دەمێنێتــەوە ، لەســەر

کورسیەکی نزم دانیشتوەو دەستی بە دەمو چاویەوە گرتوە.)

ئەمیلیا (لێی نزیك دەکەوێتەوە) :

ئەوە چیتــە ؟

مارتیریۆ : گەرما ویسحەتی تێك داوم .

ئەمیلیا : هەر هێندەیەو زیاتر نا ؟

مارتیریۆ : بریا چریا دوێ بوایە ، باران بوایە ، شەختە بوایە ، هـــەر شتێ بوایە ، ئەم هاوینە بێ کۆتاییە نەبوایە .

ئەمیلیا : دەرواو دێتەوەتس .

مارتیریۆ : هەڵبەت .

(وەستانێك)

شەوێ دی ، چ محەل نووستی ؟

ئەمیلیا : نازانم . وەك تەختەدار ڕاکشامو خەوتم . بۆ ؟

مارتیریۆ : هیچ . هـــەر ئەوەندە بوو هەستم کرد دەنگێکم لـــە حەوشـــە کەوتە بەر گـــوێ ؟

ئەمیلیا : بە ڕاســـت ؟

مارتیریۆ : درەنگ ! درەنـــگ !!

ئەمیلیا : نەترســـای ؟

مارتیریۆ : نەء . هەندێ شەوی‌تریش گوێم لێ ببوو .

ئەمیلیا : وا چاکە نۆبەتی لێ‌بگرین . دەبێ شوان نەبووبێ !؟

مارتیریۆ : شوان سەعات شەش دێنەوە .

ئەمیلیا : لەوانەیە ئێسترێکی خوزتو چەموش بوو بـــێ ؟

مارتیریۆ (لەبەر خۆیەوە ، بە دووقات مەبەستەوە ) :

ئەوە بوو ، ئەوە بوە ! ئێسترێکی خوزتو چەمووش بوە !

ئەمیلیا : دەبێ نوبەتی لێ‌بگریـــن .

مارتیریۆ : نا ، نا . هیچ قسە مەدە . ڕەنگە هەر خەیاڵ بێ‌و بـــە مێشکمدا

هاتبـێ .

ئەمیلیا : دەبـێ !

( وەستانێك . ئەمیلیا دێ بڕوا )

مارتیریۆ : ئەمیلیا : !

ئەمیلیا ( لە بەر دەرگاوە ) : چیە ؟

( وەستانێك )

مارتیریۆ : هیچ .

( وەستانێك )

ئەمیلیا : بۆ بانگت کردم ؟

( وەستانێك )

مارتیریو : لە دەمم هاتە دەرێ . بە دەست خۆم نەبوو .

( وەستانێك )

ئەمیلیا : نەختێ ڕاکشێ .

ئەنگۆستیاس ( بە تووڕەیی دێتە ژوورەوە . بێدەنگیەکەی پێشوو تەواو دەشلەقێنێ . )

کوا ئەو وێنەیەی پیپ کە لە بن بالیفم نا بوو ؟ لای کامتانە ؟

مارتیریۆ : کەس .

ئەمیلیا : وا دەزانی ( ست بارسۆلۆمیۆ )ی زیوە '

ئەنگوستیاس : کوا وێنەکە ؟

( پۆنسیاو مەگدەلیناو عادیلە دێنە ژوورەوە )

عادیلـە : وێنەی چـی ؟

ئەنگوستیاس : یەکێکتان لێتان شاردوومە تەوە .

مەگدەلینا : تۆ ئەوەندە بێ چاوو ڕووی ، قسە وا بکەی ؟!

ئەنکوستیاس : لە ژوورەکەی خۆم بوو ، ئێستا نەماوە .

مارتیریۆ : ناکرێ نیوەشەو بـازی هەڵدابێتە حەوشە ؟ پیپ پیاسەی بـەر

تریفەی مانگەشەوی پڕخۆشە •
ئەنگوستیاس : سوحبەتم لەگەڵ مەکە • بێ ، پێیدەڵێم •
پۆنسیا : وانەکەی ! چونکە ئاشکرا دەبێ •
( تەماشای عادیلە دەکا )
ئەنگوستیاس : دەمەوێ بزانم لای کامتانە ؟
عادیلە ( تەماشای مارتیریۆ دەکا ) :
لای یەکێکە ، بەڵاّ لای من نیە !
مارتیریۆ ( بە مەبەستەوە ) : هەڵبەت لای تۆ نیە •
بەرناردا ( بەخۆو بە داردەستەوە دێتە ژوورەوە ) : ئەوا لەو گەرماو کپو بێدەنگیەدا ، چ هەراو چەمارۆیە لەم ماڵەی من ؟ ئێستا دراوسێ گوێیان بە دیوارەوە ناوە •
ئەنگوستیاس : وێنەی دەزگیرانەکەیان دزیوم •
بەرناردا ( بە توندی ) : کێ ؟ کێ ؟

ئەنگوستیاس : ئەمانە !
بەرناردا : کامەتان ؟
( بێ دەنگی )
وەڵامم بدەنەوە !
( بێدەنگی • بە پۆنسیا دەڵێ ) :
ژوورەکانیان بپشکنە • تەماشای ناو جێو بالینگانیان بکە • بۆیە وا دەکەن چونکە زۆرتان لە دوو دراوە ، قەراسەتان درێژە • بەڵام ئێستا تێتان دەگەیەنم !
( بە ئەنگوستیاس دەڵێ )
لێت مسۆگەرە !
ئەنگوستیاس : ئەدی •
بەرناردا : هەموو شوێنی گەرای ؟

ئەنگوستیاس : ئا ، دایـــە !

( هەموو بە کپی‌و بە شلەژاوی هەڵدەستنەوە )

بەرناردا : لە ئاخرو ئۆخری ژیانم وام لێ دەکەن تاڵترین ژەهر بخۆمەوە .

( بە پۆنسیا دەڵـێ ) :

دۆزیتـــەوە ؟

پۆنسیا : ئا . ئەوەتانـــێ .

بەرناردا : لە کوێت دۆزیەوە ؟

پۆنسیا : لـــە ...

بەرناردا : بیڵێ ، ترســـت نەبـــێ .

پۆنسیا ( بە سەرسامیەوە ) :

لەناو پرو بوزکۆری سەر چوارپای مارتیریۆ .

بەرناردا : ( بەمارتیریۆدەڵـــێ ) :

وایـــە ؟

مارتیریۆ : ئا ، وایـــــە .

بەرناردا : ( لێی نزیك دەبێتەوە . بە داردەستەکەی وەزی دەکەرێتێ ) :

ئاخرشەڕ ، دووفاق ، ئاژاوەچی !

مارتیریۆ ( بە توندی ):بەسم لێدە ، دایـــە !

بەرناردا : هەر لێت دەدەم .

مارتیریۆ : ئەگەر لێت هەڵکەڕێمەوە ، گوێت لێمە ؟ بکشێوە ؟

پۆنسیا : بێ ئەدەبی نەکەی لە ڕاست دایکت !

ئەنگوستیاس ( بەرناردا دەگری ) :

تکایە ، وازی لێ‌بێنە بڕوا .

بەرناردا : فرمێسکیشت لە چاودا نیـــە .

مارتیریۆ : ناگریم ، تا تۆ دڵت خۆش بـــێ .

بەرناردا : بۆ ئەو وێنەیەت بـــرد ؟

مارشیریۆ : ئەگەر سوحبەتێکم لەگەڵ خوشکم کرد چ بوو ؟ ئەگەرنا ئەمن
وێنەم بـــۆ چیـــــه ؟
عادیله ( بە ئێرەییەوه ، هەڵدەبەزێ ) :
سوحبەت نەبوو ! تۆ قەت حەزت لە سوحبەت نەبوه • شتێکی ترت
لە سنگ دەجۆشاو دەیەویست بێتە دەرەوه • ئێستا بـــه ئاشکرا
پێ لێ بنـــێ •
مارتیریۆ : ووس • قسەم پێ مەکە • چونکە ئەگەر قسان بکەم دیوارەکان
لە شەرمان وێك دینەوەو خۆیان لێك دەدەن •
عادیله : زمانی بەد لە درۆ هەڵبەستن ناوەستێ •
بەرناردا : عادیلـــــه !
مەگدەلینا : ئەوە تۆ شێتی ؟؟
ئەمیلیا : بە کومانی بیسی خوت بەردەبارانمان دەکەی •
مارتیریو : هەیە شتی خراپتریش دەکا •
عادیله : تا هەموو بـــه یەکجار ، بـــه ڕووتو قووتی دەوەستنو روبـــار
ڕایاندەپێچێ •
بەرناردا : وای زکرەش !
ئەنگوستیاس : تاوانی من نیه ، پیپ ئێل ڕۆمانۆ لە دەورم دەگەڕێ •
عادیلـــه : بۆ پارەکەتــــه •
ئەنگوستیاس : دایـــــه !
بەرناردا : بێ دەنگ !
مارتیریۆ : بۆ زەوی‌و باخچەکانته •
مەگدەلینا : تەنیا پرۆژەیەکــــه •
بەرناردا : بـــێ دەنگ ، دەڵێم ! دیم ڕەشەبای هێنا بەڵام نەمزانی وا زوو
دەتەقێتەوه • ئۆی : چ شاخە ڕقێکە هەرەسی هێناوەتە سەر
دڵم ! بەڵام من هێشتا پیر نەبوویم — پێنج زنجیرم بـــۆ ئێوه

هەیە • ئەم خانوەش باوکم دروستی کـردوە ، هەتـــا.دڕكو بژاریش بە خەرابەی نازانێ • لێرە بڕونە دەرێ •
(دەچنە دەرەوە • بەرناردا بــە غەمباری دادەنیشێ • پۆنسیا لە نزیك دیوار ڕاوەستاوە • بەرناردا هێزی دێتەوە بەرو زەوی دەکوتـێ •)
دەبێ تێیان بگەیەنم دەستم چەند گرانە • بەرناردا ، ئیشـــی خۆت لـــە بیر بێ •
پۆنسیا : قسەیەك بکەم ؟
بەرناردا : بیکە • بە داخەوە تۆش گوێت لێ بوو • خێزن نابــێ بێگانەی تەواو تێکەڵ ببێ •
پۆنسیا : ئەوەی دیم ، دیم •
بەرناردا : ئەنگوستیاس دەبێ یەکسەر مێرد بکـا •
پۆنسیا : بێگومان • دەبێ لێرە وەدەری بنێین •
بەرناردا : کچەکەی من نا ، کابــرا •
پۆنسیا : هەڵبەت • ئەو تەرحە کابرایە دەبێ لێرە بڕوا • بــە تەواوی بیرت لێکردۆتەوە ؟
بەرناردا : بیری لێ ناکەمەوە • شت هەیە نابێ ، پێویست بــە بیرکردنەوە ناکـا • یەکسەر فەرمانی بۆ دەردەکەم •
پۆنسیا : باشە ، لەو بڕوایە دای کابرا ڕازی بێ بڕوا ؟
بەرناردا ( هەڵدەستێتەوە ) : ئێستا تۆ خەیاڵ لە چ دەکەی ؟
پۆنسیا : هەڵبەت ، کابرا ئەنگوستیاس دەخوازێ و دەیهێنێ •
بەرناردا : بە ئاشکرا بڵێ • باشت دەناسم ، دەزانم چەقۆت لێ هەڵکێشاوم•
پۆنسیا : قەت نەمزانیوە • بە ووریا کردنەوە گوترا بێ کوشتن •
بەرناردا : ج ووریاکردنەوەت بو من هەیە ؟!
پۆنسیا : بەرناردا ، من هیچ تاوانبارت ناکەم • هەر هێندەت پێ دەڵێـم

چاوت بکەوە ، ئیدی خۆت دەبینی !

بەرناردا : چ دەبینم ؟

پونسیا : بەرناردا ، تۆ هەمیشە زرنگ بووی ، سەد مایۆن بەو لاوە تاوانی خەڵکت دیوە . زۆر جار دەمگوت تۆ لەبارت دا هەیە مێشکی خەڵك بخوێنیتەوە ، بەڵام ئەو منداڵانە منداڵی خۆتن و لە ئاستیان کوێری .

بەرناردا : باسی مارتیریۆ دەکەی ؟

پونسیا : ئا ، باسی مارتیریۆیە ...

(بە تاسەوە)

سەرم سوڕماوە ، ئەو وێنەی بۆ شاردبووەوە !؟

بەرناردا (بەرگری لە کچەکەی دەکا) :

ئەوە دەڵێ سوحبەت بوە ؟ سوحبەت نەبێ چ بوە ؟

بەرناردا (زاتی دەچێتەوە بەر) :

وێ ناچێ تو وا بیت !

پۆنسیا (بە ڕقێکی پەنا نەرمی یەوە) :

مارتیریۆ لە بیری دەکا .

بەرناردا : ئەگەر لە بیری نەکا خراپی بەسەر دێ . باوەڕناکەم ئەمە ئەو «شتە زۆر ترسناکە» بێ کە لێرە دەقەومێ . ئێرە چی لێ ناقەومێ . هەر ئەوەندەیە تۆ حەز دەکەی بقەومێ ! ئەگەر بێو ڕۆژێ بقەومێ دڵنیا بە لە ناو ئەم دیوارانە ناچیتە دەرەوە .

پۆنسیا : زۆر دڵنیا نیم . لە شاریش هی وا هەیە نە دوورەوە بیروباوەڕی شراوە دەخوێنێتەوە .

بەرناردا : چەندت پێ خۆشە ببینی من و کچەکانم ڕێی قەحپەخانە بگرینە بەر .

پۆنسیا : کەس چارەنووسی خۆی نازانێ .

بەرناردا : من چارەنووسی خۆم‌و کچەکانم دەزانم • قەحپەخانە بۆ ژنـێ بوو ، مـرد ، نەمـا •

پۆنسیا (بە‌تووندی) : بەرناردا ، ڕێزی یادی دایکمت لا بـێ •

بەرناردا : کەوایە بە بیری پووچەڵو بەدت ئازارم مەدە • (وەستانێك)

پۆنسیا : وا چاکە خۆم لە هیچ شتێ نەگەیەنم •

بەرناردا : دەبوایە وا بکەی • ئیش بکەو دەمت بگرە • ئەمەیــە ئیشــی ئەوانەی بە نان‌وزگ ئیش دەکەن •

پۆنسیا : ئاخر ئێمە وامان پێ‌ناکرێ • لەو بڕاویەدانی وا باشە کە پیـپ مارتیریۆ یان ••• بەڵێ •••• عادیلە بخوازێ‌و بیهێنێ ؟

بەرناردا : نا ، من لەو بڕوایەدا نیم •

پۆنسیا (بە مەبەستەوە) :

عادیلە دەزگیرانی ڕاستەقینەی ڕۆمانۆیە •

بەرناردا : قەت شت بە دڵی ئێمە نابــێ •

پۆنسیا : بەڵام زەجمەتە شت لە ڕەوتی تایبەتی خۆی لابدەی • بەلای من‌و بەلای خەڵکی‌تریش‌و بــە لای (بـا) یشـــەوە بــەرەواژیــە ئەنگوستیاس بۆ پیپ بێ • کێ دەڵێ ئەوەی دەیانەوێ بۆیان دەبــێ ؟

بەرناردا : دیسان هاتیتەوە سەر ئەم بەزمە • باتدایەوە سەر من‌و خەونی خراپم پێ‌دەبەخشی • من گوێت نادەمێ ، ئەوەی تۆش دەیلێی ئەگەر بێتە جێ هەموو دەم‌و چاوت بە چڕنۆك دەڕووشێنم •

پۆنسیا : یەکێکی‌تر بەم قسانە بترسێنە •

بەرناردا : خۆشبەختانە کچەکانم ڕێزم دەگرن‌و قەت لە قسەم دەرناچن •

پۆنسیا : ڕاستە • بەڵام هەر هێندە جڵەویان بەر ببێ دەفڕنە سەربانان •

بەرناردا : بە بەرد دەیانهێنمە خوارێ •

پۆنسیا : بەڵێ ، بەڵێ • تۆ هەردەم لە هەموویان ئازاتر بووی •

خۆش بوە •

بەرناردا : هەردەم شەڕی چاکم پێ خۆش بوە •

پۆنسیا : ئەدی خەڵك سەیر نیە ؟ دەزانی ئەنگوستیاس چەند حەز لـــە خۆشەویستەکەی دەکا ، لەو تەمەنەش ! کورەش زۆر پەرۆش و دەردەدارە • دوێنێ کوڕە گەورەکەم پێی گوتم گوایە کـــە سەعات چوارو نیوی بەیانی گای لێخوڕیوە، دیویـــە هـــەر خەریکی قسە بوون••

بەرناردا : چوارو نیـــو ؟!

ئەنگوستیاس (دێتە ژوورەوە) : درۆیە •

پۆنسیا : کوڕەکەی وای پێگوتم •

بەرناردا (بە ئەنگوستیاس دەڵێ) :

بـــە ئاشکرا بڵـــێ •

ئەنگوستیاس : حەفتەیەك زیاترە ، پێپ سەعات یەك دەڕوا • خوا بمکوژێ ئەگەر درۆ بـــکەم •

مارتیریۆ (دێتە ژوورەوە) :

منیش گوێم لێ بوو سەعات چوار ڕۆیشت •

بەرناردا : بە چاوی خۆت بینیت ؟

مارتیریۆ : نەموویست سەر لە دەرەوە هەڵکێشم • ئێستا تۆ لە تەك پەنجەرەکانی لائەنیشت نادوێی ؟

ئەنگوستیاس : لە پەنجەرەی ژووری نووستنی منەوە دەدوێین •

(عادیلە لە دەرگاوە دەردەکەوێ)

مارتیریۆ : ئیـــێ •••

بەرناردا : ئەوە چ بەزمە لـــێرە ؟!

پۆنسیا : ئەگەر وریا نەبی ، دەزانی • پێپ بەلانی کەمـــەوە سەعـــات یەك و چواری بەیانی لەبەر پەنجەرەت بوو •

بەرناردا : لێت مسوگەرە ؟

پۆنسیا : لەم ژیانەدا ، ناتوانی لە هیچ شتێك مسوگەر بی •

عادیلە : دایە ، گوێ مەدە یەکێکی وا کە دەیەوێ هەرچی هەمانــە لــە دەستمــان بچــێ •

بەرناردا : من دەزانم چۆن ئاگام لە خۆم بێ • ئەگەر خەڵکی شار بیانەوێ بە خۆو بە شایەتی درۆزنەوە بێنە لام دەبێ سەر لــە بەردی دیوار بدەن • کەستان باسی ئەمە نەکا • خەڵك دەیەوێ گێژەنی پیسایی بنێنەوەو ئێمەی تێدا بخنکێنن •

مارتیریۆ : من نامەوێ درۆ بکەم •

پۆنسیا : کەواتە دەبێ شتێك لە گۆڕێ هەبێ •

بەرناردا : نابێ هیچ شتێ هەبێ • کە بوویم بە چاوکراوەیی بوویم • تا دەمرم چاوم ناقوچێنمو هەر چاو دەگێرم •

ئەنگوستیاس : هەقمە بزانــم •

بەرناردا : تۆ لە گوێدێری زیاتر هەقی هیچت نیــە •
کەس ناچێ بۆ منی بێنــێ •
(بە پۆنسیا دەڵــێ)
خۆت لە ئیشی ئێمە مانان هەڵەقوتێنە• کەس نابێ بێ ئاگاداری من هەنگاوێك هەڵێنــێ •

کارەکەر (دێتە ژوورەوە) :
حەشامەتێکی زۆر لەو سەری کۆڵان خــڕ بۆتــەوەو هــەموو دراوسێکان هاتوونەتە بەر دەرگای خۆیــان •

بەرناردا (بە پۆنسیا دەڵێ) :
راکە ، بزانە چ رووی داوە •
(کچەکان دەیانەوێ ڕا بکەن)
بۆ کوێ دەچن ؟ دەمزانی ئێوە لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە

دەکەنو تازیە دەشکێنن • هەمووتان بڕۆنە بەر هەیوانیٚ •
(دەچنە دەرەوە • بەرناردا دەڕوا • لە دوورەوە هاتو هاوار
دیٚ • مارتیریۆو عادیلە دێنە ژوورەوەو گـوێ ڕا دەگـرن ،
ناوێرن لە دەرگای پێشەوە زیاتر پێ باوێن •)
مارتیریۆ : هەقە مەمنوون بی کە دەمم نەکردەوە •
عادیلە : منیش قسەم دەکرد •
مارتیریۆ چت دەگوت ؟ ویستن جودایەو کردن جودایە •
عادیلە : ئەوەی بتوانمو لە خۆم بوەشێنەوە ، ئەوە دەکەم • تۆ دەتەویست
بەلاّم نەتتوانی •
مارتیریۆ : بۆ زۆر دوور ناچـی ؟
عادیلە :هەموو شتم بۆ دەبـێ •
مارتیریۆ : لە باوەشی کابرات دەردێنم •
عادیلە (بە تکاوە) : مارتیریۆ ، وازم لیٚ بێنە •
مارتیریۆ : کابرا بۆ شتاقمان نابیٚ •
عادیلە : منی بۆ کابانەتی مالیٚ دەویٚ •
مارتیریۆ : دیم چۆن باوەشی پێدا کردیت !
عادیلە : نەمدەویست وا بکا بەلاّم دەتگوت بە پەت ڕایانکێشام •
مارتیریۆ : بەری چاوت پێناکەویٚ •
(مەگدەلیناو ئەنگوستیاس سەیری ژوورەوە دەکەن • هەراو
زەنا زیاد دەکا • کارەکەریك لەگەلٚ بەرناردا دێتـە ژوورەوە •
پۆنسیاش لە ژوورێکیترەوە دێتە سەر شانۆ)
پۆنسیا : بەرناردا !
بەرناردا : چ قەوماوە ؟
پۆنسیا : کچی لبرادا ، ئەوەی مێردی نەکردوە ، منداڵێکی بـوە کـەس
نازانیٚ لـە چ کەسێکە ؟

عادیلـــه : مندال ؟

پۆنسیا : جا بۆ ئەوەی دەنگی دەرنەچێو عەیبی خۆی دابپۆشێ ، چـڕە کوشتویەتیو لە بن بەردان شاردوونیەوە ، بەڵام سەگ کە لـــە زۆردیانان میهرەبانترن ، دەریان هێناوەو دەڵێی خـوا ڕێـی نیشانداون ، هێناویانەتەوە بەر دەرگەی ماڵی خۆیان • ئێستا خەریکن ژنەکە بکوژن • لەکۆڵانان ڕایدەکێشن ـــلە هەموو کووچەو کۆڵانان ، لەناو باخو باخاتی زەیتوونـــەوە زەلام دێـــنو وا دەنەڕێنن کێڵگەکان لەگەڵ دەلەرنەوە •

بەرناردا : لێگەڕێ با دەست بە شوورکە زەیتوونو دەست بە خاکەناسەوە بێن ــ با هەموو بێنو بیکوژن !

عادیلە : نا ، با نەیکوژن •

مارتیریۆ : با ، با ئێمەش بچینە دەرەوە •

بەرناردا : هەر کەسێ حەیای خۆی بچوێنێ سزای خـۆی وەردەگرێ • (دەنگی شریقژنی زنێكو هەرایەکی زۆر لە دەرەوە دێ) •

عادیلە : با بۆ خۆی ڕا کات • ئێوە مەچوونە دەرەوە •

مارتیریۆ (تەماشای عادیلە دەکا)

با سزای خۆی وەربگرێ •

بەرناردا (لەبەر دەرگاوە) :

تەواوی کەن تا نۆبەتدار نەهاتوون !

لە کوێ تاوانەکەی کردوە ، لەوێ بیسووتێنن •

عادیلە (دەست بە سکی دادێنێ)

نا ، نا •

بەرناردا : بیکوژن ، بیکوژن •

ــ بـــەردە ــ



Scanned with CamScanner

## بەشـــی سێیەم

(چوار دیواری سپی ، بۆیەی مەیلەو شین کراون • هەیوانی پێشەوەی ماڵی بەرناردا ئەلبابە • ڕۆناکی ناو ژوورەکـان لەبەر دەرگاکان دەداو شانۆ نەختێ ڕوناك دەکاتەوە •)

(مێزێك لە ناوەڕاستی شانۆیە ، چرایەکی لەسەرە • بەرنارداو کچەکانی لە دەوری مێزەکە نان دەخۆن• پۆنسیا پێش خزمەتیانە• برۆدێنسیا لە دوور دانیشتوە • کە پەردە لادەکەوێ دونیـــا کش و ماتە تەنیا دەنگی قاپ و قاچاغ دێ •)

برۆدێنسیا : وا دەڕۆم ، سەردانێکی درێژم کردن •

( هەڵدەستێتەوە )

بەرناردا : برۆدێنسیا ، ڕاوەستە • جارێکیتر یەگدی نابینینەوە •

برۆدێنسیا : دوعاکەیان تەواو کـــرد ؟

پۆنسیا : ماویـــەتی •

(برۆدێنسیا دادەنیشێتەوە)

بەرناردا : ئەدی مێردەکەت ، ئەو چۆنە ؟

برۆدێنسیا : هەمان شتە •

بەرناردا : تازە ئەویش نابینینەوە •

برۆدێنسیا : خۆتان دەزانن چۆنە • لەوەتی لەسەر میرات لەگەڵ براکانی بەشەڕ هاتوە وازی لە دەرگای پێشەوە هێناوە • بە نەردەوان بەسەر دیواری پشتەوە دەکەوێ •

بەرناردا : بە ڕاستی پیاوە ! ئەدی کچەکەت ؟

برۆدێنسیا : پیاوەکەم قەت لێی خۆش نابێ •

بەرناردا : هـــەقیەتی •

برۆدێنسیا : نازانم پیاوەکەت چی پێگوتی • زۆرم لە دڵ گرانە •

بەرناردا : ئەو کچەی لە گوێو حەمدی باوکی دا نەبێ کچ نیە ، دوژمنە •
برۆدێنسیا : لێدەگەڕێم ئاوەکە بەو ڕێژگاوەدا بڕوا • من هەر هێندەم
ماوە کونجێکی کلیسا بکەم بە ماڵ ، بەڵام لەبەر ئەوەی
چاوەکانم بەرەو کزی دەڕۆن نابێ چیتر بێم خۆم بکەمە
گاڵتەجاڕی منداڵان •
(شتێکی توند بە دیوارەکان دەکەوێ)
ئەوە چیە ؟

بەرناردا : ئەسپە • لە تەویلە کراوەو دەرگای لەسەر کلیل دراوە پێلەقە
لە دیواری ماڵێ دەدا •
(هاواردەکا)
جلەوی بکەو بیهێنە دەرەوە بۆ ناو حەوشە ،
(بە دەنگێکی نزمتر)
دەبێ زۆری گەرما بێ •
پرۆدێنسیا : مایِنە نوێکانی لەگەڵ دادەکەی ؟
بەرناردا : لەگەڵ هەڵاتنی ڕۆژ •
پرۆدێنسیا : تۆ دەزانی چۆن وولاغەکانت زۆر بکەی •
بەرناردا : لە سایەی پارەو تێکۆشانەوە •
پۆنسیا (قسەیان پێ دەبڕێ) : باشترین ڕەوەی هەیە لەم ناوە • حەیفە
کە پارەی باش ناکەن •
بەرناردا : نەختێ پەنیرو هەنگوینت ناوێ ؟
برۆدێنسیا : مگێزم لە هیچ نیە •
(دیسان دەنگی لە دیواردانەکە دێ)
پۆنسیا : وای خوایە !
برودێنسیا : دڵم لەگەڵ داخوریا •
بەرناردا (هەڵدەستێتەوە ، بە توورەیی)

دەبێ هەموو شت دوو جار بڵێمەوە ؟
بەری دە با لەسەر قەسەر بگەوزێ •
(وەستانێك • وەك ئەوەی قسە لەگەڵ مەیتەر بکا) :
باشە ، دەی ماینەکان داکە ناو کۆتانو ئەسپەکە بەرەڵاکـە
نەوەك دیوارەکان دەروخێنێ •
(دەکەڕێتەوە لای مێزەکەو دادەنیشێتەوە)
ئای ، لەو ژیانە !
برۆدێنسیا : دەبێ وەك پیاو بجەنگێ !
بەرناردا : ئاوهایە !
(عادیلە لەسەر مێزەکە هەڵدەستێ)
کیـێـوە ؟
عادیلە : ئاو دەخۆمەوە •
بەرناردا (دەنگی بەرز دەکاتەوە)
دۆلکە ئاوێکی فێنك بێنـە
(بە عادیلە دەڵـێ)
تـۆ دانیشـە •
(عادیلە دادەنیشی)
برۆدێنسیا : ئەدی ئەنگوستیاس ، کەی بە مێرد دەچێ ؟
بەرناردا : پاش سێ ڕۆژیدی دێنە دووی •
برۆدێنسیا : دەبێ تۆ زۆرت هەوەس پێ بێ •
ئەنگوستیاس : هەڵبەت •
ئەمیلیا (بە مەگدەلینا دەڵێ)
تـۆ خۆێت ڕشتوە !
مەگدەلینا : قەت بەختت لەوە خراپتر نابێ •
ئەمیلیا : هەمیشە هەر بەخت ڕەشیە •



Scanned with CamScanner

بەرناردا : دە بـــەســـە !
برۆدێنسیا (بە ئەنگوستیاس دەڵێ)
ئەڵقەی لە پەنجە کردووی ؟
(پێشانی دەدا)
ئەنگوستیاس : ئەوەتا ، تەماشاکە •
(پێشانی دەدا)
برۆدێنسیا : جوانە • سێ دنکە مرواری تێدایە • وەختی من مــرواری نیشانەی فرمێسك بـــوو •
ئەنگوستیاس : بەڵام ئێستا هەموو شت گۆڕاوە •
ئادیلە : باوەڕ ناکەم • هەموو شـــت مانای جارانی هەیــە • ئەڵقـــــەی خوازبێنی دەبێ ئەلماس بێ •
پۆنسیا : زۆر لایەقترە !
بەرناردا : مرواری تێدا بێ و تێیدا نەبێ جیاوازی نیە ، هەموو شــت بــە نیـــەتە •
مارتیریۆ : یان تەقدیری خودایە •
برۆدێنسیا : بیستوومە جیازەکەت زۆر جوانە ••
بەرناردا : شەست هەزار ڕیالی تێچوە •
پۆنسیا (قسەیان پێدەبڕێ) : لە هەموویان چاکتر دۆلابی ئاوێنەبەندە •
برۆدێنسیا : قەت شتی وام نەدیوە •
بەرناردا : زەمانی ئێمە سندووق بوو •
برۆدێنسیا : گرنگ ئەوەیە کە هەموو شتێکی بژاردە بێ •
ئادیلە تۆش هەر نازانی •
بەرناردا : ماقووڵ نیە وا نەبێ •
(لە دوورەوە ، دەنگی زەنگ دێ)
برۆدێنسیا : دوا زەنگە •



Scanned with CamScanner

(بە ئەنگوستیاس دەڵێ)

دیمەوە بۆ ئەوەی جلو بەرگی خۆتانم پیشان بدەی •

ئەنگوستیاس : هەر کەس دەڵێی !

برۆدینسیا : شەو باش ــ خوا دەپەنەی خۆتان بگرێ •

بەرناردا : خوات لەگەڵ ، برۆدینسیا •

هەر پێنجکچ (پێکەوە) : خوات لەگەڵ •

(وەستانێك • برۆدینسیا دەچێتە دەرەوە)

بەرناردا : وای ، خورایین !

عادیلە : تا بەر دەرگا پیاسە دەکەم بای باڵی خۆم دەدەمو هەناسەیەکی پاك هەڵدەمژم •

(مەگدەلینا لەسەر کورسیەکی نزم دادەنیشێو خۆی دەداتە پاڵ دیـوار)

ئەمیلیا : منیش لەگەڵت دێـم •

مارتیریـۆ : منیش •

عادیلە ( بە ڕکێکی قووڵەوە ) : خۆ بزر نابم !

ئەمیلیا : بە شەو ، هاوڕێ هەر باشە •

( دەچنە دەرەوە • بەرناردا دانیشتوە • ئەنگوستیاس مێز پاك دەکاتەوە ) •

بەرناردا : تازە پێم گوتی • دەمەوێ بە ماتیریۆی خوشکت بڵێی • مەسەلەی وێنەکە سوحبەت بوەو دەبێ لە بیری بکـا •

ئەنگوستیاس : خۆت دەزانی هەوەسی بە من نایە •

بەرناردا : هەموو کەس دەزانێ ئەو کچە چی لە مێشکدایە • من تەماشای ناو دڵی کەس ناکەم بەڵام دەمەوێ نێوچەوانم بەرز بێو ماڵم تەبا بێ ، تێگەیشتی ؟!

ئەنگوستیاس : ئـا •

بەرناردا : کەواتە تەواو •
مەگدەلینا ( هەر ئەوەتە نەخەوتوە ) : سەرباری ئەمەش ، وەختی رویشتن
نایــە •
( خەوی لێدەکەوێ )
ئەنگوستیاس : هێشتا نۆرەم نەهاتـــوە •
بەرناردا : شەوێ دی چ وەخت قسەتان بڕیەوە ؟!
ئەنگوستیاس : دوازدەو نیو •
بەرناردا : پیپێ باسی چ دەکـــا ؟
ئەنگوستیاس : دەبینم هۆشی لە خۆی نیە • کە قسەم لەگەڵ دەکا بیری لە
لایەکی‌ترە • ئەگەر لێی بپرسم مەسەلە چیە ؟ وەڵام دەداتەوە
« ئێمەی پیاو خەمی خۆمان هەیە »
بەرناردا : نابێ لێی بپرسی • کە مێردت کرد ، هەر هیچ • ئەگەر قســەی
کرد تۆش قسە بکــە ، ئەگەر تەماشای کردی تۆش تەماشای
بکە • بەم جۆرە لەگەڵی هەڵ دەکەی •
ئەنگوستیاس : بەڵام ، دایە ، وا بزانم شتم لێ دەشاریتەوە •
بەرناردا : مەراقت نەبێ بزانی • پرسیاری لێ مەکەو لە هەمووش گرنگتر
، قەت وا مەکە ببینێ دەگریت •
ئەنگوستیاس : پێویستە شاد بم بەڵام شاد نیم •
بەرناردا : هەمووی هەر یەکە •
ئەنگوستیاس : زۆر شەو ، زۆر لە نزیکەوە ، لە شیشەی پەنجەرەوە چـاو
دەبڕمە پیپـو لێم دیارە بزر دەبێ • هــەر دەڵێی لەناو تۆزی
مێگەلە مەڕدا بزر دەبێ •
بەرناردا : بۆیە ئەو وایە چونکە تۆ بەهێز نیت •
ئەنگوستیاس : هیوادارم بەهێز بــم •
بەرناردا : ئەم شەو دێ ؟

ئەنگوستیاس : نەء • لەگەڵ دایکی چۆتە شـار •
بەرناردا : باشە ، زوو دەخەوین • مەگدەلینا !
ئەنگوستیاس : خەوتـووە •
( عادیلەو مارتیریۆو ئەمیلیا دێنە ژوورەوە )
ئەمیلیا : شەوێکی چەند تاریکە !
عادیلە : دوو هەنگاو پێش خۆت نابینی •
مارتیریۆ : ئەم شەو شەوی دزانە ، شەوی ئەوانەیە کە دەیانەوێ خۆیـان بشـارنەوە •
عادیلە : ئەسپەکە لە ناوەندی کۆتانێ بوو • سپی • دوو هێندەی خـۆی • تاریکایی پڕ کردبووەوە •
ئەمیلیا : ڕاستە ، ترسناك بوو ، دەتگوت قەرەنتوە •
عادیلە : ئەستێرەی ئاسمان هەر یەکە بە قەد مشتێك بوو •
مارتیریۆ : ئەمەیش تا ئەسکوردی خۆی شکاند هەر تەماشای کردن ،
عادیلە : هەوەستت پێ نایەن لەو بڵندابیە ؟
مارتیریۆ : ئەوەی لەسەر بانو هەورازتر بێ پەیوەندی بە منەوە نیە • لـە ڕوودای ژێر سابیتە تێر بووم •
عادیلە : باشە ، ئەوە بەلای تۆوە وایـە •
بەرناردا : بۆ ئەو چۆنە ، بۆ تۆیش هەر وایـــە •
ئەنگوستیاس : شەو باش •
عادیلە : لە ئێستاوە دەخەوی ؟
ئەنگوستیاس : ئا • پیپ ئەمشەو نایـــە •
( دەچێتە دەرەوە )
عادیلە : دایە ، ئەوە بۆچی کــە ئەستێرەیەك دادەرژێ یـان چەخماخەی لێدەدا ، دەڵێن :
بەربارەی پیرۆز



Scanned with CamScanner

خوا لێت پیرۆز کـــا
ناوت لە ئاسمان
بە ناوی پیرۆز بنووسرێ •

بەرناردا : پیرەکان زۆر شت دەزانن ئێمە لە بیرمان کردوون •
ئەمیلیا : چاوم دەنووقێنم تا نەیانبینم •
عادیلە : دەنا من وا ناکەم • من حەز دەکەم ببینم ئەو شتەی چەند ساڵـە هێمنەو ئێستاش هەر لە هێمنی دایە ، لەناکاو بتەقێتەوەو ئاگر بە دوای خۆیەوە بکێشێ •
مارتیریۆ : بەڵام ئەم هەموو شتە هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نیە •
بەرناردا : وا چاکە هەر بیری لێ نەکەینەوە •
عادیلە : شەوێکی چەند خۆشـــە ! حـــەز دەکەم تا درەنگ لێرە بمێنمەوەو کزەبای باخ و کێلگە هەڵمژم •
بەرناردا : بەڵام دەبێ بخەوین • مەگدەلینا !
ئەمیلیا : تازە خەو بردیەوە •
بەرناردا : مەگدەلینا !
مەگدەلینا ( شلەژاوە ) : وازم لێ بێنە •
بەرناردا : دە بخەوە •
مەگدەلینا ( هەڵدەستێتەوە ، میزاجی تێکچوە ) :
تۆ لێ ناگەرێی هیچ کەسێ خولەکێ خۆشی لە خـــۆی ببینێ •
( بە منگە منگ دەڕوا )
ئەمیلیا : شەو باش
( دەچێتە دەرەوە )
بەرناردا : ئێوەش هەردووکتان بڕۆن •
مارتیریۆ : چۆنە ئەم شەو دەزگیرانی ئەنگوستیاس نایە ؟
بەرناردا : بە سەفەر چوە •



Scanned with CamScanner

مارتیریۆ ( تەماشای عادیلە دەکات ) : هـا !
عادیلە : بەیانی دەتبینمەوە •
( دەچێتە دەرەوە • مارتیریۆ هەندێ ئاو دەخواتەوەو هێدی دەچێتە دەرەوە • لە دەرگاوە تەماشای حەوشە دەکا • پۆنسیا دێتە ژوورەوە )
پۆنسیا : هێشتا هەر لێرەی ؟
بەرناردا : بە هێمنی دانیشتووینو وەکو تۆ گوتەنی لە هیچ شوێنێ ئـەو ( شتە زۆر ترسناکە )نابنینین کە لێرە دەقەومێ •
پۆنسیا : بەرناردا ، با لەمە زیاتر لەسەر ئەو بابەتە نەڕۆین •
بەرناردا : ئەم ماڵە پرسیاری بە (ئا)و (نا)ی تێدا نیە • چاوکراوەیی مـن هەموو شتێ دەگرێتەوە •
پۆنسیا : لە دەرەوە هیـــچ ناقەومێ • ڕاستە ، زۆر ڕاستە کچەکانت ئیش دەکەنو هەر دەڵێی لە دۆلاب ترنجاون • بەڵام نە تۆو نە هیچ کەسێکیتریش ناتوانێ جاوەدێری ناو دڵی خەڵك بکەن •
بەرناردا : کچەکانم زۆر بە شێنەیی هەناسە دەدەن •
پۆنسیا : مادام تۆ دایکیانی ، ئەمـــە ئیشی خۆتـــە • ئیشی مــــن تەنیا خزمەتکردنی ئێوەیە •
بەرناردا : ئا • ئێستا هێمن بوویت •
پۆنسیا : شوێنەکەم لە دەست نەچێ ــ بەسمە •
بەرناردا : گرفتەکە لەوەدایە چ نیــە باسی نەکەی ! ئەگەر گیـا لـــەو ماڵە هەبوایە بە ئیشی خۆت دەزانی مـــەری دراوسێکان بێنی لێی بلەوەڕێنی •
پۆنسیا : زۆر لەوە زیاترم لایە کە بە بیری تۆ دادی •
بەرناردا : کوڕەکانت ئێستاش سەعـــات چواری بەیانـــی پیپ دەبینـن ؟ ئێستاش تووك لەم ماڵە دەکەنو قسەی خراپی پێدەڵێن •

یۆنسیا : نەخێر هیچ ناڵێین •

بەرناردا : چونکە ناتوانن • چونکە چیان نیە ددانی تێدا ختم بکەن • چونکە بە هەموو دەمێ چاوم کراوەتەوە •

یۆنسیا : بەرناردا ، نامەوێ باسی ئەم شتە بکەم چونکە دەترسم تۆ شتێ بکەی ، بەڵام ئەوەندە هەیە هێندە دڵنیا مەبە •

بەرناردا : زۆر دڵنیام !

یۆنسیا : کێ دەزانێ ؟ بۆی هەیە کتوپڕ برووسك باوێ • کێ دەزانێ ؟ بۆی هەیە کتوپڕ لەگەڵ خورپەیەکی فیچقەی خوێندا دڵت رابوەستێ !

بەرناردا : لێرە چ ناقەومێ • ئێستا من چاوم لە هەموو گومانو سوەکانی تۆ زەق کردۆتەوە •

یۆنسیا : وا باشترە بۆ تۆ •

بەرناردا : بێگومان ، زۆر باشترە •

کارەکەر ( دێتە ژوورەوە ) :

تازە لە هیرباران بوومەوە ، بەرناردا ، چیتر هەیە ؟

بەرناردا ( هەڵدەستێتەوە ) : نەء ، هیچ نیە • دەچم پشوویەك دەدەم •

یۆنسیا : دەتەوێ چ وەخت بانگت بکەم ؟

بەرناردا : چ وەخت نا • دەمەوێ ئەم شەو تێر بنووم •

( دەچێتە دەرەوە )

یۆنسیا : کە نە دەریا بێزار بووی وا چاکە پشتی تێبکەی نەك روو •

کارەکەر : زۆر بە خۆیەوە دەنازێ ! خۆی چاوی خۆی دەبەستێتەوە •

یۆنسیا : من هیچم لە دەست نایە • ویستم لێنەگەڕێم بتەقێتەوە بەڵام زۆریان ترس پێشان دام • هەست بەم بێدەنگیە دەکەی ؟ هەر ژوورەو هەورەتریشقەیەکی تێدایە • ئەو رۆژەی بتەقێتەوە هەموومان پێکەوە رادەماڵێ ، بەڵام من ئەوەی لەسەرم بوو

گوتـم •
کارەکەر : بەرناردا وا تێدەکا هیچ شتێ خـۆی لەبەر ڕاناگرێ • ناشزانێ پیاو چ هێزێکی لەناو ژنی بەتەنیادا هەیە •
یۆنسیا : هەمووی هەر تاوانی پیپ ئێل ڕۆمانۆ نیە • ڕاستە پـار لـە دوو عادیلەوە ڕایدەکردو عادیلە بۆی شێت ببوو بەلاّم عادیلە دەبوایە لە ڕادەی خۆی بوەستێو زۆری لەگەل نەڕوا • پیاو هەر پیاوە •
کارەکەر : هەیە لەو بڕوایەدایە کە نەدەبوو پیپ زۆر لەگەڵ عادیلە بدوێ ،

یۆنسیا : ڕاسـتە •
( بە دەنگێکی نزم )
شتیتریش •
کارەکەر : نازانم لێرە چ دەقەومێ •
یۆنسیا : چەند حەز دەکەم بە دەریادا بڕۆمو ئەم ماڵە ، ئـەم شەرکەیە ، جێبێلم •
کارەکەر : بەرناردا تەنگاوە بۆ زەماوەندو ڕەنگە هیچیش ڕوو نەدا •
یۆنسیا : ئیشەکە زۆر گەورە بوە • هەرچی ببێ تازە عادیلە بڕاندووتیەوەو ئەوانەیتریش بێ ووچان چاوەدێری دەکەن •
کارەکەر : مارتیریۆیش •••؟
یۆنسیا : ئەو لە هەموویان خراپترە • گۆمی ژەهـرە • دەزانێ پیپ ئێل ڕومانۆ بۆ ئەو نابێ و ئەگەر لە دەستی بێ دونیا نغرۆ دەکا •
کارەکەر : هەموو لە هەموو چەند خراپن !
یۆنسیا : ژنی بێ پیاون‌و بڕاپەوە • لە مەسەلەی وا هەتا خوێنیش لـە بیر دەکرێ • ووس‌س‌س !
( گوێ ڕادەگرێ )
کارەکەر . مەسەلە چیە ؟

پۆنسیا (هەڵدەستێتەوە) : سەگوەرە •
کارەکەر : دەبێ یەکێ بە بەردەرگای پشتەوەدا ڕەت بوو بێ •
(عادیلە دێتە ژوورەوە تەنوورەیەکی سپـــی و کەمەربەندیکـــی لەبەرە) •
پۆنسیا : هێشتا نەنووستووی ؟
عادیلە : دەمەوێ نەختێ ئاو بخۆمەوە •
(بە پەرداخی سەر مێزەکە ئاو دەخواتەوە •)
پۆنسیا : وام خەیال دەکرد ئێستا نووستووی •
عادیلە : تینوو بووم ، بە خەبەر هاتم • ئێوەش هەرووکتان ناچن نەختێ بحـــەسێنـــەوە ؟
کارەکەر : ئێستا دەچین •
(عادیلە دەچێتە دەرەوە)
پۆنسیا : بـــا برۆین •
کارەکەر : بێگومان هەقی نووستنمان هەیە • بەرناردا ڕۆژ تا ئێـــواری لێناگەڕێ دابکاسێم •
پۆنسیا : عەنەتریك بێیە •
کارەکەر : سەگەکان شێت بوون •
پۆنسیا : لێناگەڕێن بخەوین •
(دەچنە دەرەوە ، شانۆ بە تاریکی جێ دەمێنێ • ماریە جۆزیفا دێتە ژوورەوە بەرخێکی لە باوەشە) •
ماریە جۆزیفا (گۆرانی دەلێ) :

بەرخۆلە ، کۆرپەکەم
با بچینە ڕۆخ دەریا •
مێروولە وورديلە لەبەر دەرگان •
پەخێوت دەکەم ، نانت دەدەمێ •

بەرناردا ، ڕوو پیرە ـ پڵنگ
مەگدەلینا ، ڕوو ـ کەمتیار
بەرخۆڵـە ...
بهەژێ ، بهەژێ
با بچینە لای دارخورماکانی
بەر دەروازەی بێت لەحم
(پێدەکـەنـێ)
ئەمن خەوم دێو نـە تـۆ ،
دەرگا لە خۆوە دەبێتەوە ،
دەچینە ڕۆخ دەریاو
خۆمان لە ژوورێکی مەرجانی بچووك
دەشارینـەوە .
بەرناردا ، ڕوو ـ پیرە بڵنـگ
مەگدەلینا ، ڕوو ـ کەمتیار
بهەژێ ، بهەژێ ...
با بچینە لای دارخورماکانی
بەر دەروازەی بێت لـەحم .
(واز لە گورانـی دێنێ)

(عادیلە دێتە ژوورەوە . بە ووشتی تەماشـای دەوەرەبەری خۆی دەکاو لەو دەرگایە بزر دەبێ کە دەچێتە ناو کۆتـان . مارتیریۆ لە دەرگایەکی‌تر دێتە ژوورەوەو بە دەم ئازارو بـە هوشیاری لە نزیك ناوەڕاستی شانۆوە دەوەستـێ . ئەویش تەنوورەی لەبـەرە چـارۆکەیەکـی بچووکـی ڕەشـی

مارتیریۆ : داپیرە ، بۆ کوێ دەچی ؟

ماریە جۆزیفا : دەرگام بۆ دەکەیتەوە ؟ تۆ کێی ؟

مارتیریۆ : چۆن هاتیتە دەرەوە •

ماریە جۆزیفا : هەڵاتم • تۆ کێی ؟

مارتیریۆ : بگەڕێوە ناو جێو بالینگانی خۆت •

ماریە جۆزیفا : مارتیریۆ ، ئەوە تۆی ؟ ئێستا وا دەتبینم !

مارتیریۆی ڕوخساری شەهیدان • ئەدی کەی منداڵت دەبێ ؟

من ئـەم بـوە •

مارتیریۆ : ئەم بەرخەت لە کوێ بوو ؟

ماریە جۆزیفا : دەزانم بەرخە بەڵام ئەدی بەرخیش کۆرپە نیە ؟ بەرخێکت هەبێ لەوە باشترە کە هیچت نەبێ • پیرە بەرنارداڕوو پڵنگ ، مەگدەلینا ڕوو — کەمتیار •

مارتیریۆ : هاوار مەکە !

ماریە جۆزیفا : ڕاستە • هەموو شتێ تاریکو نووتەکە • هـــەر لەبـەر ئەوەی سەرم سپی بوە وا تێ دەگەی منداڵم نابێ بـەڵام دەمبێ — منداڵو منداڵو منداڵ • ئەم کۆرپەشی سەری سپی دەبێ • منیش کۆرپەم دەبێ ، کۆرپەیەکی‌ترو یەکێکی تریش هەموومان بە قژی سپی بەفرینەوە وەکو شەپۆل دەنوێنین — یەك ، دوو ، سی ••• هەموومان دادەنیشین ، هەمووشمان سەرمان سپیەو دەبینە کەفی دەریا • بۆ هیچ کەفی دەریـا لێرە نیە ؟ لێرە ، ئەوەی هەیە تەنیا کفنی سپیەو هیچی‌تر •

مارتیریۆ : ووس ، ووس ،

کە دراوسێکەم کۆرپەی هەبوو ، چوکلاتم بۆ دەبرد ، ئەویش پاشان هەندێ چوکلاتی بۆ دەهێنامو بەم جۆرە — هەردەم ، هەردەم ، هەردەم وا بوو • بەڵام تۆ سەرت سپـی دەبـێو دراوسێکانت نایەنە کنت • ئێستا دەبێ برۆم ، بەڵام دەترسم سەگ بمگرن • تا ناو زەویو کێڵگان ڕەوانـم ناکەی ؟ زەویو کێڵگام پێ‌خۆش نیە • ماڵم پێ خوشە بەڵام ماڵی کراوە • ژنە

دراوسێ بە خۆو بە کۆرپەی نەشمیلە لەناو جـێ نووستبنو بیاویش لە دەرەوە لەسەر کورسی دانیشتبن • ییپ ئیـل رومـانـۆ فیلەتەنە • ئێوە هەموو خۆشتـان دەوێ بـەلام هەڵتان دەلووشێ چونکە ئێوە دنگە گەنمن • نەء ، دنکە گەنم نین ، بۆقی بێ زمانن •

مارتیریۆ (بەتوورەیی) :

وەرە ، برۆوە نـاو جێ •

(دەیداتە بەر پاڵەسوان)

ماریە جۆزیفا : باشە ، بەلام پاشان دەرگام بۆ دەکەیتەوە ، وا نیە ؟

مارتیریۆ : بـێ خش •

ماریە جۆزیفا (دەگـری) :

**بەرخۆڵە ، کۆرپەکەم**

**یا بچینە رۆخ دەریا •**

**مێرووی ووردیلە لەبەر دەرگان •**

**بەخێوت دەکەم ، نانت دەدەمێ •**

(مارتیریۆ ئەو دەرگایە کلیل دەدا کە ماریە جۆزیفا لێیهاتـە دەرێ ، دەچێتە بەر دەرگای حەوشە • لەوێ دڵ لە دڵ دەدا ، دوو شاقاو زیاتر دەروا •)

مارتیریۆ (بە دەنگێکی نزم)

عادیلـــە !

(وەستانێك • لە دەرگا نزیك دەبێتەوە • ئینجا بانگ دەکا )

عادیلـە !

(عادیلە دێتە ژوورەوە ، قژی ئاڵۆزکاوە)

عادیلە : بۆچ بە دوامدا دەگەرێی ؟

مارتیریۆ : لەو پیاوە دوور کەوە •

عادیله : تۆ چی قسەی وا بە من بڵێی ؟
مارتیریۆ : ئەمە جێی ژنی بە حەیا نیە •
عادیله : تۆ دەتەوێ لێرە چۆن بوو بای ؟
مارتیریۆ (هاوار دەکا) : ئێستا نۆرە قسەی منە • ئەمە نابێ وا بڕوا •
عادیله : ئەمە تازە سەرەتایە • بایی ئەوە هێزم تێدایە بۆ پێشەوە تەکان بدەم — تۆ لە ڕەوشتەو لە ئەدگارت کەمە • من مەرگم لە ژێر ئەم بنمیچەدا دیوەو بە دوای بەشی خۆمدا گەڕاوم ، بە دوای شتی خۆم دا •
مارتیریۆ : ئەم پیاوە مردەڵەیە بۆ ژنێکیتر هات کەچی تۆ خۆت هاوێشتە پێش •
عادیله : بۆ پارە هات ، بەڵام چاوی هەر لە من بوو •
مارتیریۆ : لێ ناگەڕێم پری پێدابکەیت و بیفڕێنی • ئەو خەریکە ئەنگوستیاس دێنێ •
عادیله : خۆت لە من باشتر دەزانی ئەنگوستیاسی خۆش ناوێ
مارتیریۆ : دەزانم •
عادیله : دەزانی ، چونکە دیوتە منی خۆش دەوێ ، من !
مارتیریۆ (بە نائومێدی) : ئا •
عادیله (لە پێشەوە لێی نزیك دەبێتەوە) منی خۆش دەوێ ، من • منی خۆش دەوێ من !
مارتیریۆ : حەز دەکەی چەقۆیەکم لێ دە بەڵام جارێکیتر وام پێ مەڵێ •
عادیله : بۆیە دەتەوێ بیچەسپێنی تا لەگەڵی نەچم • بەلای تۆوە هیچ فەرقی نیە ئەگەر باوەش بە ئافرەتێکی وادا بکا کە خۆشی بوێ یان خۆشی نەوێ • بەلای منیشەوە هەر وایە • پیپ دەتوانێ سەد ساڵ لەگەڵ ئەنگوستیاسدا بێ بەڵام ئەگەر ئامێز لە من وەربێنێ تۆ چاوت دەبەرێتە پشتی سەری — چونکە تۆش

خۆشت دەوێ • خۆشت دەوێ •

مارتیریۆ (بە مەرگەساتەوە) : ئا ئاشکراو بێ پێچو پەنا دەیڵێم • ئـا سنگم ژان دەکاو وەك نارنجۆك دەتەقێ • ئا • خۆشم دەوێ •

عادیلە (بە توندی هامێزی تێوەردێنێ) : مارتیریۆ ، مارتیریۆ ، سـووچ سووچی مـن نیـە •

مارتیریۆ : هامێزم تێوەرمەینە ! دڵم مەدەوە • تازە خوێنمان لێك جودا بۆتەوە • هەر چەندە بە خوشکی خۆمت دادەنێم بەڵام وەکو ئافرەتێکیتر تەماشات دەکەم •

(پاڵـی پێـوە دەنـێ)

عادیلە : ئێرە بواری دەرچوونی تێدا نیە • ئەوەی دەخنکێ با بخنـکێ • پیپ هی منە • دەمباتە ناو شەپۆلی دەم ڕوبار •

مارتیریـۆ : ناتبـا •

عادیلە : لەوەتی تامی دەمی پیپم کردوە ، بەرگەی ئەم ماڵە ترسناکەم پێ ناگیرێ • چۆنی ئەو بلێ وا دەبم • خەڵکی گوند هەموو دوژ منی منن • بە پەنجەی ئاگرینیان دەمسووتێنن • ئەوانەی خـۆیان بە حەیا دادەنێن لە دووم نابنەوە • منیـش لەبـەر چـاوی هەموویان تاجی چقڵی خاتوونی پیاوێکی بە ژن لەسەر دەنێم •

مارتیریۆ : ووس !

عادیلە : ئێ • ئێ •

(بـە دەنگێکی نـزم)

با بچین بنووین • با لێگەڕێین بۆ خۆی ئەنگوستیاس بێنـێ • من چیتر هەقم بەسەرەوە نیە • بە تەنێ دەچمە ماڵێکی بچووك هەر کەی پیپ بیەوێ ، هەر کەی حەز بکا دێتە دیدەینم •

مارتیریۆ : شتی وا قەت نابێ • تا دڵۆپە خوێنێکم لە لەشدا مابێ شتی وا



Scanned with CamScanner

نابــێ •

عادیلە : بە هێزی پەنجە بچکۆلەم دەتوانم نەك تۆیەکی بێهێــز ، بگــرە ئەسپــی سەرکەش بێنمــە سەر چــۆك •

مارتیریۆ : ئەم دەنگەت لەسەر من هەڵەبڕە • پێ توورە مەبــە • دڵێــکم هەیە وا لە هێزی بەدو پیس سیخناخ بوە ، بێ دەستی خــۆم خنکاندوومــی •

عادیلە : پێشانمان دەدەی چۆن خوشکی خۆمان خۆش بویٚ دیارە خــوا بە ئەنقەس ، بەتەنێ لە جەرگەی تاریکی جێی هێشتووم ، چونکە ئێستا چۆنت دەبینم پێشتر وام نەدەدیتی •

( فیکەیەك دێ • عادیلــــە غــار دەداتــە بــەر دەرگـــا ، بەلام مارتیریۆ پێشی لــێدەستێنێ)

مارتیریۆ : بۆ کوێ دەچی ؟

عادیلە : لەو دەرگایە لاکەوە •

مارتیریۆ : ئەگەر ئازای بە کنە منەدا تێپەڕە •

عادیلە : لاکـــەوە •

( دەکەنە پڕکێش پڕکێش )

مارتیریۆ (هاوار دەکا) :

دایــە ، دایــە •

عادیلە : ڕێم کە ، بڕۆم •

(بەرناردا دێتە ژوورەوە • تەنوورەو چارۆکەیەکــی ڕەشــی لەبــەرە)

بەرناردا : بەسی کەن ، بێ دەنگ بن •

وای لە خۆم کلۆڵو سەر بە هەشێ کە ج پیاوم نیە بگاتە فریام•

مارتیریۆ (پەنجە بۆ عادیلە درێژ دەکا) :

لەگەڵ پیب دا بوو • تەماشای تەنوورەی کە چون هەمووی بە

قەسەر بوە !

بەرناردا (بە توورەیی دەچێتە لای عادیلە) :

ئەمە نوێنی ئافرەتی داوێن پیسە .

عادیلە (بەرەو ڕووی دەبێ) :

دەنگ خنکاندنیش لێرە نامێنێ .

(عادیلە داردەست لە دەست دایکی دەردێنێو دەیکاتە دوو کەرت)

داردەستی زۆردار ئاوا لێ دەکەم . شاقاوێکی‌تر ناوێ ، شاقاوێکی‌تر ، مەگەر پیپ ئەمرم پێ‌بکا ...

(مەگدەلینا دێتە ژوورەوە)

مەگدەلینا : عادیلە !

(پۆنسیاو ئەنگوستیاس دێنە ژوورەوە)

عادیلە : من هی پیپم .

(بە ئەنگوستیاس دەڵێ)

بۆ خۆت بزانە ــ لە حەوشە برۆ دەرەوە پێی بڵێ . پیپ دەبێ بە گەورەی ئەم ماڵە .

ئەنگوستیاس : وای خوایە !

بەرناردا : تفەنگەکە ! کوا تفەنگەکە ؟

(دەردەبەری . پۆنسیا لە پێشی ڕا دەکا . ئەمێلیا دێتە ژوورەوەو بە ترسەوە تەماشا دەکا . سەری بە دیوار دەکا . مارتیریۆ بە دوویدا دێتە ژوورەوە .)

عادیلە : کەس ناتوانێ بمگێڕێتەوە .

(دەیەوێ بچێتە دەرەوە)

ئەنگوستیاس (دەیگرێ) :

بە لەش‌ساغی لێرە دەرناچی . هەی دزو ناپاکی ئەم ماڵە .

مەگدەلینا : با بڕواو جارێکیتر چاومان بە چارەی نەکەوێتەوە ٠
(تەقەیەك دێ)
بەرناردا (دێتە ژوورەوە) :
دە ئێستا بڕۆ لە پیپ بگەڕێ ٠
مارتیریۆ (دیتە زوورەوە) :
پیپ ئێل ڕۆمانۆ ئاوو ئاو چوو !
عادیلە : پیپ ، وای خوایە هاوار ، پیپ !!
(دەردەپەڕێ)
پۆنسیا : پیپت کوشت ؟
مارتیریۆ : نەء ٠ بە سواری ماینەکەی تێیتەقاند ٠
بەرناردا : سووچی من بوو ، ژن نێشانەی پێ ناگیرێ ٠
مەگدەلینا : ئەدی بۆ گوتت ٠٠٠٠ ؟
مارتیریۆ : لەبەر عادیلە وام گوت ٠ دەمەوێ ڕوباری خوێـن بەسـەر سەریدا برێژم ٠
پۆنسیا : سندانت لـێدا !
مەگدەلینا : شەیتــان !
بەرناردا : وا باشــترە !
(دەنگە دەنگ دێ)
عادیلە ، عادیلــە !
پۆنسیا (لەبەر دەرگای عادیلەوە) :
ئەم دەرکایە بکەوە ٠
بەرناردا : بکەوە ٠ وا نەزانی تاوانو شوورەییت لەناو ئەم چوار دیوارە بـزر دەبـێ !
کارەکەر (دێتە ژوورەوە) :
هەموو دەرو دراوسێ بە خەبەر هاتوون ٠

بەرناردا (بە دەنگێکی نزم بەلام وەك نەعلە) :

بکەوە ، نەوەك بە پێلەقە دەرگا دەشکێنم •

(وەستانێك • دونیا کش‌و ماتــە)

عادیلـــــە :

(لە دەرگا دوور دەکەوێتەوە)

چەکوش !

(پۆنسیا خۆی بە دەرگا دادەدا • دەرگا دەبێتەوە • پۆنسیــا دەچێتە ژوورەوە • کە دەچێتــە ژوورەوە هــاوار دەکــاو دەکشێتەوە)

چیـــــە ؟

پۆنسیا (دەست دەخاتە هەوکی خۆی) : خوا نەکا کەس ئاوا بمرێ !

(خوشکەکان پاشەو پاش دەکەون • کارەکەر خاچ دەکێشێ • بەرناردا هاوار دەکاو دەچێتە پێشەوە •)

مەچــوە ژوورێ •

بەرناردا : نا ، ئەمن نا یبڕ ، ئێستا زینــدووی‌و لەنــاو تاریــکی داران رادەکەی • بەلام رۆژیکی‌تر دەکەویت.بیبڕەوە • کچــم بــە کچێتی مرد • بیبە ژوورێکی‌ترو بەرگی کچانی بکە بەر • کەس ئەم قسانە نەباتە دەرەوە • کچم بە کچێتی سەری نایــەوە • پێیان بلــێ بەیانی زەنگ دوو جار لێ بــدا •

مارتیریۆ : ئەو کچەی پیپی بە نسیب بێ هەزار جار بە ختیارە •

بەرناردا : گریانم ناوێ • دەبێ روو بە روو تەماشای مردن بکەین • بێ دەنــــگ !

(بە کچێك دەلــێ)

گوتم بــێ دەنــگ !

(بە کچێکی تر)

کە بە تەنێ بووی بگری • ئێمە خۆمان لە دەریای پڕسەدا

دەخنکێنین • وێ • کچە گچکەی بەرناردا ئەلبا بە کچێتی مرد

گوێت لێمە ؟ بێ دەنگ ! بێ دەنگ ! گوتم بێ دەنگ !!

— پەردە —



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# مرۆڤی بۆش

ترازیکۆمیدیەکە لە شەش پەردەدا

١٩٢٥-٢٢

Scanned with CamScanner

کەسەکان
( بەپێی دەرکەوتنیان )
پێلسکە
ڕۆزیتا
باوك
کۆکۆلیچ
عارەبانچی
دۆن کریستۆبیتا
نوکەر
سەعاتێك
لاوان
قاچاخچیان
کۆیکبووتس خاوەنی هەیخانە
کۆیتو ی پەندەر
وێریسۆم ی پینەدۆز
فیگارۆی سەرتاش
کەنجێکی چەتوون
کچێکی عازەبی بەرگەزەرد .
دەرۆزەکەرێکی کوێر
کچێکی نیشانەجوان
یاریدەی کاهین
میوانی دەست بە چراوك .
قەشەی سەر جەنازە
دەستو پێوەند ( کۆرەو )



Scanned with CamScanner

## ئاگاداری

( دوو بوق‌و دەهۆڵێك دەنگیان دێ • پێشکەیەك ، لە کوێ تــۆ حەز بکەی لەوێ دێتـــە ژوورەوە • پێشکەکـــە کەسایەتییەکـــی سەیری هەیە : بەشێکی تارماییە ، بەشێکی جنۆکەیە ، بەشێکی مەگەسە • نیشانەی شادومانـــی ژیانـــی سەربەستو ئەقڵو شیعری گەلی ئەندەلوسە • بوقێکی بچووکی پێیە لەوانەی لـــە بازاڕی گوندان دەفرۆشرێن )

پێشکە : زەلام‌و ئافرەتینە ! ئاگادار بن ! کورە ، دەمی بچووکت بگـــرە • تۆش کچە بچکۆلانەکە ، دانیشە • ئەمە هەمووی تاوانە • ئێستا ووس بن با ببێتە کپی‌و بێدەنگیەکی وا وێنەی نەبـــێ • ووس بن ، با خلتی دوا چرپە تەواو بنیشێتەوە •

( دەنگی دەهۆڵ دێ )

من‌و هاوڕێکەم تازە وا لە شانۆی بورژوازی دێینەوە ، شانۆی خاتوون‌و شازادان ، شانۆی زێڕو بلوور کە پیاو دەچن بـــۆ ئەوەی خەویان لێبکەوێ ، ژنیش دەچن بـــۆ ئەوەی خەویـــان لێبکەوێ ! من‌و هاوڕێکەم لەوێ بەند بووین ! بە خەیاڵتاندا نایە چەند سەخڵەت‌و ناڕەحەت بووین ! بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان ، لە کونی قوفلی دەرگاوە ، مـــن ئەستێرەیەکـــم بینی وەکو بنەوشەیەکی بچووك‌و گەشی ڕوناکی دەدرەوشایەوە • تـــا توانیم چاوم زەق کردەوە ( ـــ با ـــ هەر هەوڵی دەدا بە پەنجەی خۆی بۆم بنووقێنێ ) • جا لەوێ ، ڕوبارێکی بەرین ، لە ژێـــر ئـــەم ئەستێرەیەدا ، دەگرژیەوەو کەشتی هێواشـــی بەسەردا دەهات‌و دەچوو • ئینجا من ، ها!ها!ها! بـــۆ برادەرەکانم باس کردو بۆ ناو زەوی‌و زار هەڵاتین ، لە ڕەمەکی خەڵك دەگەڕاین



Scanned with CamScanner

. بۆ ئەوەی شتیان پیشان بدەین ، شتی بچووك ، بچووكترین شتی بچووكی ئەم دونیایە ، لەژێر مانگی شاخی سەوزو مانگی کەناری گوڵگون . لە ماڵەوە ، لەبەر ڕوناکی نیوەڕۆدا چەندین ، بە ڕوناکی شەوی نیوەشەویش هێندەین . ئێستا وا مانـــگ هەڵدێ‌و گوڵەئەستێرە بە هێواشی دەخزێنەوە نـــاو ئەشکەفتە

بچووکەکانیان‌و شانۆگـــەری گـــەورەی « ترازیکۆمێدی دۆن کریستۆباڵو خاتوو ڕۆزیتا » خەریکە دەست پێدەکا . ئامادە بن بەرگەی میزاجی بەدی ئەم کریستۆباڵە مستەوەشێنە بچووکە بگرن‌و بۆ بەشی خەم‌و جەخاری خاتوو ڕۆزیتا بگرین کـــە سەرباری ژناتی باڵندەیەکی بچووك‌و ســـاردی ســـەر گۆمەو باڵندەیەکی مێیەی ناسکی بـــە فرانە . بـــا دەست پێبکەین . (دەچێتە دەرەوە ، بەڵام بەغار دێتەوە ) . ئێستاش ئەی (با) ! باوەشێنە لەم هەموو دەم‌و چاوە سەرسامانـــە بکـــە . هەموو هەنسکەیەك بەرز هەلگرە بۆ سەر ترۆپکی شاخان‌و ئەم فرمێسکە تەڕانە لە چاوی ئەو خانم‌و خاتوونانە بسڕەوە کە بێ دەزگیرانن.

( مۆزیقـــا )

درەختە بچکۆلانەکەم

جوار کەلای بچووکی ببوە بـــوو ،

( با ) هەڵیوەرانـــدن .

## پەردەی یەکەم

(ژوورێکی نهۆمی خوارەوەی ماڵی دۆنا ڕۆزیتا • پەنجەرەیەکی گەورەی شیشەبەندو دەرگایەك لە پشتەوەی شانۆ هـەن • باخچەیەکی بچووکی دارپرتەقاڵ لە پەنجەرەوە دیارە •)

( ڕۆزینا کراسێکی پەمیەوکەفەڵبەندێکی لەبەرە بە قەیتان و تیلم ڕازاوەتەوە • کە پەردە لا دەکەوێ ، لەسەر سەکۆیەك دانیشتوە نەخش دەکـا •)

ڕۆزیتا ( تەقەڵەکان دەژمێرێ ) : یەك ، دوو ، سێ ، چوار •

( دەرزی لە دەستی خۆی ڕادەکـا •)

ئـۆف !

لەگەڵ دەنگی دوا میمی ( بۆ باوکی ڕەحمەتیم ) ، چوار جـار

( پەنجەی لەناو دەمی دەنێ )

دەرزیم لە دەستی خۆم ڕا کرد • بێ‌خش ڕاستە قونەدەرزی کارێکی زۆر سەخت و ناخۆشە • یەك ، دوو ••• ( دەرزیەکە لـە کەنفا دەچەقێنێ و بە جێی دێڵێ ) وای چەندم حەز لە مێردە ! گوڵێکی زەرد لە بەر تەوقی سەرم ڕادەکەم و تارایەك بەسەر خـۆم دادەدەمم تا ئەو سەری کۆڵانێ لە دووم بخشێ •

( هەڵدەستێتەوە )

کە کچی سەرتاشیش سەری لە پەنجەرە هەڵکێشا پێی دەڵێم : وا مێرد دەکەم ، پێشی تۆیش ، زۆر پێش تویش ، بە بازن و بە هەموو شتێکیش !

( یەکێ لە دەرەوە فیکەیەك دەکێشێ )

ئۆی ، ئۆی ، ئۆی ! ئەوە کوڕە لاوکی منە •

( ڕا دەکاتە بەر پەنجەرە )



Scanned with CamScanner

( فیکەیەك لە دەرەوە دێ )

ئۆی ، چۆن فیکەیەك لێ دەدا ! چۆن فیکەیەك !

باوك : کچم ، ئەوە چ دەڵێی ؟ شێت بووی ؟

ڕۆزیتا ( دەشێوێ ) : نا ، نا ... هەڵە بوو کردم •

باوك : وای ڕۆزیتا ، چۆن بە بن قەردان کەوتووین !! داخۆ چیمان بەسەر

باوك ( لە پەنا شانۆوە ) :

ڕۆزیتا!!!! !

ڕۆزیتا ( بە ترسەوە ) :

چیە!!!! •

( فیکەیەکی بەرزتر دێ • ڕادەکاو لەسەر سەکۆ دادەنیشێ ، بەڵام بەرەو لای پەنجەرە ماچێك هەڵدەدا )

باوك ( دێتەژوورەوە ) :

هەر ئەوها هاتم بزانم داخۆ خەریکی نەخشەکانتی •• ئیش کە ، کچم ئیش کە ، چونکە ئێمە ئاوها دەژین • وای کە پێویستمان بە پارەیە !! ئەو پێنج جانتا پڕ پارەی سەرەك قەشەی مامت بە میرات بۆی جێهێشتین شتێکی وای نەماوە !

ڕۆزیتا : وای سەرەك قەشەی مامم چتۆ ڕدێنی هەبوو ! پیرەمێردیکی چەند ڕۆحسووك بـوو !

یـێ !

( دەسەسڕی دەردێنێو دەگری )

ڕۆزیتا ( بە گریانەوە ) :

باشە ... ئەگەر ... تۆ .... من ...

باوك : ئەگەر بهاتایە بیرت لـە مێرد بکردایەوە ، ڕۆژێکی نوێمان لـێ هەڵدەهات • بەڵام من وا بزانم ، هەر ئێستا ...

ڕۆزیتا : دەنا ، منیش دەق بیرم لەم شتە دەکردەوە •



Scanned with CamScanner

باوك : بە ڕاســـت !؟

ڕۆزیتا : باشە ، بــەڵام هەستت نەکردوە ؟ ئێوەی پیــاو چەند زەیرەك‌و زەینڕونن ؟

باوك : ئەمەم بۆ (ت) ، بۆ (ت) لێ دەوەشێتەوە •

ڕۆزیتا : تەنیا قژ داهێنان‌و سووراوسپیاو کردنی کوڵەکانم •••

باوك : کەواتە ، ڕازی !

ڕۆزیتا ( وەك ژنە ڕەبەنان ئەدەب دەنوێنێ ) :

بەڵێ ، بابــە •

باوك : پەشیمانیش نابیتەوە ؟

ڕۆزیتا : نەخێر ، بابــە •

باوك : هەر چی بڵێم وا دەکەی ؟

ڕۆزیتا : بەڵێ ، بابــە •

باوك : باشـە ، منیش ئەوەم دەویســت •

( دەیەوێ بــڕوا )

لە فۆتان ڕزگار بووم ، ڕزگار بــووم •

( دەچێتە دەرەوە )

ڕۆزیتا : مەبەستی چیە دەڵێ : «لە فۆتان ڕزگار بووم ، ڕزگار بووم•» ؟

خۆ کۆکۆلیچی دەزگیرانم پارەی لـــە ئێمەش کەمترە • زۆر کەمترە • داپیرەی سێ پوول‌و جەڕە کرۆسکێکی بۆ جێهێشت‌و ••• بڕایەوە • بەڵام وای خۆشـــم دەوێ ! خۆشـــم دەوێ ، خۆشم دەوێ ، دووقات خۆشم دەوێ •

( زۆر بە پەلە ئەم قسانە دەکـا )

پیرە پارەی پیس ! با بۆ خەڵك بێ • من خۆشەویستیم دەوێ •

( ڕا دەکاتە بەر پەنجەرەو دەسڕۆکێکی گەورەی پەمیــە لەبەر شتێشەکانەوە هەڵدەشەقێنێ )



Scanned with CamScanner

دەنگی کۆکۆلیج ( بە دەم گیتارلێدانەوە گۆرانی دەڵێ ) :

ئەو هەنسکەی خۆشەویستم هەڵیدەدا بەسەر سروەدا دەفڕێ،

بەسەر سروەدا دەفڕێو

سروەیش هەر دەڕواو دەڕوا .

ڕۆزیتا ( بەگۆرانی ) :

ئەو هەنسکەی خۆشەویستم

هەڵیدەدا ،

بەسەر سروەدا دەفڕێ

بەسەر سروەدا دەفڕێو

سروەیش هەر دەڕواو دەڕوا .

کۆکۆلیج ( لە شیشەبەندی پەنجەرەوە دەردەکەوێ ) ڕاوەستە : ئـەوە کێیــە ؟

ڕۆزیتا ( باوەشێنەیەکی گەورە دەداتە بەر دەموچاوی و دەنگی خـــۆی دەگوڕێ ) :

هاوڕێیەکــە !

کۆکۆلیج : ئەرێ ئەمە ماڵی ڕۆزیتا نیە ؟

ڕۆزیتا : با ، وێ خۆی دەشـــوا .

کۆکۆلیج ( وا دەردەخا کە دەڕوا )

باشە ، گەرماوی خـــۆش !

ڕۆزیتا : ( دەمو چاوی دەردەخـــا ) :

دڵت دەهات بـــڕۆی ؟

کۆکۆلیج : نەء . دڵم نەدەهات .

( بــە ناسکی )

کە لای تۆ بم قاچم دەبێ بە مس .

ڕۆزیتا : قسەیەك هەیە ، پێت بڵێم ؟
کۆکۆلیچ : قسەی چی ؟
ڕۆزیتا . ئاه ! ناوێرم !
کۆکۆلیچ : دە بڵێ ، دەی !
ڕۆزیتا ( زۆر لە دڵەوە ) : ئاخر ، من نامەوێ ببم بە یەکی وەکو ئەو حەشەریە بێ شەرمانە •
کۆکۆلیچ : باشە ، ئەمەم پێ شتێکی زۆر چاکە •
ڕۆزیتا : سەیرکە ، بۆی هەیە •••
کۆکۆلیچ : دە بیڵێ •
ڕۆزیتا : با خۆم لە پەنا باوەشێنە بشارمەوە •
کۆکۆلیچ ( بە ناکامی ) :
ئای ! دە بڵێ توخوا !
ڕۆزیتا (دەمو چاوی دادەپۆشێ) :
مێردت پێ دەکەم •
کۆکۆلیچ : چ ؟ چت گوت ؟
ڕۆزیتا : ئەوەی گوێت لێ بوو •
کۆکۆلیچ : ئۆی ! ڕۆزیتا !
ڕۆزیتا : جا ، یەکسەر •••
کۆکۆلیچ : یەکسەر بۆ پاریس دەنووسم ، بۆ منداڵ •••
ڕۆزیتا : گوێت لێ بێ ، بۆ پاریس نا • نامەوێ وەکو فەرەنسیان هەر بە وی ، وی ، وی بئاخڤێ •
کۆکۆلیچ : کەواتە •••
ڕۆزیتا : بۆ مەدرید دەنووسین •
کۆکۆلیچ : بەڵام ، ئایا باوکت پێ دەزانێ ؟
ڕۆزیتا : خۆی ڕێی دام !



Scanned with CamScanner

(باوەشێنەکە دادەگرێ) •
کۆکۆلیچ : ئۆی ، ڕۆزیتاکەم ، وەرە ، وەرە ، نیزیکتر بەوە !
ڕۆزیتا : لە هەنوکەوە هەڵەچوو •
کۆکۆلیچ : دەڵێی بنی پێم دەخورێنن • وەرە پێشتر
ڕۆزیتا : نا ، نا • هەر لێرەوە ماچێکت حەواڵە دەکەم •
(لە دوورەوە ، یەکتر ماچ دەکەن • دەنگی زەنگێکی بچووك دێ)
هەمیشە هەر وا بووە هەر وا دەبێ ،
هەمیشە یەکێ بەسەر دادێ ، تا شەو بە خوات دەسپێرم •
(دەنگی زەنگێکی بچووك دێ ، عارەبانەیەك لە دوورەوە ، لەناو شیشەبەندی پەنجەرە گەورەکە دەردەکەوێ ، ئەسپی بچووکی مقەببا ڕایدەکێشن و پۆپنەی پەڕەمووچیان لەسەرە • عارەبانەکە ڕادەوەستێ)
کریستۆبیتا (لەناو عارەبانەوە) :
هیچ جێی گومان نیە ، ئەمە جوانترین کچی ئەم شارەیە •
ڕۆزیتا (بە ڕێزەوە دەچەمێتەوەو تەنوورەکەی فش دەکاتەوە) :
زۆر سوپاس !
کریستۆبیتا : بێ شکە بۆ من دەبێ • بەژنی نزیکەی سێ پێ دەبێ • ژن دەبێ دەق ئەو بەژن و قەدەبێ ، نە زیاترونە کەمتر • بەڵام چتۆ ئەدگاری هەیە ، چتۆ لەنجەو لاری هەیە • هەمـوو هەسـتو هۆشـی بردووم • بازۆ ، عارەبانچی ، بازۆ •
(عارەبانەکە ووردە ووردە دەردەچێ)
ڕۆزیتـا (بە گاڵتەوە) :
ئۆی ، ئەوە ئاوایە ؟ «بۆ من دەبێ» ، پیاوێکی چەند ناشیرین و تروهاتە ! لەوانەیە یەکێ بێ لەو خوێـڕی و تۆڕیانـەی لـە وولاتەکانی ترەوە هاتوونەتە ئێرە • (ملوانکەیەکی مرواری لە

بە نجەرەوە فڕێ دەدرێتە ژووری) ئۆی ، ئەوە چیە ؟ ئــۆی
خوایە ! ملوانکەیەکی مرواری چەند جوانە !
(لە ملی دەکات و لە قودیلکەیەکی بچووک تەماشای خــۆی
دەکـــات)
بۆی هەیە (جنیفیفی برابانت) یش ملوانکەیەکی وای هەبوو

بێ ئەو کاتەی کە دەچوە سەر بورجی کۆشـــک و قەڵاکـەی و
چاوەڕێی مێردی دەکرد • زۆر جوان لە من دەوەشێتـــەوە •
بەڵام ئاخۆ دەبێ کێ ناردبێتی ؟
باوك (دێتە ژوورەوە) وای ، کچم خەنی بووی ،
زەماوەندت بـــۆ سازدراوە •
ڕۆزیتا : زۆر سوپاسگوزارتم • کۆکۆلیچیش سوپاست دەکا • هەر ئێستا••
باوك : کۆکۆلیچ ؟ کۆکۆلیچی چاو بە راز • مەبەستت چیە ؟ من تـــۆم
داوەتە دون کریستۆبیتای تۆبزبەدەست • ئەوەی تازە بـە
عارەبانە بێرەدا تێپەڕی •
ڕۆزیتا : من ئەو کابرایە ناکەم ، ناکەم ، ناکەم ! ناتوانی بە زۆری زۆرداُرەکی
بە مێردم بدەی • من دەزگیرانی خۆمــم هەیــە ••• ئــەم
ملوانکەیەش فــڕێ دەدەم •
باوك : تازە قسەی لەسەر نەماوە • ئەم کابرایە زۆر دەوڵەمەندە ، بـــۆ
من باشە • بۆیەش ئیشەکەم پێك هێنا چونکە ئەگەر وا نەبوایە
دەبوو لە بەیانیەوە بکەوینە دەرۆزە •
ڕۆزیتا : دەرۆزە بکەین باشترە !
باوك : لێرە ، فەرمان فەرمانی منە ، چونکە من باوکی تۆم • تازە کـــار لە
کار ترازاوەو ئیشەکە بڕاوەتەوە • هیچ قسەی لەسەر نەماوە•
ڕۆزیتا : ئاخر ، ئــەمن •••
باوك : بـــێدەنگ !

ڕۆزیتا : ئەوەندەی مــن •••
باوکێ : دەمت داخــە !
(دەچێتە دەرەوە)
ڕۆزیتا : ئای ، های ! ئاوها دەتوانێ لە کۆڵم بکاتەوە ، بە مێردم بـداو چارەنووسم بگۆڕێ ، دەبێ ملیش ڕابکێشم ، چونکە یاسـا لەگەڵ ئەودایــە •
(دەگــری)
بۆچی یاسا لە ماڵی خۆی داناکاسی .
وای دەنا بهتوانیایە گیانم تەسلیم بە شەیتان بکەم •
(هـــاوار)
شەیتان ، وەرە دەرێ ! شەیتان وەرە دەری :
من قە تاوقەت مێرد بەو کریستۆباله ناکەم !
باوك (دێتە ژوورەوە) : ئەم هەموو هاتو هاوارە چیە ؟
ووس بە ، خەریکی دەرزیکاری خۆت بە • دونیا چی لێهاتوە؟ وای لێهات منداڵ بە گوێی دایكو باوکی نەکا ؟ هەر چیـم گوت دەبێ بە گوێم بکەی ، وەکو من کە وەختی خۆی لە گوێو حەمدی باوکم دەرنەدەچووم • بە قسەی باوکم بوو دایکتم هێنا ، قسەقسە ڕادەکێشێ ، ئەو کاتە دایکت ڕووی وەك مانگ وا بــوو •
ڕۆزیتا : کەواتە ، باشە ، دەنگ ناکەم •
باوك (دەڕوا) : قەت کەسی وات دیوە ؟
ڕۆزتیا : باشە • لە بەینی قەشەو باوکدا ئێمــەکـچ تــەواو شـپرزە بێزەوەر بوویــن •
(دادەنیشێ نەخش دەکا)
هەموو پاش ینوەڕوان ــ سێ ، چوار ــ قەشە پێمان دەلێ : ئێوە



Scanned with CamScanner

دەچنە دۆزەخ ، لە گەرمان دەمرن ، ئێوە لە سەگان خراپترن ! بەڵام من دەڵێم ، سەگ کێی بوێ لەگەڵی ڕێك دەکەوێ و مێردی پێ دەکا ، وای چەندم حەز دەکرد سەگ بوومایە . ئێستا ، ئەگەر بە گوێی باوکم بکەم ـ چوار ، پێنج ـ دەکەومە دۆزەخ و ئەگەر نا ، هەر لەبەر ئەوەی لە قسەی دەرچووم دەکەومە دۆزەخەکەی تری ئەو لا . قەشەش دەبێ دەمی بگرێ و زۆر نەدوێ ؟ چونکە ...

(فرمێسکی دەسڕێتەوە)

ئەگەر مێرد بە کۆکۆلیچ نەکەم ، سووچ سووچی قەشەیە ـ
ئا ، سووچی قەشەیە ... کە هیچ باکی بە شتی وا نیەو چ گوێی پێ نەچوە . ئای ، ئای ، ئای ..!

کریستۆبیتا (لە پەنجەرەوە ، لەگەڵ نۆکەرەکەی) :

نەختێ جوانە ، بە دڵتە ؟

نۆکەر (دەلەرزێ) : بەڵێ ، گەورەم !

کرێستۆبیتا : دەمی نەختێ گەورەیە ، بەڵام وای لە شێکی ناسك و بە تامی هەیە . هێشتا مامڵەتم نەکردوە . دەمەوێ قسەیەك لەگەڵ کچە بکەم بەڵام نامەوێ زۆر هۆگری بم . هۆگری سەرچاوەی هەموو شوورەییەکە .
ناوێری قسە لە قسەم بکەی !

نۆکەر (دەلەرزێ) : ئاخر ، گەورەم !

کریستۆبیتا : تەنیا دوو جۆرە هەڵسوکەوت هەیە لەگەڵ خەڵك : یان هەر نەیانناسی ، یان خۆتیان لێ لا بدەی !

نۆکەر : وای خوای میهرەبان !

کریستۆبیتا : گوێت لێ بێ ، ! بە دڵتە ؟

نۆکەر : بۆ تۆ قەت لەوە باشتر نابێ .

کریستۆبیتا : پارچەیەکی تەڕو ناسکە . بەشی منە .

تەنیا بۆ منەو بەس.(دەڕۆن)

ڕۆزیتا : دەمەویست هەر ئەوەندە بزانم • وەی لە خۆم نائومێدی •هەر ئێستا بەژەهر یان بە جیوە خۆم لەناو دەبەم •

(سەعاتی سەر دیوار تێك دەبێتەوەو سەعاتێك بە کراسێکی زەردو کەفەڵبەندێك دەردەکەوێ)

سەعاتەکە (بە دەنگی خۆی‌و بە زەنگەوە) ،

بونگ ! ڕۆزیتا ، سەبرت هەبێ • تۆ چیت لە دەســت دێ ؟ چوزانی دونیا چۆن چۆنی دەگۆڕێ ؟ کە لێرە هەتاو بــێ لــە شوێنێکی‌تر بارانە • چوزانی ، بەیانی ، چ بایەك غرفرۆکی سەر بانت دەسووڕێنێ ؟ لەبەر ئەوەی من هەر لێرەم ، کە بیر بووی‌و ئەم ساتەت لە بیر چوو ، بە بیرت دێنمەوە • لێگەڕێ با ئاو بڕواو ئەستێرە بدرەوشێتەوە • ڕۆزیتا ، سەبرت هەبێ• بونگ ! سەعات یەکە (سەعاتەکە دادەخرێتەوە)

ڕۆزیتا : سەعات یەك ••• بەڵام تووکم لێ باری ئەگەر مەیلی خواردن بــــکەم •

دەنگێ (لەو دیو شانۆوە) :

ئەو هەنسکەی خۆشەویستم
هەڵــی دەدا •
بەسەر سرودا دەفڕێ •

ڕۆزیتا : بەڵێ ، دەیانبینم دێن • هەنسکەکانی خۆشەویستم دێن •

(سەعاتی دیوار جارێکی‌تریش لێك دەبێتەوەو سەعات دەردەکەوێ • لــە خەودایە • تەنها زەنگ لێ‌دەدا •)

ڕۆزیتا (بە گریانەوە) :

ئەو هەنسکەی خۆشەویستم
هەڵــی دەدا •

— پــەردە —



Scanned with CamScanner

## پەردەی دووەم

(شانۆی بچکۆلە نموونەیەکی (بلازا) ـ گۆرەپانی گشتی ـ ی شارێکی ئەندەلوسیە • ماڵی خانوو ڕۆزیتا کەوتۆتە لای دەستەڕاست • دارخورمایەکی زل و قەنەفەیەك)

(کۆکۆلیچ لە لای دەستەچەپەوە دێ ، هاتوچۆی ڕۆزیتا دەکا • گیتارێکی پێیە ، قابووتێکی بچووکی سەوزی لەبەرە ، پەر اوێزەکانی ڕەشە • بەرگی میللی سەدەی نۆزدەمی لەبەرە • بە شانازیەوە ، شەپقەیەکی (کالانا)یی پڕ نەخشی لەسەر ناوە) • بتث بت ثللج بەب

کۆکۆلیچ : ڕۆزیتا چ دەوسی دیار نیە • لەمانگ دەترسێ • تریفەی مانگ زۆر سەختە بۆ ئەوانەی بە دزیەوە دڵداری دەکەن (فیکەیەك دەکا) • فیکەم وەکو بەردێکی بچووکی مۆسیقایی بە میناى پەنجەرەی دەکەوێ • دوێنێ گرێیەکی ڕەشی لە پرچی دابوو، پێی گوتم : قردیلەی ڕەشی پرچی من وەکو ئاغاتی میوەجات وایە • هەر کاتێ منت بەم جۆرە بینی خەم بخۆ ، چونکە هێندەی پێناچێ ڕەشاتیەکە سەراپای لەشم تا بنی پێم دادەگرێ •» هەڵبەت شتێکی بەسەر هاتوە •

(ڕووناکیەکی کز بە شانشینەکەی دەکەوێ کە ڕیزێك ئینجانەی گوڵی لەسەرە •)

ڕۆزیتا (لەو دیو شانۆوە) :

**وای لەم ڤیتۆیە (۱) ، ڤیتۆ دەمهەژێنێ ،**

**منیش تا دەمرم هەڵیدەپەڕێنم •**

---

(۱) ڤیتو : گۆرانی هەو لبەر کێیەکی میللی ئەندەلوسیە • لۆرکا گۆرانیەکانی کۆکردوتەوەو بڵاوی کردوونەتەوە •

(۱) مەبەست فرفرۆکی زانینی کەش وهەوایە

ڕۆزیتا (لە شانشینەکەوە ، زۆر بە خوگوشینو زۆر شاعیرانە) :
ئا ! بچکۆلەکەم ، ئەمڕۆ نەسیمی (مووریش) هەموو فرفرۆکەکانی (١) ئەندەلوس دەسووڕێنێ • تا سەد سالی تر هەر دەسووڕێنو هەر بەم شێوەیەش دەسووڕێن •
کۆکۆلیچ : دەتەوێ بڵێی چی ؟
ڕۆزیتا : دەمەوێ بڵێم وا چاکە فێر بی تەماشای هەر دوو دیوی کات بکەی. ڕاستەو چەپە • جا فەرمان بە دڵی خۆت بکە واز بێنی •
کۆکۆلیچ : تێت ناگەم •
ڕۆزیتا : بەشی دوومم دەبێ بە موچرکو تاسە !
جا دەمەوێ بۆ ئەمە ئامادەت بکەم •
(وەستانێك ، ڕۆزیتا دەمی بەش دەبێتەوە هەناسە بدا ، هەنسکەیەکی کۆمیدی دەدا •)
ناتوانم مێردت پێبکەم •
کۆکۆلیچ : ڕۆزیتا !
ڕۆزیتا : تۆ بیبیلەی چاوی منی ، بەڵام ناتوانم مێردت پێ بکەم •
(هەنسك دەدا)
کۆکۆلیچ : ئەوە دەتەوێ وەکو ڕەبەنی دیرە تێهەڵتەزێنی ؟ من چ خراپەم بوە ؟ ها ! ها ! ها ! (گریانەکەی لە بەینی گریانی منداڵانەو گریانی کۆمیکی وایە •)
ڕۆزیتا : پاشان هەمووت بۆ ڕون دەبێتەوە ، بەڵام ئێستا خوات لەگەڵ •
کۆکۆلیچ (هاوار دەکاو پێ لە عەرد دەکوتێ) :
ئۆی ! نا ، نا ، نا ، نا •
ڕۆزیتا : خوات لەگەڵ • باوکم گازم دەکا •
(دەرگای شانشین پێوە دەدرێ)
کۆکۆلیچ (لەبەر خۆیەوە) : گوێم زرنگەی دێ ، دەڵێی لەسەر ترۆپکە

کۆکۆلیچ (نزیکتر دەکەوێتەوە) :
بۆ نەهاتیتە دەرەوە ؟
شاخێکم • وەکو بووکە شووشەی کاغەز وام ، لەناو گری دڵی خۆمدا دەسوتێم • ئاخر بۆ من نابێ ، نا ، نا ، نا (پێی لە عەرد دەکوتێ) مەبەستی چیە دەڵێ مێردت پێناکەم ؟ کە ئەو زریرەم لە بازاڕی (میرینا) بۆ کڕی دەستی بە دەمو چاوم داهێنا • کە چاڕوگەی گوڵگوڵم دایە بە جۆرێکــی وا تەماشای دردم کە ••• کە باوەشێنی (دڵکەمرواری) بشم بۆ کڕی ، ئەوەی (بیدرۆ ڕۆمیرو)ی لەســەرە،عەبــای گابــازی کردۆتەوە ، بە قەد داوی ناو باوەشێنەکە ماچی دامێ • بەڵێ، گەورەم ، ئەو هەموو ماچانە !! بریا برووسکەیەك لێی دابامو بیکردبامە دووکەرت ! باشتر بوو •

(بە نزمێکی نایاب دەگرێ)
(لە لای دەستەچەپ ، هەندێ لاو بەرگی ئەندەلوسیان لەبەرە دێنە ژوورەوە • یەکێکیان گیتاری پێیە ، یەکێ تەمبــوور • گورانــی دەڵێــن :
ئەوەی من دەیخوازم ،
لە ڕوباری (کوادالفیر)دا مەلە دەکا
خۆشەویستەکەم ،
دەسەسری ئارەووشی سوور
دەنــەخشێنێ •
کوڕی یەکەم : ئەوە کۆکۆلیچ هاتوە •
کوڕی دوەم : بۆ هاوار دەکەی ؟ هەستە ، گوێ مەدە ئەوەی تەیریك لــە ناو باخچەدا لەسەر درەختێکەوە باز بداتە سەر درەختێکیتر •



Scanned with CamScanner

کۆکۆلیچ : وازم لـێ بێنـه ٠
کوڕی سێیەم : پێمان ناکرێ ٠ وەرە ، (بای) دەشتو دەر خەمت بـۆ
هەموو لا ڕادەپێچـێ ٠
کوڕی یەکەم : وەرە ، وەرە ٠
(لەگەڵ خۆیانی دەبەن ، دەنگو موسیقا ٠ شانۆ چۆل دەبـێ٠
مانگ لەسەر گۆرەپانە بەر هەڵداکە هەڵدێ ٠ دەرگای ماڵی دۆنا
ڕۆزیتا دەبێتەوەو باوکی دەردەکەوێ ، جلی بۆری لەبەرە ،
پرچو دەمو چاوی مێخەکیە ٠ دۆن کریستۆبیتا دێتە ژوورەوە،
بەرگی سەوزە ٠ سکی گەورەیەو پشتی کەمێ کۆمە ٠ خەناوکەی
لە ملە ، بازنی بە زەنگولۆکەی لە دەستە ٠ لە باتی گۆچـان
تۆبزێکی بـە دەستەوەیە ٠)
کریستۆبیتا : بەم جۆرە پێکهاتین ، ڕازی ؟
باوك : بەڵێ ،گەورەم ٠٠٠٠ بەڵام ٠٠٠
کریستۆبیتا : بەڵام من (بەڵام)م نیە ٠ پێك هاتینو برایەوە ٠ من سـەد
لیرەت دەدەمێ بیدەیتەوە قەردانو تۆیش ڕۆزیتای کچی خۆتم
بدەرێ ، دەبێ زۆریشت پێ خۆش بێ ، چونکە ڕۆزیتا ، ئا ،
ڕۆزیتا نەختێ هەڵبیواردوە ٠
باوك : شازدە ساڵانە ٠
کریستۆبیتا : گوتم هەڵیبواردوە ، هەڵیبواردوە !
باوك : بەڵێ ، گەورەم ، وایە ٠
کریستۆبیتا : بەڵام لەگەڵ ئەمەش‌دا کچێکی نازدارە ، جا شەیتانە !
باوك (پڕ بە دڵ) : جەنابت ئیتالی دەزانی ؟
کریستۆبیتا : نەء ٠ بە منداڵی لە فەرەنساو ئیتالیا ژیاوم ، خزمەتـکاری
(مسیۆ بەنتەلوون) بووم ٠٠٠ بەڵام ئەمە ئیشی تۆ نیە !
باوك : نا ٠٠٠ نا ، گەورەم ٠٠٠ هیچ ، گەورەم !

کریستۆبیتا : جا ، تا سبەی دوای نیوەڕۆ ، دەمەوێ بەرەکەت خوێندرا بێو هەموو شتێ تەواو بوو بێ •

باوك (بە ترسەوە) : بەڵام ، دون کریستۆبیتا ، شتی وا ناکرێ •

کریستۆبیتا : کێ بوو گوتی : نا ؟ نازانم بۆ ڕەوانەی سەر ئەو شاخەی نەکەم کە زۆر کەسی‌ترم لێ هەڵدێراوە • ئەم تۆپزە دەبینی ، ئەمە زۆر کەسی پێ‌کوژراوە ـ فەرەنسی ، ئیتالی ، هونگاری ... لیستەی هەموو ناوەکانم لە ماڵەوە هەیە • بە گوێم بکە، نەوەك تۆش بە مەرەدی ئەوانەی‌تر دەچی ! لە مێژە ئەم تۆبزە تینوە دەیەوێ شتێ بکاو خۆی حازر کردوە لە دەستم دەربپەڕێ • ووریای خۆت بە !

باوك : بەڵێ ، گەورەم •

کریستۆبیتا : ئێستا ، پارەکەت وەرگرە ، نازداری کنك بە زۆر لەسەرم وەستاوە • نازداری کنك ! بەڵام تازە هاتو ڕابرد • من پیاوم، قەت لە قسەی خۆم پەشیمان نابمەوە •

باوك (لەلاوە) : وای خوایە !

کچی خۆم دایە چ تەرحە پیاوێ ؟

کریستۆبیتا : ئەوە چیە ؟ وەرە ، بچینە لای قەشە •

باوك (دەلەرزێ) : زۆر باشە !

ڕۆزیتا (لەو دیو شانۆوە) :

وای لەم ڤیتۆیە ، ڤیتۆ دەمهەژێنێ ،

منیش تا دەمرم هەڵی‌دەبەژێنم ،

چونکە ، چرکە بە چرکە ، ئارەزووی قووڵ

زیاتر ئاگرم تێ بەر دەدا •

کریستۆبیتا : ئەوە چبوو ؟

باوك : کچە بچووکەکەمە گۆرانی دەڵێ ... گورانیەکی خۆش !!!

کریستۆبیتا : تواه ! شتێکی وای دەدەمێ دەنگی پێ نێر بێ – زۆر ئاساییترە – بۆ ئەوەی ئەم گۆرانیە بچڕێ .

کە دەڵێ :

بۆق قیرە قیڕ دەکا ،
قیرقیڕ قیپیڕ .

– پەردە –



Scanned with CamScanner

## بەردەی سێیەم

{مەیخانەی دێ • لای پشتەوەی شانۆ بەرمیلە شەرابە • گۆزەی شین بە دیوارەوە کراون • پۆستەری گابازێکی پیرو سێ چرا • شەوە •}

مەیفرۆش بە تای کراسی لە پشت مێز دانیشتوە •، پرچی قژنو کەپووی فشە • ناوی {کوێکبووتس}ە • تاقمە قاچاخچییەکی دێرین لە لای دەستەڕاستن ، بەرگی مەخمەڵیان لەبەرە ، ڕدێنیان هەیە ، قوتە تفەنگیان پێیە • قومار دەکەنو گۆرانی دەچڕن)

قاچاخچی یەکەم :

بەینی (کادز) و (کیبرالتەر)
کۆلانێکی زۆر خۆشە !
دەریا بە هەنسکم دەزانێ ،
بەوێ دا چوومەوە •
ئۆی ، نازدارەکەم ، نازدارەکەم
ئەو هەموو کەشتیەی بەندەر !
بەندەری (مەلەگا) !
بەینی {کادز}و (سیفیلا)
پڕ دارلیمۆیە !
باخی لیمۆش دەبێ بمناسێ ،
هەنسکم نەسیمی هەڵکردوە •
ئۆی ، نازدارەکەم ، نازدارەکەم ،
ئەو هەموو کەشتیەی بەندەری (مەلەگا) !



Scanned with CamScanner

قاچاخچیدووەم : هۆ کابرا ، کوێکبووتس ! ئەم گۆرانیە بچووکەو پیرۆزە
ئینووی کردم ، هەندێ شەرابی (مەلەگا) بێنە !
کوێکبووتس (بە تەوەزەلی) : هەر ئێستا ! ...
(گەنجێك لە دەرگای ناوەڕاستەوە دەردەکەوێ ، عەبایەکی
تەواو شینی لەبەرە شەبقەیەکی بچووکی لووسی لەسەرە .
دوودڵە . دەچێ لەسەر مێزێکی لای دەستە چەپ دادەنیشێ .
هێشتا دەمو چاوی دەرنەکەوتوە) .
کوێکبووتس : جەنابت هیچ دەخۆیتەوە ؟
گەنجەکە : ها ! من ، نەء .
کوێکبووتس : لەمێژە لێرەی ؟
گەنجەکە : ها ، من ، نەء .
کوێکبووتس : دەتگوت ئاخێنکت هەڵدەکێشا . ؟
گەنجەکە : تواهوو ! تواهوو !
قاچاخچی یەکەم : کێیە ؟
کوێکبووتس : نایناسم .
قاچاخچی دووەم : لەو بڕوایە دانی کە ئەمە...
قاچاخچی یەکەم : لەوانەیە وا باشتر بێ بڕۆین .
قاچاخچی دووەم : شەوەکەی زۆر سافو روونە !
قاچاخچی یەکەم : ئەستێرە هەر ئەوەتە خۆیان لەسەر بان ناخشێنن .
قاچاخچی دووەم : لەگەڵ ڕۆژهەڵات دەریامان لێ دەردەکەوێ .
(دەچێتە دەرەوە)
(گەنجەکە بە تەنێ لەسەر شانۆ دەمێنێتەوە . بە ئاستەم سەری
بچووکی دیارە . ڕوناکیەکی شین لەلاوە دێ و شانۆ ڕوناك
دەکاتەوە .)
گەنجەکە : شار سپیتر دەبینم ، زۆر سپیتر . کە لەسەر شاخانەوە سەیرم

کرد ڕوناکیەکە یەکسەر لە چاوم چەقی و تا بنی پێم - بە ناخمدا
چوە خوارێ ڕۆژێ دێ ئێمەی ئەندەلوسی لەشـــی خۆیشمان
سپیکاری دەکەین • بەڵام لەناوەوە ، موچڕکێکم لەلەشدایە ،
ئۆی خوایە ! من نەدەبوایە بێم !

کوێکبووتس : ئەو کابرایە لە چ حالێکدایە ــ لە (تانکرید) خراپتری نێهاتوە ، بەڵام من ••• (دەنگی گیتارو ئاوازی خۆش لە کۆڵانەوە دێ • کوێکبووتس دەڕوا) :

ئەوە چیە ؟

(تاقمێ لاو دێنە ژوورەوە ، کۆکۆلیچ پێشیان کەوتوە)

کۆکۆلیچ (سەرخۆشە) : کوێکبووتس ، تا لە چاومان دێتەوە شەرابمان بدێ ، فرمێسکمان پێجوان دەبێ • فرمێسکی مەرجان ، غرمێسکی یاقووت ••• وای ، کوڕینە ، کوڕینە !

کوڕی/١ : تۆ زۆر گەنجی ، نابێ لێبگەڕێی خەم داتبگرێ •

هەموو : وایـــە •

کۆکۆلیچ : کچەش شتی وا خۆشی پێدەگوتم ! دەیگوت : «لێوەکانت وەکو دوو گەرازن ، تەواو نەگەییون •••»

کوڕی/ ١(قسەی پێدەبڕێ) : ئافرەتێکی زۆر ڕۆمانتیکیەو برایەوە • جا پێویست ناکا هـــەراسان بیت • دۆن کریستۆبیتا قـــەڵەوە ، مەستە ، خەوۆکە ، زۆر لە مێژە •••

هەموو : ئافەرین !

کوڕی/٢ : زۆر لە مێژە •••

(قاقای پێکەینن)

کوێکبووتس : جوامێرینە ، جوامێرینە !

کوڕی/٢ : ئێستاش ، با هەڵیدەین !

کوڕی/١ : من هەر بۆ خواردنەوە دەخۆمەوە ، چونکـــە تەنیا بـــیر لـــە

خواردنەوە دەكەمەوە • كۆكۆلیج ! نیوەشەو دەبینی دەرگـا
كراوەتەوەو هەموو شتێكی‌تریش •

هەموو : ئیـێی !

( گیتار لێ‌دەدەن )

كوڕی/ ٢ : من لە چاوی دۆنا ڕۆزیتا دەخۆمەوە •

گەنجەكە ( هەڵدەستێتەوە ) : بۆ دۆنا ڕۆزیتا !

كوڕی/ ٢ : یاخوا مێردی دوارۆژی وەكو دەبدەبە بتەقێ !
( پێدەكەنن !)

گەنجەكە ( دەچێتە لایانەوە بەڵام هێشتا هەر دەموچاوی شاردۆتەوە ) :
لەحزەیەك جوامێرینە ! من لایدەمو حەز دەكەم بزانم ئەو دۆنا
ڕۆزیتایە كێیە كە ئێوە هێندە بە شادی لە چاوی دەخۆنەوە •

كۆكۆلیج : لایدەیشتو هێندەشت مەراقە ؟

گەنجەكە : ئـا •

كۆكۆلیج : كوێكبووتس ، دەرگاكە داخە ، هەر چەندە مایسیشە دیارە ئەم
جوامێرە زۆری سەرمایە •

كوڕی/ ٢ : بە تایبەتی دەموچاوی •

گەنجەكە : من پرسیارێكی زۆر ئاساییم لێ‌كردن ، ئێوە وەڵامێكتان دامەوە
كە هیچ پێوەندی پێوە نیە • وا بزانم پێویست بە نوكتە ناكا •

كۆكۆلیج : جا تۆ چیت داوە لەوە بزانی داخۆ ئەو كچە كێیە ؟

گەنجەكە : لە ئێوە زیاترم مەبەستە •

كۆكۆلیج : زۆر باشە ، كەواتە با پێت بڵێم ئەو كچە دۆنا ڕۆزیتایە ،ماڵیان
لەو گۆڕەپانەیە ، باشترین گۆرانیبێژی ئەندەلوسەو دەزگیرانی
•• ئا ، دەزگیرانی منە •

كوڕی/٢ ( دێتە پێشەوە ) : جا لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ مێرد بە دۆن كریستۆبیتا
دەكا ، ئەم كورە ••• ئێ ، خۆت دەتوانی بیهێنیتە بەرچاو •••



Scanned with CamScanner

هەموو : ئێ ، ئێ !

(پێدەکەنن)

گەنجەکە (زۆر بە غەمباری) : ببوورن ، بۆیە قسەکەی ئێوەم پێ خۆش بووو خۆم تێهەڵقورتاند چونکە منیش کاتی خۆی گراویەکم هەبوو ناوی دۆنا رۆزیتا بوو ...

کوڕی ٢ : ئێستا دەزگیرانت نیە ؟

گەنجەکە : نەء . دیارە ئەم زەمانەی کچ حەز لە هی چەنەبازو زۆربلێ دەکەن . شەوتان باش . (دەیەوێ بڕوا)

کوڕی ٢ : گەورەم ، پێش ئەوەی بڕۆی ، حەز دەکەم پێکێ لەگەڵمان بخۆیتەوە .

(پێکێکی بۆ رادەگرێ)

گەنجەکە (لە دەرگاوە ، بە شڵەژاوی) :

سوپاس ، من ناخۆمەوە . شەوتان باش ، جوامێرینە !

(کە دەچێتە لاوە)

نازانم چۆن خۆم راگرتوە !؟

کویکبووتس : ئەم کابرایە چ ئەهریمەنێك بوو ؟ ئەوە بە دوو مندا هاتۆتە ئێرە ؟

کوری ٢ : من دەمەویست لێت بپرسم . ئەوە کێ بوو ، وا خۆی تەواو لە عەبا پێچا بوو ؟ ئەوە بۆچی خۆی کوڕی بوو ؟

کوڕی ١ : تۆ مەیفرۆشێکی کڵۆڵو بەستەزمانی !

کۆکۆلیچ : منی سەخڵەت کرد . سەخڵەتی کردم ... ئەم کابرایە .

(هەموو نارەحەتن لە ناوەخو بە دەنگی نزم دەدوێن .)

کوڕی ٢ (لە دەرگاوە) : جوامێرینە ، دۆن کریستۆبیتا وا هێروە هات بۆ مەیخانە !

کۆکۆلیچ : ئێستا وەختێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی بە پێلەقە دەمو چاوی

تێك‌بشكێنم •

كۆێكبووتس : نامەوێ كەس لە مەیخانەی من بەشەڕ بێ • هــەر ئێستا هەستە بۆ خۆت بڕۆ •

كوڕی ١ : كۆكۆلیچ ، مەیكە هەراو فەرتەنە ، مەیكە هەراو فەرتەنە !

(دوو كوڕ كۆكۆلیچ دەبەنە دەرەوە ، ئەوانەی‌تریش خۆیـــان لەپەنا قەرابەی شەراب دەشارنەوە • شانۆ كش‌و مات دەبێ )

كریستۆبیتا (لە دەرگاوە) : هرررررف !

كۆێكبووتس (بە ترسەوە) : ئێوارە باش •

كریستۆبیتا : شەرابت زۆرە ، وا نیە ؟

كۆێكبووتس : با ، هەر جۆرێكت بوێ هەیە •

كریستۆبیتا : هەموویم دەوێ ، هەموو •

كوڕی ١ (لە كوژیەكەو بە دەنگێكی تیژ) :

كریستۆبیتا !

كریستۆبیتا : ئۆه ! ئەوە كێیە ؟

كۆێكبووتس : خوێڕی‌و تۆڕین ، لە دەردوەن ، لەناو باخچەن !

كریستۆبیتا (دەست دەداتە تۆبزەكەی‌و دەڵێ):ئەگەر ڕێوی كلكت بشارەوە ئەم توبزە دەزانێ بە كوێ دەكەوێ •

كۆێكبووتس (شلەژاوە) : شەرابی شیرین هەیە ••• شەرابـــی نسێـــی ، شەرابی ترش ••• شەرابی شەرابانە •••

كریستۆبیتا : هەرزانیشە ، ها ؟ ئێوە هەمووتان (یەك تاقمەدز)ن ، بڵـــێ (یەك تاقمەدز) •

كۆێكبووتس (دەلەزرێ) : (یەك تاقمەدز) •

كریستۆبیتا : بەیانی ، خاتوو ڕۆزیتا دەگوازمەوە و زۆرم شەراب گەرەكە بۆ ئەوەی ••• خۆم هەمووی هەڵقوڕێنم •

كوڕی ١ ( لەبەرمڵیكەوە ) : كریستۆبیتا ، دەخواتەوەو خەو دەیباتەوە !



Scanned with CamScanner

کوڕی ۲ (لەبەرمیلێکی ترەوە) : دەخواتەوەو خەو دەیباتەوە !

کریستۆبیتا : بڕڕڕڕ ، بڕ ، بڕ . ئەوە قەڕابەکانت قسە دەکەن ، یـــان دەتەوێ نوکتەم پـێ بکەی ؟

کۆیکبووتس : کێ ؟ من ؟

کریستۆبیتا : ئەو توبزە بۆن کە ، بۆنی چی لێ دێ ؟

کۆیکبووتس : ئۆی ، بۆنـــی ....

کریستۆبیتا : بیلێ .

کۆیکبووتس : بۆنی مێشکی لێ دێ !

کریستۆبیتا : چ دەڵێـی ؟ (بـــە تووڕەیـــی) لە بـــارەی خواردنـــەوەو خەوبردنەوەش ، دەبینین داخۆ کـێ دەخواتـــەوەو خـــەو دەیباتەوە ، من یـــان تۆ ؟

کۆیکبووتس : بەڵام ، دۆن کریستۆبال ، بەڵام ، دۆن کریستۆبال .

کوری ۲ (لە بەرمیلکیەوە) :

کریستوبیتەڵ
پیرەی وورگ مەنجەڵ !

کوڕی ۱ : وورگ مەنجەڵ !

کریستۆبیتا (بە تۆبزەکەیەوە) :
ئەوە هەجەلت هاتوە ، خوێڕی ، خوێڕی ، زوڵ !

کۆیکبووتس : ئای ، دۆن کریستۆبیتا ، هاوڕێی هەرە ئازیزم !

کوڕی ۲ : وورگ مەنجەڵ !

کریستۆبیتا : گاڵتەم پێ بکە ، باشە ؟ لێك دەپێچینەوە . دە بگرە دەی ، وورگ ، بگرە ، وورگ !

(دەردەچێ . دۆن کریستۆبیتا بە تۆبزان لێی دەدا . کۆیکبووتس وەك جورج زیرو هۆڕیەتی . کوڕەکان لەنـــاو بەرمیلەکـــان دەدەنە قاقای پێکەنین . مۆسیقا . )

— پـــەردە —



Scanned with CamScanner

# پەردەی چوارەم

(هەمان گۆڕەپانی پێشوە بەڵام تریفەی مانگ زۆر بە شەوق نیە • دارخورما زەردەکە بۆ ئاسمانی شینو بێئەستێرە هەڵچوە •)

(دوو کوڕ دێنە ژوورەوە • ئەوەی دەستە چەپ سەرخۆشە ، کۆکۆلیچ دێنێو ئەویش سەر خۆشە •)

کوڕی ١ : ئەم دۆن کریستۆبیتا مبارەکە مزاجێکی زۆر قوڕی هەیە ، ها !

کوڕی ٢ : چ لێدانێکی بەو مەیفرۆشە بەستەزمانە کرد !

کوڕی ١ : پێمبڵێ ، چی لێبکەین ؟

کوڕی ٢ : لێرە جێی پێلە ، خەمت نەبێ ، خوتاوی لە دەمو چاوی بکەوێ وەهۆش خۆی دێنەوە •

(دەردەچن)

(دەنگی شمشاڵ دێ ، بە تالووکە نزیك دەبێنەوە • پێسکە دەردەکەوێ • ڕوناکیەکە گەشتر دەبێ • کە چاوی بە کۆنۆلیچ دەکەوێ نووستوە لیێ نزیك دەبێتەوەو بوقە بچووکەکەی نەبن گوێیەکی لێدەدا • کۆکۆلیچ شەپێکی لێ دەداو پێشکە دەکشێتەوە پاش •)
بتتث بت بت ب بت

پێشکە : هەڵبەت نازانێ چ هەیە ، چ نیە ! منداڵە ! بەڵام مەسەکە ئەوەیە کە دڵی بچکۆلەی خاتوو ڕۆزیتا بۆی دەتوێنەوە •

(پێ دەکەنێ)

گیانی خاتوو ڕۆزیتا وەکو ئەو بەلەمە داکەمروارییە بچووکانە وایە کە لە بازاڕ دەیفرۆشن ، بەلەمی بچکۆلەی (ڤالنسیا) کە قەیچیو ئەنگوستیلەی لەگەڵدایە • ئێستا (بیرەوەری) خۆی لەسەر چارۆگەی کەشتی دەریایی دەنووسێتەوەو هەر



Scanned with CamScanner

دەڕواو دەڕوا •

(دەچێتە دەرەوە • بوقە بچووکەکەی لێدەدا • شانۆ دیسان تاریـك دادێ)

(گەنجە عەبالەبەرەکە دێتە ژوورەوە لەگەڵ کوڕێکی گوندی)

گەنجەکە : شادو بەختەوەرم کە هاتووم، بەڵام هێندە تووڕەم لـە ڕکـان قسەم پێناکرێ • گوتت : کچەکە مێرد دەکا ؟

کوڕە : بەیانی • مێرد بە پیرە دۆن کریستۆبیتایەکی تەمبەڵی دەوڵەمەنـد دەکا • کابرا ئەوەندە تووشە لەگەڵ تری خۆی بەشەر دێ (١)• وا بزانم ئێستا کچە تۆی لەبیر نەماوە •

گەنجەکە : شتی وا نابێ • منی زۆر خۆش دەویست ، ئەمەش تەنیا •••

کوڕە : پێنج سـاڵ پێش ئێستا بـــوو•

گەنجەکە : ڕاست دەکەی !

کوڕە : بۆچ وازت لـێهێنا ؟

گەنجەکە : نازانم • لێرە زۆر وەڕس بووم : برۆ بەنـدەرو لـە بەنـدەر وەرەوە ••• خۆت دەزانی ! وا تێدەگەیشتم کە دونیا جێیەکی وایە هەمیشە زەنگی تێدا دەزرنگێتەوەو دەوری پـڕی خانی سپیەو کچی سپس قۆڵو باسکیان تا ئانیشـك هەڵکردوە ، خزمەت دەکەن • بەڵام شتی وا نیە • هەمووی هەر گێلـیو ناکامیـــە •

کوڕە : جا ئێستا تەگبیر !؟

گەنجەکە : دەمەوێ بیبینم •

کوڕە : شتی وا نابێ • تۆ دۆن کریستۆبیتا ناناسی •

گەنجەکە : بە هەر نرخێك بێ دەمەوێ بیبینم •

---

(١) نووسراوە : ئەوەندە تووشە سێبەری بە هەر شتێ بکەوێ دەیشکێنێ



— و —

(وێریسەم ، لەلای دەستە ڕاستەوە دێتە ژوورەوە ٠)

کوڕە : ئا ، بەمە دەگرێ ٠ ئەمە دەتوانێ یارمەتیمان بدا : ئەمە وێریسەمی پینەدۆزە ٠

(بانـــگی دەکـــا)

وێریســـــەم !

وێریسەم : چیـــە ٠٠٠ چیە ٠٠٠ چیە ؟

کوڕە : تەماشاکە ، ئەگەر بتەوێ دەتوانی یارمەتیەکی باشی ئەم جوامێرە بـــدەی ٠

وێریسەم : یارمەتی ٠٠٠ کێ ؟ ٠٠ هی ٠٠ کێ ؟

گەنجەکە (دەمو چاوی دەردەخا) : تەماشای من کە !

وێریسەم : کوریتـــۆ ؟

کوریتۆ : ئا ، کوریتۆ ی بەندەر ٠

وێریسەم (دەست لە وورگی دەدا)

ها ، تۆڕی ، باش قەڵەو بووی !

کوڕە : سبەی ناچیە ماڵی خاتو ڕۆزیتا قەدەری چەکمەی بووکێنی بـــۆ پـــگری ؟

وێریسەم : با ٠٠٠ با ٠٠٠ با ٠

کوڕە : دەبێ لێبگەڕێی ئەم پیاوە لە باتی تۆ بچێ ٠

وێریسەم : نا ، نابێ ٠ سەرم نایەشێ بۆ پرپاسکەی لێببەستم ٠

کوریتۆ : بەڵام ئەگەر دەتزانی چتۆ پارەی ئەستوورت دەدەمێ !

بکە بۆ خاتری زارۆکەکانت ڕێم بدە بچم !

کوڕە : ئەدی چیت دەوێ ! پارەیەکی باشت دەداتێ ، پارەی زۆرە !

کوریتۆ : وێریسەم ، بە بیرت نایە (وا پێشان دەدا کە دەگری) باوکم تۆی چەند خۆش دەویست ؟

وێریسەم : ووس ! چ بکەم ؟ فەرموو تۆ برۆ ، مـــن لە ماڵـــەوە دەبم ٠



Scanned with CamScanner

راستیشــــه ٠٠٠
(دەسەسرێکی گەورە دەردێنێ)
بە هەق ، باوکت زۆری خۆش دەویستم ، زۆر زۆر !!
کوریتۆ (باوەشی پێدا دەکا) : سوپاس ، زۆر سوپاس ٠
وێریسەم : با دەدەینەوە سەر پرتەقاڵگێڕان ؟ کاتی خۆی زۆر بە جوانی
بانــگی پرتەقاڵت رادەهێشت :
پرتەقاڵ ٠٠٠ پرتەقاڵ ٠٠٠
(دەچنە دەرەوە ٠ تریفەی مانگ شانۆ پڕ دەکا ٠ دەنگی گیتار
دێ)
کۆکۆلیچ (لە خەودا قسە دەکا) : کریستۆبیتا لێت دەدا ، خۆشەویستم ٠
کریستۆبیتا ووړگێکی زل‌و قوندانێکی گەورەی هەیە ٠ شــەو
لەبەر پرخ‌و هۆڕێ لێ‌ناگەڕێ خەوت لێ‌بکەوێ ٠ دەبوایە تێر
ماچت بـــکەم !
وای چەند ناخۆش بوو کە تۆم بە قردیلەی رەشەوە بینی ٠٠٠
«رەشاتیەکە ٠٠٠ تابنی پێم دادەگرێ» ٠
(شانۆ پڕی ئاوازی ڤیتۆ دەبێ ٠ ئارمایی خەونی کۆکۆلیــچ
لەلای دەستەچەپ دەردەکەوێ ٠ دۆنا رۆزیتایە ، بەرگێکــی
شینی تۆخی لەبەرەو چەپکە گوڵێکی لەبەر پرچی ڕا کردوەو
خەنجەرێکی زیوی بە دەستەوەیە ٠)
ئارمایــی رۆزیتا (گۆرانی دەڵــێ) :
بەم ڤیتۆ ، ڤیتۆ ، ڤیتۆیە ،
بەم ڤیتۆیە کە ناوت دێنم ٠٠٠
ئای ، نازدارەکەم ،
سەعات بە سەعات
لێت دوورتر ، دوورتر دەکەومەوە ٠

(دارخورما زەردەکە پڕ دنکە ڕوناکی بچووکی زێڕین دەبێ و
هەموو شتێ ڕەنگی شینی شانۆ دەگرێ ٠)

گوکولیچ : با حەزرەتی مێرەم ! (باز هەڵدەدا ، لەم کاتەدا هەموو شتێ
دەڕەوێتەوەو بزر دەبێ ٠ ) واکام ، گومانی تێدا نیە واکام ٠
کچەکە بوو ٠٠٠ بەرگی تازیمانەی لەبەر بوو ٠ ئێستاش لەبەر
چاومە ٠٠٠ مۆسیقاکەش ٠٠٠

(لە شانشینەوە ، دەنگی ڕۆزیتا دێ ، گۆرانی دەڵێ ، ناتوانێ
بخەوێ) ٠

ڕۆزیتـــا :

**وای لەم ئیتۆیە ، ئیتۆ دەمهەڕوقێ**
**منیش تا دەمرم هەڵیدەبەڕێنم ٠**
**چونکە چرکە بە چرکە ئارەزووی قووڵ**
**زیاتر ئاگرم تێبەردەدا ٠**

کوکولیچ : ئەوە یەکەم جارە بە ڕاستی بگریم ،
سوێندت بۆ دەخۆم ، یەکەمجارە ٠

**ـ پـەردە ـ**



Scanned with CamScanner

## پەردەی پێنجەم

(کۆڵانێکی ئەندەلوسیە ، خانوەکانی سپین ، یەکەم ماڵ ماڵی پینەدۆزە ، دوەم ماڵ ماڵی سەرتاشە کورسیو ئاوێنەی هێناوەتە بەر دەرکەی بۆ کۆڵان ، خوارتر دەرگایەکی گەورەترە لەسەری نووسراوە :

ـ خانی هەموو دڵدارانی دونیا ـ

وێنەی دڵێکی گەورەی لەسەر کراوە ، حەفت خەنجەری تێدا چەقیوە ، بەیانیە .)

(وێریسەم ، لە دوکانی پینەدۆزیی خۆیەتی ، لەسەر کورسی دانیشتوە ، جزمەیەکی سواری دەدووورێ ، (فیگارۆ) لەسەر کورسی خۆی دانیشتوە ، جلێکی سەوزی لەبەرە ، پرچێکی ڕەشی هێشتۆتەوە لە جێنووکی گڵوازەی کردوە ، گوێزان بە پارچە قایشێك دادێنێو تیژی دەکا.)

فیگارۆ : ئەمڕۆ ، چاوەڕێی سەردانێکی گرنگم .

وێریسەم : کێ د...کێ دێ...؟

(دەنگی شمشاڵێك لە پەنا شاتۆوە دێو ووشەکان بزر دەکا.)

فیگارۆ : دۆن کریستۆبیتا دێ ، دۆن کریستۆبیتای تۆبزبەدەست .

وێریسەم : لەو بڕوایە دان ....لەو بڕوایە دانی ....؟

(شمشاڵێکی کورت ڕستەکە دەبچڕێنێ .)

فیگارۆ : با ، با ، بەدی !

(پێدەکەنێ)

کورس : پینەدۆز ـ دۆز ، داوەکەت پێوە کە ،

بە کونی دەرزی وەکە !

فیگارۆ : وای ، خوێڕی گەورە ! وای خوێڕی !
(دەردە پەرێتە دەرەوە)
(کوریێتۆی بەندەر لە لایەکیتر دێتە ژوورەوە ، هەروەکو جاران عەبای لە خۆی پێچاوە • لەناوەندی شانۆ خۆی بە فیـگارۆ دادەدا کە خەریکە بادەداتەوەو دەگەرێتەوە •)
کوریێتۆ : ئەو گوێزانەم لێبدەی ، چاوت دەردێنم •
فیگارۆ : ببوورە ، مسیۆ ، دەتەوێ تەراش بی ؟
سەرتاشخانەم •••
( شمشاڵەکە بەردەوامەو فیگارۆ بە شێوەی پانتۆمی بە بەهرەی خۆی هەڵدەڵێو بە خۆی دەیەسنێ •)
کوریێتۆ : برۆ ، چەهەننەمت لێ پڕ !
فیگارۆ (لاسای بانـــگ ڕاهێشتنـــی کوریتـــۆ دەکاتەوە) : پرتەقاڵ •••
پرتەقاڵ ••• !
( فیکەیەك دەكـــا )
کوریتۆ ( دەگاتە لای پینەدۆز ) :
وێرپیسەم ، سندووقەکەو چەکمەبچووکەکانم بدەرێ •
وێرپیسەم : ئاخر ••• ئاخر ••• ئاخر •••
( دەلەرزێ )
کوریێتۆ (بە تووڕەیی) : گوتم بیاندە من !
ویرپیسەم : دەها ، بکرە ، ها ، بکرە •••
فیگارۆ ( هەڵدەبەزێ )
پاڵی دە ، ڕایکێشە ،
ئەنگوستیلەکەم ڕۆیشت •••
پاڵیدە ، ڕایکێشـــە ،
کردمەوە پەنجەم •

کوریتۆ ( جووتە چەکمەیەکی پەمبە دەلاوێنێتەوە )

**ئای ، چەکمەی بچکۆلانەی**

**دۆنا ڕۆزیتا !**

**لە پێی دابن ،**

**جوانتریش دەنوێنن .**

ڕێریسەم : ئێستا ، وازم لێبێنە ! ئۆی ! دە لە کنم لا کەوە !

( درێشەکەی با دەدا )

کوریتۆ (بەو چەکمانە زۆر شادە) :

وەکو دوو کاسەی بچووکی شەراب ، دوو بالیفی ڕەبەنان ، دوو

**هەنسکەی بچووک وان .**

فیگارۆ : شتێ هەیە ! بۆخش شتێ هەیە ! شار بۆنی دەنگو باسی لێ دێ .

ئای ، دەنگو باس ! بەڵام دەگاتە سەرتاشخانەی منیش .

کوریتۆ ( چەکمەکانی بەدەستەوەیە ، دەڕوا ) :

ڕۆزیتا ، ئیدی بۆ من نابێت ؟

( چەکمەکان ماچ دەکا )

وەکو دوو دڵۆپە فرمێسکی مانگی سەر لە ئێوارەن .

وەکو دوو بورجی بچووکی مەملەکەتی ئەجندانن .

وەکو دوو ...

( دەچێتە دەرەوە )

فیگارۆ : دەبێ وێ بکەوم چ هەیە . دەنگو باس تا یەکەم جار لە سەرتاشخانە نەدرێ بە دنیا وەر نابێ . سەرتاشخانەکان تاس و لووس ئەمە سیحری سەر کانگەی دەنگو باسن . ئەم گوێزانە دەبینن؟ بە سەرتاش لە سەك باشتر بۆن هەموو نهێنییەك دەشكێنێ . ئێمەی سەرتاش لە تارو هێمای ئاڵۆز . جا بۆ دەکەین ، لووتمان هەیە بۆ ووشەی تارو هێمای ئاڵۆز . جا بۆ وا نەبێ ؟ خۆمان پێشەوای ئاوەزینو بە هۆی ئەو ڕێیە بچووکانەی لە دارستانی پرچی داهاتوو پەیدا دەبن دەزانین

داخۆ ئـەو سەرە ج بـــیرو لێکدانەوەیەکی تێدایە • وای ج
هەقابەتێك دەزانم دەربارەی (دزێوی خەوتوان)ی سەر کورسی
سەرتاش !!

کریستۆبیتا (دێتە ژوورەوە) : دەمەوێ هەر ئێستا تەراش ببم • بەڵـێ ،
هەر ئێستا ، چونکـە خەریکم ژن دێنم ! لـە دوو هیچێکیشتان
ناگێڕمەوە ، چونکە هەمووتان بەك تاقمە دزن •

(وێرپسەم دوکانەکەی دادەخاو لە پەنجەرە بچووکەکەوە سەر
هەڵدەکێشێ •)

فیگارۆ : ئەوان !

کریستۆبیتا (تۆبزەکەی قیت دەکاتەوە) : تۆش وای ؟!

فیگارۆ : ئەوان ••• (زۆر بە چوستی) سەعات دەیە •
(سەعاتی خۆی لا دەبا)

گریستۆبیتا : دە بێ یان یازدە • من دەمەوێ هەر ئێستا تەراش بم •

وێرپسەم : لەو تۆڕیو بەرەڵلایە !

گریستۆبیتا (تۆبزێك لــە تەپڵی ســەری وێرپسەم دەدا) شڵب ، شەب ،
شڵب •

(وێرپسەم وەك جورج دەزیڕێنێو سەری خـۆی دەکێشێتەوە
ژووری) •

کریستۆبیتا : با دەست پێبکەین !
(دادەنیشێ)

فیگارۆ : سەرت چەند جوانە ! بە ڕاستی سەرنجکێشە ! سەری تۆ نموونەی
هەموو سەرانـــە •

کریستۆبیتا : دەست پێکە ، بیتاشـــە !

فیگارۆ (گوێزانەکەی تیژ دەکا) ترالا ، لا ، لا !

کریستۆبیتا : سەرم برینندار کـــەی دەتکەمە دوو لـــەت • گوتـم دوو

دەبشیکەمێ!

فیگارۆ : جوانە ، نایابە ، خەنی لە خۆم ! لالا ، لالا !

(دەرگای خان دەبێتەوە ، کچێکی عازەب دەردەکەوێ ، بەرگێکی زەردی لەبەرەو چەپکە گوڵێکی لەبەر پرچی راکردوە . دەرۆزەکەرێکی پیر ئەکوردیۆنی پێیەو لەبەر دەرگای خان دادەنیشێ)

کچە عازەبەکە (گۆرانی دەڵێو چەقەنە لێ‌دەدا) :

**ئۆی ، چاوم بڕیوەتە کوڕێکی**

**بەهرەوەرو کەڵەگەت ،**

**ڕەشەسمەرو کەمەرزراف .**

**کوڕێکی کۆکو جوان .**

**کچی بچکۆڵ**

**ماخۆی گوڵ**

---

**گوڵی جوان ،**

**لەبەر سێبەری سەوزی زەیتوون**

**دادەنیشێ**

**پرچی بەر هەتاوی دادێنێ**

هەموو : **کچی بچکۆڵ**

**ماخۆی گوڵ**

**گوڵی جوان**

**لەبەر سێبەری سەوزی زەیتوون**

**دادەنیشێ**

**پرچی بەرهەتاوی دادێنێ .**

کچەعازەبەکە :

**نازدار ، تەناو باخی زەیتوون ،**

چاوەڕێم کەو بۆ من بــە ،
نانی خۆکردی و
قاپە شەرابێکت بۆ دێنم •
کچی بچکۆڵ
ماخۆی گــوڵ
گوڵی جــوان
لەبەر سێبەری سەوزی زەیتوون
دادەنیشێ
بڕچی بەرهەتاوی دادێنێ •
هەموو : کچی بچکــۆڵ ،
ماخۆی گــوڵ ،
گوڵی جــوان ،
لەبەر سێبەری سەوزی زەیتوون
دادەنیشێ
بڕچی بەرهەتاوی دادێنێ •
ڤیگارۆ ( تەماشای کچەکە دەکــات ) :
ماخۆی گوڵ ، ئەو گوڵە جوانە ! هــا ، هــا ، ها !! وێریسەم ؛
زوو وەرە دەرەوە بۆ ئێرە •
( کچە ڕادەوەستێ‌و زۆر بە سەرسامی تەماشای کریستۆبیتای
خەوتوو دەکات )
کریستۆبیتا ( دەپرخێنێ ) : پخخخخ ، پخخخخ !
وێریسەم ( بە ترسەوە ) : نەء ، نامەوێ بێمە دەرەوە !
( سەری لە پەنجەرە بچووکەکە ڕا دەکات )
ڤیگارۆ : سەیرە ، منیش هەر ئەوەم ڕەچاو دەکرد •
بە ڕاستی زۆر ســەیرە • دۆن کریستۆبیتا ســـەری دارە •



Scanned with CamScanner

دارئەسپینداره ، ها ، ها ، ها !!!

( کچەکە نزیکتر دەکەوێتەوە )

تەماشا ، تەماشا • ئەوەندە بۆیاغە !••• ئەوەندە بۆیاغە!••

ها ، ها ، ها !!!

وێریسەم ( دێتە دەرەوە ) : تۆ بە ئاگای دێنی !

فیگارۆ : دوو گرێی لە نێو چەوان دایە • ڕەنگە ڕیپۆقی لێ دەربدا • ئەمە بوو دەنگو باسەکە ! دەنگو باسە گەورەکە !

کریستۆبیتا : ( دەجوولێتەوە ) : زوو بە ، بڕڕڕڕ ، زوو بە !

فیگارۆ : بەڵێ ، جەناب ! بەڵێ !•••

کچە عازەبەکە :

ئۆی ، چاوم بڕیوەتە کوڕێکی

بەهرەوەرو کەڵەگەت ،

ڕەشەسمەرو کەمەرزراڤ ،

کوڕێکی گۆکو جـوان •

کچی بچکۆڵ ،

ماخۆی گـوڵ ،

گوڵی جـوان

لەبەر سێبەری سەوزی زەیتوون

دادەنیشتێ

پرچی بەرهەتاوی دادێنێ •

( لە دەوری کریستۆبیتای خەوتوون، بەڵام زۆر بە نەرمی بۆ ئەوەی گوێی لێیان نەبێ ، گاڵتەی پێدەکەن )

کچی بچکۆڵ ،

ماخۆی گـوڵ ،

گوڵی جـوان ،



Scanned with CamScanner

لەبەر سێبەری سەوزی زەیتوون
دادەنیشێ ،
پرچی بەرهەتاوی دادێنێ .
( کارەکەرێ پنتکی جوانکیلەی لەسەر دەم و چاوە ، لە پەنجەرەی خانەوە ؛ سەر لە دەرەوە هەڵدەکێشێ . باوەشێنەیەك دەکاتەوەو دابدەخاتەوە . )

— پەردە —

# بەردەی شەشەم

(ماڵی دۆنا ڕۆزیتایە • دوو دۆلابی گەورە بەرامبەر دانیشتوان
هەن • سەر دەرگاکان بە لاشیپن • چرایەکی زەیتی بە سابیتەدا
شۆڕبۆتەوە • دیوارەکان ڕەنگیان شەکەریەکی کاڵە • وێنەی
(سانت ڕۆز)ی (لیما) لەسەر دەرگا ، لە ژێر تاقێکی لیمۆیە)
(دۆنا ڕۆزیتا کراسێکی پەمەیی لەبەرە ــ کراسی بووکێنی پڕ
ڕێشووو تێلمی ئاڵۆزکاو • خەناوکەیەکی کەهرەمانی لە ملە • )

ڕۆزیتا : هەمووی چوو ، هەموو • وەکو (ماریانیتا پینێدا) کەوتە بــەر
داری ئیستیقراری • ماریانیتا خەناوکەیەکی ئاسـنی بــۆ
زەماوەندی مەرگ کردە مل ، منیش خەناوکە لە مل دەکەم •
ئا ، خەناوکەی دۆن کریستۆبیتا •
(بە دەم گۆرانەوە دەگری)
باڵندەی پنتك پنتك
لەسەر دارابەوی سەوز هەڵنیشتبوو •
(دەوەستـێ)
زۆر بە پەرۆشەوە ،
گەڵاو چروکانـی ،
بە کلکو دەنووک ،
دەجوولاندەوە •
کەی ؟ وای ، گەی ؟
خۆشەویستەکەم دەبینم ؟
(دەنگی گۆرانیەك لە دەرەوە دێ)
ڕۆزیتا ، ڕۆزیتا !



Scanned with CamScanner

ئەگەر لێبگەڕێن ،
بۆ تەماشایەکی پەنجەی پێت ،
ڕێگای دوور دوور دەبڕم •
ئەوە دەنگی کێیە ؟
ڕۆزیتا : ئوە ! (سانتا ڕۆزا) کەم ،

کوریتۆ (خۆی لە عەباکەی پێچاوە ، لەناکاو لە دەرگاوە دەردەکەوێ) :
دەتوانم بێمە ژوورەوە ؟

ڕۆزیتا (بە ترسەوە) : تۆ کێی ؟

کوریتۆ : کابرایەکـم •

ڕۆزیتا : جا ، ڕووت هەیە ؟

کوریتۆ : ئەم چاوانە باشم دەناسن •

ڕۆزیتا : ئەو دەنگـە ••••

کوریتۆ (عەبای دەکاتەوە) :
تـەماشام کە !

ڕۆزیتا (بە ترسەوە) : کوریتۆ !

کوریتۆ : ئا ، کوریتۆ ــ ئەوەی سەری هەڵگرتو کەوتە ئەم دونیایـە ، ئێستا وا هاتۆتەوە ، داوات لێ دەکا مێردی پێ بکەی •

ڕۆزیتا : نا ، نا ، وای خوای گەورە ، بڕۆ • من تازە مارەکراوم ، جـگە لە مەش من تۆم خۆش ناوێ ، کاتی خۆی وازت لێهێنـام • ئێستا کریستۆبیتام خۆش دەوێ ، • بڕۆ ، بڕۆ !

کوریتۆ : ناڕۆم ، بە ڕای تۆ بۆ هاتوومەتە ئێرە ؟

ڕۆزیتا : ئۆی ، چەند بەدبەختو ناشادم ! هـەر چەنـدە سەعاتیـکی بچووکو ئاوێنەیەکی زیوم هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆر بەدبەختو ناشادم !

کوریتۆ: لەگەڵـم وەرە ، سەیرت دەکەمو لە هەژمەتان شێتو وێت دەبم •

ڕۆزیتا : هەی تۆڕیو بەرەڵلا ، دەتەوێ ماڵم کاول بکەی !



Scanned with CamScanner

کوریتۆ (دەیەوێ باوەشی پێدا بکا) :
ڕۆزیتا گیـــان !

ڕۆزیتا : خەڵك هات ، لا کەوە تاوانبار ! هەر ئێستا !

باوك (دێتە ژوورەوە) : ئەوە چیـــە ؟

کوریتۆ : هاتووم قەدەری چەکمەی زەماوەندی خاتوو ڕۆزیتـــا بگـرم ، وێریسەم خۆی پێی نەکرا بێ • چەکمەیەکی بەنرخە • شایەنی شازادەی خاوەنی کۆشك و تەلارە •

باوك : دە بە پێی بجەرێنە !

(دۆن ڕۆزیتا لەسەر کورسیەك دادەنیشێ • کوریتۆ لە چۆك دادەدا • باوکی ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە •)

کوریتۆ : ئۆی ، ئەو جخێڵە سووسنیە !!

ڕۆزیتا (بە دەنگێکی نزم) : خوێری !

کوریتۆ : تەندوورەکەت نەختێ بڵند کـــە !

ڕۆزیتـــا : هـــا !

کوریتۆ (چەکمەیەکی لە پێ دەکا) :
با تەماشای کەین ــ نەختێ بڵندتر ؟

ڕۆزیتا : بینەدۆز ، ئەمەندە بەسە •

کوریتۆ : نەختێ بڵندتر •

باوك (لە لای کورسی خۆیەوە) : کچەکەم، چ دەڵێ ،وا بکە ! نەختێ بڵندتر •

ڕۆزیتا ئـــۆی !!

کوریتۆ : نەختێ بڵندتر !
(سەیری قاچی ڕۆزیتا دەکا)
نەختـــێ بڵندتر !

باوك : ئێستا من دەڕۆم ، چەکمەکان جوانن ، •• لەگەڵ دەستی خۆیشم دەرگا دادەخەم • نەختێ ساردە •



Scanned with CamScanner

(که دەیەوێ دەرگای ناوەڕاست دابخا)
بە ڕاستی پێوەدانی زەحمەتە • دەبێ شتێ کێشا بێ •

کوریتـــۆ :

وای ، پەنجەی پێت
چەند جوانو ناسکە ، خانم
ئۆی لەو پەنجە جوانە ،
ئەو پەنجە جوانـــە !

ڕۆزیتا (هەڵدەستێتەوە) :
پیسی بەدکار ، سەگی جوولەکان !

کوریتۆ : کوڵووك ، کوڵووکی بچکۆڵەی نیسان !

ڕۆزیتا (بە هێدی دەزریکێنێ)
ئۆی ، ئوی ئوی !
(لەسەر شانۆ ڕا دەکات)
دۆن کریستۆبیتا هات ، بێرەدا ڕا کە دەرەوە !
(دەبینن دەرگاکە کلیل دراوە)
ئۆی ، باوکم ئەم دەرگایەی کلیل داوە ؟

کوریتۆ (دەلەرزێ) : ڕاستی مەسەلەکە ئەوە یە کە •••

ڕۆزیتا : گوێم لە ترپەی پێیەتی لەسەر پلیکانە ، ئۆی ، سانت ڕۆز بـــگە فریـــــام •
(لەو کاتەدا ، کریتۆ دەیەوێ دەرگا بکاتەوە)
ئاه ! ••• وەرە ئێرە !
(دۆلابی گۆشـــەی دەستەڕاســـت دەکاتـــەوەو لـــە نـــاوی دەیشارێتەوە)

ئاوها ! گوتم جارێ پێ بچم ئەم جارەیە !

کریستۆبیتا (لەو دیو شانۆوە) : بڕڕڕڕ !

ڕۆزیتا (وارنی دەلێ و نیمچە هاوارێك دەكا)
باڵندەی ڕنتك ڕنتك
لەسەر دارلیمۆی سەوز
هەڵنیشتبوو ...
کەی ؟ ئای ، کەی ؟
خۆشەویستەکەم دەبینم ؟
(دەوەستێ)
کریستۆبیتا (لە دەرگاوە) :
بۆن دێ ،
بۆنی بنیادەم دێ ،
ئەو بنیادەمە دەکەمە قاوەڵتی ،
ئەگەر دەستێشم نەکەوێ
تۆ هەڵدەلووشم .
ڕۆزیتا : کریستۆبیتا ، چ نەما بیر لە شتی وا دەکەیتەوە !؟
کریستۆبیتا : نامەوێ لەگەڵ کەس بدوێم ، کەس . پێم کوتــووی !!
(لەلاوە) ئۆی چەند ناسك و نازدارە ، جووتە رانێکی چەنــد
بچکۆلانەی هەیــە .
ڕۆزیتا : کریستۆبیتا ، من ...
کریستۆبیتا : هەر ئێستا دەتگوازمەوە . گوێ بگرە !
تۆ منت نەدیوە کەس بەم تۆپزە بکوژم ، وا نیە ؟؟ باشــە ،
دەبینی . دەڕۆم ، هممممم ... دەڕۆم بۆ سەر جبا ...
ڕۆزیتا : بەلێ ، زۆر باشە .
یاریدەری کاهین (لە پەنجەرەوە) : باوکی مەزن و مبارەك دەیەوێ پێتــان
ڕابگەیەنم ئێستا هەر کاتێ ئامادە بوون دەتوانن بێن .
کریستۆبیتا : وا هاتین . ئێ ، ئێ ، وا هاتین !

(بوتڵێك بەسەر گەرووییەوە دەكاو دەخواتەوەو هەڵدەپەڕێ)

ڕۆزیتا : باشە ، كەواتە .... دەچم تارام دەپۆشم .

كریستۆبیتا : منیش دەڕۆم ، شاپقەیەكی گەورە لەســەر دەنێــمو زرمو بۆلیە بە تۆبزەكەمەوە دەكەم . ئێستا دێمەوە .

(بە سەما دەڕواتە دەرەوە)

كوریتۆ (لە درزی لاشیپی دۆلابەوە تەماشا دەكا)

دەرگا بكەوە !

(ڕۆزیتا دەچێتە لای دۆلابەكە ، دەق لەو عانەدا كۆكۆلیچ لــە پەنجەرەوە باز دەداتە ژوورێ)

ڕۆزیتا : ئاە ! (غار دەداتە كنیو خۆی بە باوەشی دادەدا)

كەس ، لەم دونیایەدا لەتۆ زیاتر كەسم خوش ناوێ .

(كۆكۆلیچ باوەشی پێدا دەكا)

كۆكۆلیچ : نازادارەكەم !

كوریتۆ (لەناو دۆلابەوە) : گومانەكەم لە جێی خۆی بوو ، تۆ ئافرەتێــكی ڕووخاوی .

كۆكۆلیچ : ئەمە یانی چــی ؟

ڕۆزیتا : وا شێت دەبــم !

كۆكۆلیچ : لەناو ئەم كونە جورجە چ دەكەی ؟ پیاو بە وەرە دەرەوە !

(لە دۆلابەكە دەدا)

ڕۆزیتا : بەزەییت بە منداڵ بێتەوە .

كۆكۆلیچ : بەزەییم بە تۆدا بێتەوە ؟ قەحپەی بێ نامووس !

كوریتۆ : دەمەوێ هەردووكتان بخنكێنم !

كۆكۆلیچ : لەوێ وەرە دەرێ . دەرگاكە بشكێنە ، ترسنۆك .

ڕۆزیتا : كریستۆبیتا هات ! بەزەیت هەبێ ، كریستۆبیتا هات !

كوریتۆ : بكەوە !!!

کۆکۆلیچ : لیگەڕێ با بێ • دەبینی چۆن دەزگیرانەکەی لەگەڵ دۆستو خۆشەویستەکەی زەماوەند دەکا !

ڕۆزیتا : دوایە بۆت ڕوون دەکەمەوە ، خۆشەویستم ، جارێ ڕا کە !

کریستۆبیتا (لەو دیو شانۆوە) : ڕۆزیتا ، بچکۆڵ !

ڕۆزیتا : زۆر درەنگە ••• ئەوەتام •

(دۆلابەکەی‌تر دەکاتەوەو کۆکۆلیچی تێدا دەشارێتەوە • ئینجا تارایەکی مێخەکی بەسەر سەری دادەدا)

تـــێ‌دەچم !

(دەیەوێ وا پیشان بدا کە گۆرانی دەڵێ)

کریستۆبیتا (دێتە ژوورەوە) : ئەو هەراو هۆریایە چ بوو ؟

ڕۆزیتا : ئەوە ••• میوان بوون ، لەبەر دەرگا وەستاون •

کریستۆبیتا : من چ میوانم نـــاوێ •

ڕۆزیتا : ئاخر ••• وا هاتوون !

کریستۆبیتا : باشە ، ئەگەر هاتوون ، بەڕێیان کە ، بە ڕێیان کە ! (بەلاوە دەمەوێ وێ بکەوم ئەو هەراو هۆریایە چ بوو • (بە دەنگێکی بەرز) ڕۆزیتا ، وەرە ، ئێ ؟ وای ، چەند ناسکو نازدارە !

(دەرگای ناوەڕاســـت دەبێتـــەوەو میوانەکانـــی زەماوەنـــد دەردەکەون • ئەڵقەی زلیان پێیە بە گوڵی کاغەزی ڕەنگاورەنگ ڕازاوەتەوە • ڕۆزیتاو دۆن کریستۆبیتا بە بنی‌دا دەچن•)

میوانی یەکەم : هەر بژی بووکو زاوا !

هەمـــوو : هەر بژین •

(مۆسیقـــــا •)

کوریتۆو کۆکۆلیچ سەریان لە شیەکان دەرهێناوە)

کوریتۆ : دەتەقم !

کۆکۆلیچ : کەواتە تۆ دڵداری ئەو ئافەریدەی •



Scanned with CamScanner

پاشان تەن بە تەن بۆت دێمە بەرێ !
کوریتۆ : کەودەن ، هەر کەنگی دەڵێی ؟!
کۆکۆلیچ : ئەگەر ئەم دۆلابە ئاسن نەبوایە ...
کوریتۆ : هـــا !!
کۆکۆلیچ : بە یەك قەپاڵ کەپووم لێدەکردیتەوە .
(لە دەرەوە دەنگ دێ : هەر بژی بووك و زاوا ، هەر بژین .)
ئاهەنگەکە خەریکە دەست پێ دەکا ... ڕۆژا هەتا هەتایە پیرم
دەکـــا .
(دەگـــری)
کوریتۆ (بە نواندنەوە) :
گەڕامەوە ئەم شارە تا فێری شت لە بیرکردن بم .
کۆکۆلیچ : وێ قەت جارێکی کە پێم ناڵــێ .
«ڕوومێوەکەم»
منیش پێی ناڵێم : «ڕوولۆزەکەم»
کوریتۆ : سەر هەڵدەگرم و هەتا هەتایە ناگەڕێمەوە : هەتا هەتایە !
کۆکۆلیچ : بوو ، هوو ، هوو !!
کوریتۆ : بێ ئەمەك ! بێ ئەمەك ! بێ ئەمەك !
(لە دەرەوە ، دەنگی زەنگی کڵێساو تۆپترەقەو مۆسیقا دێ .)
کۆکۆلیچ : تازە ناتوانم چیتر بژیم !
کۆکۆلیچ : تازە ناتوانم چیتر بژیم !
کوریتۆ : قەت ناتوانم تەماشای ئافرەتێکی‌تر بکەم .
(هەر دوو لەیستۆك دەگرین)
پیشکە (لەلای دەستەچەپەوە دێتــە ژوورێ) : هــاورێ وورديلەينــە ،
پێویست بە گریان ناکا . دونیا پڕی باریکە ڕێــی سپــــە ،
باریکەڕێی لووسە ، باریکە ڕێی قوڕە ... ئاە ! جا ، کوڕینە ،

بۆچی ئەم مروارییانە دەڕێژن ؟ ئێوە شازادە نین ... مانگ زۆر
کەم نەبۆتەوە ، نەسیمیش نە دێو نە دەچێ ...
(بوقە بچووکەکە لێدەداو دەڕوا)
نە دێو نە دەچێ . نە دێو نە دەچێ ...!
(کۆکۆلیچو کوریتۆ هەنسکی قووڵ هەڵدەکێشنو تێک نــــز
دەبنەوە . کتوپڕ دەرگای ناوەڕاست دەکرێتەوەو کــوڕەوی
زەماوەند دەردەکەوێ . دۆن کریستۆبالو خاتوو ڕۆزیتا لــە
دەرگاوە ماڵاواییان لێدەکەنو دەرگا دادەخەن . لە دوورەوە،
دەنگی زەنگو مۆسیقا دێ)
کریستۆبیتا : ئۆی ، ڕۆزیتا ، دڵەکەم ! ئۆی ، ڕۆزیتا !
ڕۆزیتا : لەوانەیە هەر ئێستا تۆپزێکم لێبداو بمکوژێ !
کریستۆبیتا : نەخۆشی ؟ وام زانی هەنسکت هەڵکێشا .
دیارە لەبەر ئەوە بوە کە زۆرت هەوەس بە من دێ . مــن
کەوتوومەتە ساڵانو نە شت دەکەم . سەیر کە چتۆ قاتم لەبەر
کردوە . چتۆ چەکمەم لە پێ کردوە ! تراالــلاــلا ! ئاە !
شەرابو شیرناتی بێنن ، شەرابێکی زۆر !
(نۆکەرێ دێتە ژوورەوە ، چەند بوتڵێکی پێیە . کریستۆبیتــا
بوتڵێك وەردەگرێو دەست بە خواردنەوە دەکات .)
ئای ، ڕۆزیتای نازدار ! بچکۆڵەکەم ! وورده لۆزەکەم !
ئەرێ بە ڕاستی من جوان نیم ؟ ماچێکم بدێ ، لێرە ، لێرە !
(ماچی دەکا . لەو ساتەدا کۆکۆلیچو کوریتــۆ لــە لاشیپــی
دۆلابەکان تەماشا دەکەنو نەعرەتەی توورەیی دەکێشن .)
ئەوە چیە ؟ دیارە ئەم ماڵەخەڵکی تێدایە !
(تۆبزەکە قیت دەکاتەوە)
ڕۆزیتا : نا ، نا ، کریستۆبال . مێرووی سپێن ، منداڵان ، لە دەرەوە ، لــە

کوڵانـــێ !•••

کریستۆبیتا (تۆبزەکەی دادەنێتەوە) : هەرایەکی زۆریانـە ، هـەتیوان ، هەرایەکـی زۆریانـە !

ڕۆزیتا (قینی خۆی دەشارێتەوە) : کەی ئەو هەقایەتانەم بۆ دەگێڕیتەوە کە هەرێت پـێدام ؟

کریستۆبیتا : ها ، ها ، ها ! ناسکن ، وەکو ئەم روخسارە خاشخاشـیەی تـۆ ناسـکن •

(دەخواتەوە)

چیرۆکی (دۆن تانکرێدۆ) دەچێتە سەر سەکۆ ، دەزانی ؟ هووو! ئەدی چیرۆکی دۆن جوان تێنۆریۆی ئامۆزای دۆن تانکرێدۆ و ئامۆزای منیش • بەڵێ ئامۆزای من ، دەتۆش بڵێ «ئاموزای مـن» •

ڕۆزیتا : ئامۆزای تـۆ •

کریستۆبیتا : ڕۆزا ، ڕۆزا ! دە قسەیەکم لەگەڵ بکە !

ڕۆزیتا : کریستۆبیتا ، تۆم خۆش دەوێ •

کریستۆبیتا : ئـێ ، ئـێ !

(ماچی دەکا • هاوارێکی‌تر لە دۆلابەکانەوە دێ)

دوایی بەم زریکەیە دێنم • دوایی پێدێنـمو دەیبڕێنمـەوە ، بـــڕڕڕڕ •

ڕۆزیتا : ئۆی ، نا ، نا ، تووڕە مەبە !

کریستۆبیتا (بە تۆبزەوە) : ئەوەی لەم ژوورەیە ، با بێتە دەرەوە •

ڕۆزیتا : تەماشا کە ، تووڕەبوونی بێناوی ! باڵندەیەك بوو تازە بە بەر پەنجەرەدا تێپەڕی ••• باڵی •••

ئەم زلە ••• !

کریستوبیتا (لاسای دەکاتەوە) : ئەم زلە ، ئەم زلە ، وا دەزانی من کوێرم؟



Scanned with CamScanner

ڕۆزیتا : تۆ منت خۆش ناوێ !...
(دەگـــری)
کریستۆبیتا (هێور دەبێتەوە)
پێت بڕوا بکەم ، یان پێت بڕوا نەکەم ؟
(تۆبزەکەی دادەنێ)
ڕۆزیتا (زۆر شاعیرانە) :
ئێستا لە سەر بان چ شەوێکی ڕونو ناسکە ! لەم ساتەدایـە کە منداڵ ئەستێرە دەژمێرنو پیرەمێرد لەسەر خانــەی زیــن خەویان لێدەکەوێ . (کریستۆبیتا دادەنیشێ . پێداوێتە سەر مێزو دەست بە خواردنەوە دەکا)
کریستۆبیتا : حەز دەکەم شەراب بمو خۆم هەڵقوڕێنم ! هووو ! وورکیشم کێك بێ ، کێکێکی گەورەی بە کلۆ نسەکرو کرتۆپەی شیرین بێ..
(کۆکۆڵیچو کوریتۆ لە دۆلابەکانەوە تەماشای دەرەوە دەکەنو ئاخینك هەڵدەکێشن)
ئەوە کێیە ئاخینك هەڵدەکێنێ ؟
ڕۆزیتا : من ، من بووم . بیرم لە سەردەمی منداڵی دەکردەوە .
کریستۆبیتا : کە منداڵ بووم ، کێکێکیان داسێ لە ماڵێ گەورەتر بـــوو ، هەمووم بە تەنێ خوارد . هووو ! بە تەنێ !
ڕۆزیتا (ڕومانتیکیانــە) :
چیاکانی (کۆردۆبا) سێبەریان لە باخچە زەیتوونەکان کردوە سێبەرێکی مەند ، سێبەرێکی مردوو ، سێبەرێکی بێجوولە . وای ئێستا لە بن ڕەگو ڕیشەیان بێ ! چیاکانــی (گرانــاد!) بناریان ڕوناکەو فیزی بەفریان لەسەر ناوە . وای ئێستا لەبن کانیەکانیان بێ ! (سێڤیل) چ چیای نیە .
کریستۆبیتا : چ چیای نیە ، چ ...



Scanned with CamScanner

ڕۆزیتا : ڕێی دوور ، پرتەقاڵی ڕەنگین ، وای ئێستا لەناویان بزر بـــی !!
(کریستۆبیتا گوێی لێڕادەگرێ وەکو یەکێ کە گوێ بداتـــە
کەمانژەنێك • بوتڵێکی بە دەستەوەیە ، خەوی لێدەکەوێ)
کوریتۆ (زۆر بـــە نەرمـــی) :
دەرگـــا بکەوە !
کۆکۆلیچ : هی من بکەوە ! من دەمەوێ لێرە بمرم •
ڕۆزیتا : بۆ خاتری خوا ، کـــڕ بە !
(پێشکە دێتە ژوورەوە ، لە دەوری کریستۆبیتا دەکەوێتە بوق
لێـــدان • کریستۆبیتا شەپێکی لـــێ دەدا)
کوریتۆ : سەری خۆم هەڵدەگرمو دەڕۆم ، جارێکیتر نامبیننیتەوە •
ڕۆزیتا : من قەتاوقەت تۆم خۆش نەویستوە • تۆ کەڕاڵی !
کۆکۆلیچ : ئەوە چ دەڵـــێ ؟
ڕۆزیتا : خۆشەویستەکەم ! تەنیا تۆم خۆش دەوێ !
کۆکۆلیچ : ئاە ! ئاخر ، تازە مێردت کردوە •
کریستۆبیتا : بڕڕڕڕ • پێشکەی بێتام ، پێشکەی بێتام !
ڕۆزیتا : سانتارۆزا ، وا بکە خەبەری نەبێتەوە •
(دەچێتە لای دۆلابێكو زۆر بە ئەسپایی دەیکاتەوە •)
(سەراپای ئەم دیمەنە خێرا دەنوێنرێ بەڵام بە دەنگێکی نزم•)
کوریتۆ (لەناو دۆلاب دێتە دەرەوە) : بە خاتری تـــە ، هەتـــا هەتایـــە !
بێئەمەك ! خەمم ئەو خەمەیە قەت لە بیرت ناکەم •
(لەم ساتەدا ، پێشکە بوقەکەی بە تەوقی سەری کریستۆبیتا
دادەداو واگای دێنـــێ)
کریستۆبیتا : وای ! چ ؟ چ ؟ پیاو بەرگەی ئەم شتە ناگرێ ! بڕڕڕڕ
کوریتۆ (خەنجەر هەڵدەکێشێ) : سەبرت هەبێ ، خۆشەویستم ، سەبرت
هەبـــێ •



Scanned with CamScanner

کریستۆبیتا : دەتکوژم ، دەتخەمە بەر دەستارو ئێسکو پروسکت ووردو
خاش دەکەم ! بەسزای خۆت دەگەی ، خاتوو ڕۆزیتا ،
ئافرەتی ڕووخاو ! تۆ بە سەد لیرە لە سەر من ودستاوی !
برررر ! ووردو خاش ، تەپ تاپ ، لە ڕکان دەتەقم ! تەپ تاپ !
ئەوە تو لیرە چ دەکەی ؟

کوریتۆ (دەلەرزێ) :
هەر چی ••• هەر چی حەز بکەم •

کریستۆبیتا : ئاهررر !
هەرچی بتەوێ !
باشە ، کابرا ، باشە ، دە کەواتە بگرە •••
هەرچی • دە بگرە دەی ••••

(کوریتۆ خەنجەرێك لە کریستۆبیتا دەدا ، زۆر بە سەیری بە سبنگی دەکەوێ • لەو ماوەیەدا ڕۆزیتا هەر خەریك بوو دەرگای ناوەڕاست بکاتەوە ، لەو ساتەدا بۆی کرایەوە • کوریتۆ بەو دەرگایەدا تیێ تەقاندو کریستۆبیتا کەوتە دوایەوە ، هەر دەیگوت : «بگرە ، هەر چی ••• دە بگرە دەی •••»

ڕۆزیتا بە توندی دەقیژێنێ یان بە شێوەیەکی هێستریایی پێدەکەنێ • لەو ساتەدا ، شمشاڵی جۆراوجۆری ئۆرکسترایەکی بچووك دێتە یاریان)

کۆکۆلیچ : لێگەڕێ بێمە دەرەوە ، بێتەوە دمیکوژم !
ڕۆزیتا : لێبگەڕێم بێتە دەرەوە ؟ (دەچێ دەرگای لێ بکاتەوە) نا ، لێ ناگەڕێم • وای !
کۆکۆلیچ : ڕۆزیتا ، لێگەڕێ بیخنکێنم •
ڕۆزیتا : لێ بگەڕێم (دەچێ بیکاتەوە) نا ، ناکەمەوە • ئێستا دیتەوە دەمانکوژێ •

کۆکۆلیچ : لەو حالەتەدا هەردووکمان پێکەوە دەمرین •

ڕۆزیتا : لێبگەڕێم ؟ ها ! باشە ، لێدەگەڕێم بێیتە دەرەوە ! (دۆلانەکە دەکاتـەوە)

دڵە بچکۆلانەکەم ! درەختی بچکولانەی باخچەکەم !

کۆکۆلیچ (دەیگرێتە باوەش) :

مێخەکی خانەشووشەم ، چەنکە دارچینیەکەم !

(سروودێکی وەك ئۆپیرایەکی دوو قۆڵی لێدەدرێ)

ڕۆزیتا : بڕۆوە ماڵی خۆت • من ئێرە جێمەو لێرە دەمرم •

کۆکۆلیچ : هیچ نابێ ، گوڵەباخی ناو کۆلان • لەسەر ئەو ئەستێرە بچووکە جۆلانەیەکت بۆ هەڵدەبەستمو شانشینێکی زیوت بۆ دروست دەکەم • لەوێوە تەماشا دەکەین ، دەبینین دونیا چۆن لەنـاو تریفەی مانگەشەودا دەدرەوشێتەوە !

ڕۆزیتا (هەموو شتێ لە بیر دەکا ، زۆر بە شادی) : ئازیزەکەم ! تۆ چەند ڕۆمانتیکی • حەز دەکەم ببم بە گوڵێكو پەلکەکانم بوەرێنمە نـاو دەسـتت •

کۆکۆلیچ : ڕۆژ بە ڕۆژ لەبەر چاوم گوڵتر دەنوێنی ، ڕۆژ بە ڕۆژ تفرێکیتر فرێ دەدەیو بە ڕووتی بەرەو پێش دەچـی •

ڕۆزیتا (سەری بچووکی دەخاتە سەر سینگی دەزگیرانی) : خۆشەویستم، هەزار باڵندە لەناو سینگت باڵەفرێیانە ، کە تەماشات دەکەم وا هەست دەکەم لە دیار کانیەکی بچووك وەستاوم •

(لەو دیو شانۆوە • دەنگی کریستۆبیتا دێ ، ڕۆزیتا نەشئـەو جەزبەی جارانـی نامێنـێ)

ڕاکـــە •

کریستۆبیتا (لەبەر دەرگا دەردەکـەوێ • مەندەهۆشو واق ورمـاوە) : ئاهررررر •

دوو دۆستت هەیە ! خۆت ئامادە کە بۆ سەر هەڵدێرەتەپ تاپ.
برڕڕڕڕ !
(کۆکۆلیچ و ڕۆزیتا ، بە نەوەمێدی ، لە دیار کـ بستۆبیتا یەکتر
ماچ دەکەن .)
پێم قبووڵ ناکرێ ! من ئەوەم کە سێ سەد ئینگلیزم کوشت ،
سێ سەد قوستەنتینیم کوشت !
شتێکت دەدەمێ تا هەموو جارێ یادم بکەیتەوە ! ئاه ! ئۆف !
(تۆبزەکەی لە دەست دەکەوێ . دەنگی فرەیەکـــی گـــەورەی
سپرینگان دێ)
وای وورگی بچووکم ! وای وورحی بچووکم !
سووچی تۆ بوو تەقیم ، مردم . وای مردم ، وای ' بنـــێرە
قەشـــە بـــێ . وای !
ڕۆزیتا (بە توندی دەزریکێنێ و لەسەر شانۆ ڕادەکات و دامێنی درێژی بە
دوای خۆیدا ڕادەکێشێ) بابا !! بابا !! .
گریستۆبیتا : ئاهڕڕڕڕ ، گرم ، من تەواو بووم .
(پاشەو پاش دەلا دێ ، دەستی بەرز دەکاتەوە ، بەر دەبێتەوە
بپشەوەی شانو)
ڕۆزیتا : مرد ، وای خوایە ! شتێکی بە جێ بوو !
کۆکۆلیچ (بە ترسەوە ، دەچێتە لای) : دەڵێی هیچ خوێنی تێدا نیە .
ڕۆزیتا: بـــێ خوێنە ؟
کۆکۆلیچ : تەماشا ، تەماشا : چی لە دوگمەی وورگ دێتـــە دەرەوە ، ئاردە
دارە !
ڕۆزیتا : دەترســـم !
کۆکۆلیچ : قسەیەکت پێ بڵێم ؟
ڕۆزیتا : چیـــە ؟

راستەقینە نەبوو !

کۆکۆلیج ( بە مکووڕی ) : کریستۆبیتا پیاوێکی ڕاستەقینە نەبوو !

ڕۆزیتا : چی ؟ وای ، هەر پێم مەڵێ ! ئەوە چۆنی خۆ شاردبووەوە ! پیاوێکی ڕاستەقینە نەبوو ؟

باوك ( دێتە ژوورەوە ) :

چیە ؟ چیە ؟

( هەندێ لەپیستۆك دێتە ژوورەوە )

کۆکۆلیج : بڕوانـــە !

باوك : تەقـــی ؟

( دەرگای ناوەڕاست دەکرێتەوەو لەپیستوکەکانیتر دەردەکەون ، چراوگیان بە دەستەوەیە . عەبای سووریان لەبەرە ، شەبقەی ڕەشی بچووکیان لەسەرە . پێشکە لە پێشەوە دەڕوا ئاڵایەکی سپی هەڵکرتووەو بوق لێدەدا . تابووتێکی گەورەیان پێیە لـــە باتی ئەستێرە ، وێنەی توورو بیبەری لەسەرە . قەشە بــــە سروود خوێندن دێن . بە شمشاڵ ، مارشی جەنازە لێ دەدەن )

قەشە : یـــاد !

کابرایەك مردوە .

هەموو : مردوەو ڕۆیشتوە ، مردوەو ڕۆیشتوە . کریستۆبال .

قەشەیەك : سروود بڵێین یا نەڵێین .

ئێمە پێنج (بێزیتا)[1]ی خۆمان وەردەگرین .

(کە کریستۆبیتا هەڵدەگرن، کەلەشی وەك دووزەلە بە شێوەیەکی زۆر خۆش دەنگ دەداتەوە . هەموو دەکشێنەوە ، دۆنا ڕۆزیتا دەگری . دێتەوە سەری ، دەنگی ئەوەندەی جاری پێشوو بەرز

---

(۱) بێزیتا : پارەیەکی ئەسپانیە .



Scanned with CamScanner

نیە ، ئەنجام هەنسکی وەکو دەنگی شمشاڵی لێ دێ • فرێـی
دەدەنە ناو تابووت • کوڕەوەکە بە گوێرەی ئاوازی مۆسیقا :
لەسەر شانۆ دەکەوێتە ڕەوت )

کۆکۆلیچ : ئێستا ، وا هەست دەکەم کە سینگم پڕی زەنگوڵی بە ناوژۆکەیە
، پڕی وورده دڵە ، خۆیشم وەکو گوڵزارو گوڵستان وام •
ڕۆزیتا : زۆندك و وورده ماچەکانم بۆ تۆ دەبن ، تۆ مێخەکی منی !
پێشکە (پێشڕەوی خەڵکەکە دەکـا ) :
ئەم جۆرکە نانە گەورەیـە
دەنێڕیـن •
کریستۆبیتای سەرخـۆش
جارێکی‌تر نایەتەوە •
ڕنـگ ،
ڕنـگ ڕنـگ
ڕنـگ ڕنـگ
ڕنـگ ڕنـگ
ڕنـگ ڕنـگ
(کۆکۆلیچ و ڕۆزیتا دەمێننەوە • باوەش بە یەکدا دەکەن • سمفۆنیا • )
ــ پەردە ــ



Scanned with CamScanner

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ١١٥٧ لسنة ١٩٨٤م

مطبعة سلمى الفنية الحديثة

Scanned with CamScanner

## له بارەی لۆرکاو ئەم شانۆگەریانەوە

ئەدەب جەکێکی تێکۆشانــی کۆمەڵایەتیەو ئەوانەی ئــەو جەکەیـان بەکار هێناوە دەورو ناویان لە ئەدەبی جیها نیدا زۆر ئاشکرایە • لۆرکای شۆڕشگێرو تێکۆ شەری ڕێگای بیروباوەری پێشکەو تنخواز یەکێکە لـەو شاعیرو نووسەرانەی ئەدەبیان بە خوێن نووسیوەتەوە ، هەروەکو لــە شانۆگەری (زەماوەندی خوێن) دا دەردەکەوێ •

لەم کتێبەدا سێ شانۆگەری ناوازەی لۆرکاتان پێشکەش دەکەیــن کە گیانی شۆڕشگێڕانەی لۆرکایان تێدا دەدرەو شێتەوە : (یەرما ، ماڵـی بەرناردا ئەلبا ، مرۆڤـی بـۆش)

شانۆگەری (یەرما) مەسەلەی بە ردەوام بوونی ژیان پێشان دەدا • کێشەی نێوان ئارەزووی منداڵ بوونی یەرماو پاراستنی ڕەوشتی پێشینان نـــا •

شانۆگەری (ماڵی بەرناردا ئەلبا) ئازاری ئافرەتە گوندیەکان پێشان دەدا کە دەبن بە نێچیری ڕەوشتی نالەباری کۆمەڵایەتیو لە دۆزەخی بێ مرادیدا دەتلێنەوە •

شانۆگەری (مرۆڤی بۆش) یش دەردو ئازاری ئــەو ئافرەتە دەخاتــە بەرچاو کە لەکێشەی نێوان خۆشەویستی ڕاستەقینەو گرانی دڵ ، کەقەت ناگرێ ، بە سەر کۆسپەکانی بە ردەمیدا زاڵ دەبێ و باوەش بە لاوکـی عەگیدی بەر دڵی خۆیدا دەکــا ••••

لۆرکا لەم شانۆگەریانەو لە شانۆگەریە کانی تریدا تراژیدیای مرۆڤی سەردەم و ئازارە قووڵە کانی پێشـــان دەدا •

تصميم الغلاف : علي الكلباسي

— نرخی دینارێکـــــە —

مطبعة الفنية الحديثة